ئەم ڕێچکانە بناسە...

علمانیەت

تەبشیر

بەهائیەت

نووسینی: دانا عثمان حسن

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئەم ڕێچکانە بناسە ....

● علمانیەت

● تەبشـــیر

● بوذیـەت

نووسینی

دانا عثمان حسن

چاپی یەکەم

١٤٢٠ك - ١٩٩٩ز

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ئەم ڕێچکانە بناسە...

◉علمانیەت ◉تەبشیر ◉بوذیەت

نووسینی : دانا عثمان حسن

ژمارەی سپاردن : (٥٧) ساڵی ١٩٩٩زایینی

تیراژ : (٥٠٠) دانە

چاپ :چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٩زایینی

ئەم ڕێچكانە بناسە   علمانیەت

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله رب العالمین والصلاة والسلام علی رسولنا وقائدنا محمد وعلی اله الطیبین الطاهرین الی یوم الدین وبعد.

گەر بەخێرای و ووریای سەیرێكی دنیای ئەمڕۆ خەڵكی ئەم سەر زەویە بكەین ئەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەكەوێت كەخەڵكی زۆر دوورن لەیاسا بڕیار لەسەر دراو نەگۆڕەكانی خوای گەورەو ئیسلام ،؟ تەنها بەشێكی كەم نەبێت لەدانشتوانی سەر زەوی كەبەڕاستی دین داری دەكەن و بەتەنها پەروەردگاری خۆیان دەپەرستن و دروشمی یەك خواناسی و یەكتاپەرستی بەرزدەكەنەوە، لەهەمان كاتیشدا ئەم كۆمەڵە ئیماندارە یەكتاپەرستە لەلایەن دوژمنانی خواو سەرجەم ڕێچكەو بێباوەڕە مادیەكانەوە توشی سزاو نارەحەتی دەكرێن و ئازار دەدرێن بێئەوەی تاوانیان هەبێت ، تەنها تاوانیشیان بریتیە لەوەی كەدەڵێن (الله) خوامانەو (ئیسلام) دین و بەرنامەی ژیانمانەو (محمد)و هاوەڵانی قدوەو پێشەنگ و پێشەوامانەو تەنها ڕازین بەفەرمانی خواو پێغەمبەرو سەرجەم دین و ڕێچكە دنیاییەكانی‌تر بەهەڵە دەزانێت ﴿وما نقموا منهم الا أن یؤمنوا بالله العزیز الحمید﴾ هۆكاری سەرەكی بۆ دوركەوتنەوەی خەڵكی لەئیسلام و سەرجەم بەها ڕەوشتیەكان لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ دروست بونی چەند بەرنامەو یاساو ڕێچكەی دور لەدین و دژبەئیسلام ، كەهەر یەكەیان بانگەشە بۆ ڕاستێتی خۆی دەكات و لەهەمان كاتیشدا ئیسلام لەبەردەم خەڵكیدا دەكەنە كۆنەپەرستی و دواكەوتن و....))

هەر بۆیە لەم كاتەدا بەپێویستم زانی لەم نامیلكەیەدا كەلەبەردەستی خوێنەرانی بەڕێزدا دەخوێنرێتەوە چەند ڕێچكەو بیروباوەڕێكی نادروست باس بكەم كەخەڵكێكی زۆریان هەڵخەڵەتاندوەو لەئیسلامیان دورخستونەتەوە ، كەبریتین لەهەر سێ ڕێچكەی (علمانی ، تەبشیر ؛ بوزی). بەكۆمەكی پەروەردگار هەریەك لەم ڕێچكە بێدینانە لەسەرەباسێكی چڕوپڕو سەربەخۆدا باسیان لێوە دەكرێت و حەقیقەتیان دەخرێتە بەردیدەی خوێنەرانی تالە ڕوانگەی ئیسلامەوەو لە نزیكەوە هەریەكەیان بناسین و بەپێوەرە خواییەكان لەتەرازووی ژیری و ڕەوشت و ئیمان و فطرەتدا هەڵیان بسەنگێنێت.

((اللهم اجعل عملی كله صالحاً واجعله كله خالصا لوجهك الكریم))

﴿ان الدین عندالله الاسلام﴾

سلێمانی / محرم / ١٤١٩ك - ١٤ / ٥ / ١٩٩٨ز

بەندی یەکەم

علمانیەت
Secularism

پێناسەی علمانیـــەت : ((دائیرەی مەعافی بەریتانی لەپێناسـەی وشـەی علمانیەتدا (سیکۆلارزم Secularism) دەڵێ: (هی حرکة اجتماعیة تهدف الی صرف الناس عن الاهتمام بالاخرة الی الاهتمام بالحیاة الدنیا وحدها....)[1]

واتـە: بریتیـە لـەو جوولـە کۆمەڵایەتی‌یـەی کەمەبەسـتی سـەرەکی بریتیـە لەدورخستنەوەو پچڕاندنی خەڵکی لەبایەخ دانیان بەرۆژی دوایـی‌و مەشغوڵ کردنیان تەنها بەژیانی دنیا))

یان((اللادنیة أو الدنیویة، وهی دعوة الی اقامة الحیاة علی غیر الدین))[2]

واتە: مەبەست لەعلمانیەت بریتی‌یە لەبێ‌دینی‌و دنیا پەرستی، هەروەها علمانیەت بریتیە لەو بانگەوازەی کەهەوڵ دەدات بۆ دامەزراندن‌و پێکهێنانی ژیانی ئینسانەکان لەسەر بناغەی بێ‌دینی.

یان ((وهی دعوة الی الدین بعیداً عن مناهج الحیاة ونظمیها، وفصل الدین عن السیاسة والحکم))[3]

واتە/ بریتیە لەو بانگەوازەی کەهەوڵ دەدات بۆ مەبەستی دورخستنەوەی دین لەبەرنامەی ژیانی مرۆڤ‌و دورخستنەوەو جیاکردنەوەی دین لەسیاسەتی وڵات‌و حوکم ڕانی))

پرسیار: ئایا وشەی علمانیەت لەچیەوە هاتووە؟!

وەڵام : بێ‌گومان وشەی علمانیـەت وشـەیەکی تەرجەمەکراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی‌و لەووشەی ((Secularism)ی ئەوروپی وەرگیراوە)[4]

---

(١) مذاهب فکریة معاصرة (محمد قطب) ص (٤٤٥)، الاسلام والعلمانیة وجهاً لوجهه

(٢) الموسوعة المیسرة فی الادیان والمذاهب المعاصرة (ص ٣٦٧)

(٣) الجداول الجامعة في العلوم النافعة (فصل الفرق والملل) الشیخ جاسم بن محمد ص ٣٦٢.

(٤) مذاهب فکریة معاصرة (محمد قطب) (ص : ٤٤٥).

هەندێك كەسی ناحاڵی وا لە ووشەی (علمانیەت) تێگەیەنراوە كە(علمانیەت) واتە(زانست و علم و بەرەو پێش چوونی زانیاری) بەڵام لەڕاستیدا وانیە بەڵكو ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ مەبەستی گومڕاكردن و چاوبەست كردنی خەڵكی بڵاوكرایەوە تاخەڵكی لەحەقیقەتی ئەم ڕێچكە بێدینە تێنەگەن و بەئاسانی شوێنی بكەون و بیكەنە بەرنامەی ژیانی خۆیان، كەواتە بەشێوەیەكی گشتی علمانیەت بریتیە لەو ڕێچكە بێدینەی كەكاردەكات بۆمەبەستی دورخستنەوەو جیاكردنەوەی دین بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی لەژیانی ئینسان و سیاسەت و دەوڵەت داری و هەڵبژاردنی ژیانی دنیا لەسەر بناغەی بێدینی و عەشوایی، هەروەها وەك وتمان علمانیەت هیچ پەیوەندی بە(علم)ەوە نیەو تەنها هۆكاریش بۆ تێكەیاندنی خەڵكی لەم زاراوەیە بەووشەی (علم) گومڕاكردن و چاوبەست كردنیانە.

سەرەتای سەرهەڵدانی علمانیەت لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا

بێگومان سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆكەی علمانیەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی (١٧٨٩)ی زاینی كەشۆڕشی فەرەنسای تێداڕوویدا و یەكەم شوێنیش كەئەم بیرۆكەیەی تێدابڵاوبویەوە (ئەورووپابوو)[1] پاشان بەووڵاتانی تری جیهاندا بڵاویەوە.

هۆكاری سەرهەڵدانی علمانیەت لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا

هۆكاری سەرهەڵدانی علمانیەت لەووڵاتانی ئەورووپادا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێكی (دینی و دەروونی و مێژوویی و واقعی كەپەیوەست بوو بەووڵاتانی ڕۆژئاوای ئەو سەردەمەوە، كەگەورەترین هۆكاریان بریتی‌بوو لەهۆكارە دینیەكە ئەویش بەهۆی خراپ ڕەفتاركردنی پیاوانی كەنیسە كەخۆیان بەشوێن كەوتەی عیسا پێغەمبەر دەزانی (علیه السلام) لەگەڵ خەڵكی ئەورووپادا كەغەدرو كاری فێڵ بازیان لەگەڵ خەڵكی ئەوكاتەدا ئەنجام دەداو هەر جوڵەیەكی زانستی لەسەردەمی قەشەكانی ئەورووپادا سەری هەڵبدایا ئەوە دەست بەجێ سەركوتیان دەكردەوەو دژی دەوەستان، هەربۆیە پیاوانی بەناو دین و چاكە خوازی كەنیسەبوونە ستەم كارو چەوسێنەرەوەی هەژاران و پاڵپشت بۆ دەستەڵات دارو سەرمایەدارەكانی ئەو سەردەمە، هەروەها كارگەیشتە ئەوەی كەپیاوانی كەنیسە

(١) الموسوعة الميسرة في الاديان والمذاهب المعاصرة (ص ٣٦٨).

بەهەشت و دۆزەخیان بەخەڵك دەفرۆشت و سەدان و هەزاران بیروباوەڕی نادروست و خەرافی و دوور لەژیرو زانستی لەسەردەمی قەشەو پیاوانی کەنیسەدا بەناوی دینەوە بڵاوبویەوە.

لەم کاتەدا خەڵکی ئەوروپا بەگشتی و وڵاتی فەرەنسا بەتایبەتی هەڵسا بەبەرپاکردنی شۆڕشێك لەساڵی (١٧٨٩) کەبە (شۆڕشی فەرەنسی بەناوبانگەو یەکەم وڵات بوو لەئەوروپادا کەبانگەشەی بێدینی و سەربەخۆیی خۆی کردو دەستورو یاسای نوێی بۆ وڵات دامەزراندن و بەناوی گەلەوە فەرمان ڕەوای خەڵکی فەرەنسای کرد، ئەمیش ڕێخۆش کەرێکی گەورەبوو بۆ هاتنە مەیدانی سەرجەم ڕێچکە بێدین و ئیلحادیەکانی وەك (مارکسیەت لەئەڵمان و ڕوس و بڵاوبونەوەی بیردۆزی داروین و فرۆید) لەووڵاتەکانی تری ئەوروپادا، کەسەرەکیترین هۆکار بۆ ناشرینبوونی دین و ئەمانی متمانە بەسەرجەم دینە ئاسمانیەکان بریتی‌بوو لەو کارە دزێوو نامرۆڤانەی کەپیاوانی کەنیسە بەناوی دینەوە ئەنجامیان دەدا لەئەوروپادا.

بەڵێ علمانیەت بیانوی واقعی هەبوو بۆ مەبەستی دەرکەوتنی لەووڵاتانی ئەوروپا لەبەرئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- مەسیحیەت ڕازی‌بوو بەجیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت چونکە هەندێ لەیاسا بڕیار لەسەردراوەکانی ئینجیلی دەست کاری کراو باس لەم خاڵە دەکات و بەشێوەیەکی ئاشکرا دەڵێ ((اعط ما لقیصر لقیصر، وما لله لله)).

ما لقیصر لقیصر :واتە : بەخشینی دەسەڵات و فەرمان ڕەوای و سیاسەت بەدەستەڵات دارانی وڵات(جا هەرکەسێکە) هەروەها مل کەچ کردن بۆی لەهەموو سەردەم و کاتێکدا.

ما لله لله :واتە : بەخشینی دەستەڵات و مل کەچ کردن بەقەشەی کەنیسەو ڕازی بوون بەهەموو بڕیارەکانیان.

بەڕاستی ئەم دەقەی کەلەئینجیلدا هاتووە گەورەترین بەڵگەو هاندەرە بۆ جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت لەئەوروپادا چونکە دینی مەسیحیەت خۆی بانگەشەی بۆ ئەم جیابونەوەیە دەکردوو هاندەری سەرەکی‌بوو بۆ دورکەوتنەوەی دین لەدەوڵەت و سیاسەت و فەرمان ڕەوای و بەخشینی بەعلمانیەکان.

بەڵام بەپێچەوانەوە ئیسلام لەسەرجەم دەقە شەرعی و بڕیارەکانیدا زۆر بەتوندی دژی ئەم بڕیارەیە کەدین لەدەوڵەت جیابکرێتەوەو خەڵکی مل کەچی هەموو فەرمان

ڕەوایەك ببێت و تەنها لەقاڵبی تاکە کەسیدا بمێنێتەوە، قورئان دەفەرموێت: ﴿ان الحكم الا لله﴾ واتە : کاری بەڕێوەبردن و فەرمان ڕەوای تەنها بۆ پەروەردگارە، بەم شێوەیە:

(أ) بەڕێوەبردنی زەوی و دابین کردنی ڕسق و ئاوو هەواو پێداویستیەکان بۆ مرۆڤ و هەروەها بەڕێوەبردنی بونەوەرو جیاوازی ئاوهەواو وەرزەکانی ساڵ و شەوڕۆژو سەرجەم دیاردەکانی تری بونەوەر تەنها دەستەڵاتی پەروەردگارەو کەس تێیدا بەشدارنیە.

(ب) بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکیش لەڕوی بەرنامە دانانەوە تەنها کاری پەروەردگارەو نابێت کەس بەشداربێت.

هەروەها دەفەرمێت: ﴿ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون﴾.

واتە : هەرکەسێ لەکاتی دەستەڵات دارێتیدا کاری بەوە نەکرد کەخوای گەورە دای بەزاندوە کە . قورئانە . ئەوە بێباوەڕە!!

یان پێغەمبەر دەفەرموێت ((لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق))[1]

واتە : بەندە نابێت گوێڕایەڵی بۆ بەندەیەکی تر بکات لەکاتێکدا کەفەرمانی کارێکی پێدەکات کەسەرپێچی خوای گەورەی تێدابێت.

هەروەها ئێمەی موسڵمان خاوەنی عەقیدەیەکین کەبوارمان نادات و ڕازی نیە بەوەی کەگوێڕایەڵی تەنها فەرمانێك بکەین کەدژی یاساکانی ئیسلام بێت ، وە هەرکەسێکیش ڕازیبوو بەحوکمی غەیری خوا ئەوە لەپێوەری ئیسلامیدا بە(بێباوەڕو ستەم کارو فاسق) لەقەڵەم دەدرێت.

٢ – مەسیحیەت خاوەنی ئەو بەرنامە فراوانە نیە کەهەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسانی گرتبێتەوە، بێگومان گەر کەمێك شارەزاییمان هەبێت دەربارەی دینی دەست کاری کراوی مەسیحیەت ئەوە لەو ڕاستیە تێدەگەین کەیەکێکی تر لەو هۆکارانەی کەیارمەتی دەرێکی گەورەی هاتنە مەیدانی علمانیەت بوو لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا بریتی بوو لەوەی کەمەسیحیەت لەو سەردەمەدا تەنها لەچوارچێوەی کەنیسەدا کاری دەکردوو سەرجەم لایەنەکانی تری ژیانی ئەوروپی بەردابوو هەر لەکێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و دەرەکی و ناوەکیەکان.

---

(١) متفق عليه.

لەڕاستیدا مەسیحیەت لەو سەردەمەدا تەنها خۆی لەبواری ڕۆحانیەت و ژیانی گۆشەگیریدا دەبینی و بەرنامەیەکی وابەرفراوانی پێنەبوو بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و توانای وەڵام دانەوەی سەرجەم پرسیارەکانی خەڵکی نەبوون ، لەم کاتەدا بۆشای و کەلەبەرێکی زۆر گەورە کەوتە ژیانی خەڵکی ڕۆژئاواوەو بۆماوەیەك بەم نەخۆشیەوە مانەوە ، بەڵام لەپاش ماوەیەك علمانیەت وەك بەدیلێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەپیاوانی کەنیسە بۆ خەڵکیان دروست کردبوو هاتنە مەیدانی عەمەلی و سەرساحەی ژیانی خەڵکی، هەر بۆیە خەڵکی بەوشێوەیە بارەشی بۆکردنەوەو ئامادەبوون لەپێناو پاراستنی ئەو قەوارە علمانیەدا خۆیان بەخت بکەن و قوربانی بدەن بەمەرجێ پیاوانی کەنیسەو قەشە مەسیحیەکان فەرمان ڕەوایان نەبن!!

بەڵام ئیسلام لەم خاڵەشدا دوورە لەوەی کەبەرنامەیەکی بەرفراوان و شاملی پێنەبێت بۆ خەڵکی، بەڕاستی کاتێ ئەم حەقیقەتەمان بۆ دەردەکەوێت کەلەسەرجەم یاسا قورئانی و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) تێبگەین.

قورئان وەك بەرنامەیەکی بەرفراوان و کامڵ دەفەرموێت:

﴿ولقد صرفنا في هذا القران للناس من كل مثل وكان الانسان اكثر شيء جدلا﴾ (الكهف: ٥٠)

واتە: هەموو ئەو شتانەی کەئینسان کاری تێ‌ی دەکەوێت لەژیانیدا لەقورئاندا باسمان کردووە، بەڵام ئینسان لەزۆربەی کارەکاندا موجادەلە دەکات. یان دەفەرموێت:

﴿ونزلنا عليك الكتاب تبيانا لكل شيء وهدى ورحمة وبشرى للمسلمين﴾ (النحل:٨٩)

واتە: ئەی محمد (ﷺ) کتێبێکمان بۆ ناردویتە خوارەوە کەقورئانە . لەبارەی هەموو شتێکەوە ڕوون کردنەوەی خۆی دەربڕیووە هەروەها ئەم قورئانە هەڵگری سیفەتی ڕێنموییکردن و ڕەحمەت و مژدەی تێدایە بۆ موسڵمانان.

بەڵێ ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کەقورئان هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسانی تێدا باس کرابێت و تەنها لایەنێکی ئینسانی بیرنەکردبێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئیسلام دواخەلاتی ئاسمانی پەروەردگارەو لەدوای ئیسلام نیگای خوای و پێغەمبەر ڕەوانە ناکرێت، کەواتە دەبێت قورئان سەرجەم لایەنەکانی ژیانی ئینسانی تێدابێت و تەنها لایەنێك نەمابێت کەباسی نەکردبێت، عیسی (علیه السلام) خوای گەورە ناردی بۆ گەلی بەنی ئیسرائیل و دواپێغەمبەری ئەو گەلەبوو لەدوای موسا (علیه السلام) هەروەها پەرتوکێکی‌شی بەناوی (ئینجیلەوە) پێبەخشرا بەڵام ئینجیل تەنها پەیوەست بووبەو گەلەوە لەهەمان کاتیشدا تەواوکەری شەریعەتی موسا بوو (علیه السلام).

جێگەی خۆیەتی کەئینجیل هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسانی باس نەکردبێ چونکە بۆ گەلێکی تایبەتو کاتێکی تایبەت هات، بەڵام ئیسلام بەپێچەوانەوە بۆ سەرجەم نادەمیزادەکانە تارۆژی دوایی ﴿ان هو الا ذکر للعالمین﴾

ئیسلام لەهەموو بوارەکانی ژیانی ئینسان یاساو دەستوری تایبەتی خۆی داناوە. بەوپەڕی گونجان لەگەڵ هەموو کاتو سەردەمێکدا هەر لەبوارەکانی:

(أ) بواری عەقلی: بێگومان ئیسلام وەك دینێکی خوایی ڕێزێکی زۆری لەژیری ئینسانەکان گرتووەو ژیری ئینسانەکانی کردۆتە پێوەرێك بۆ تێگەیشتن لەیاساکانی خۆی واتە (ئیسلام).

هەروەها بەهۆی ژیریەوەکە زۆرێك لەشتە نادیارە غەریبەکان دەدۆزینەوەو باوەڕیان پێدەکرێت هەر لەبونی خواو ڕۆژی دوای و بونی مەلائیکەتو بەهەشتو دۆزەخ، هەروەها تەکلیفو سزا خواییەکان بەسەر ئینسانی خاوەن ژیردایە نەك بەسەر کەسانێکدا کەنعمەتی ژیریان لێسەنراوەو دەرك بەچاكو خراپو دۆستو دوژمنی خۆیان ناکەن.

ئەوەندە بەسە کەزۆرجار لەقورئاندا خوای گەورە سەرجەم مرۆڤەکان بەباس کردنی ووشەی (عەقل) ڕادەچڵەکێنێو دەفەرموێت: ﴿لعلکم تعقلون﴾ ﴿عبرة لاولی الالبـــاب﴾ واتە: (خاوەن ژیریەکان).

(ب) ئیسلام خەڵکی هان دەدات لەسەر داهێنانو کاری تازەگەری نەك شوێن کەوتنی کوێرانەو کاری لاسایی کردنەوە؛ بێگومان ئیسلام هاندەرێکی سەرەکیو پاڵ پێوەنەری مرۆڤەکانە لەبواری بەکارهێنانی ژیریانو داهێنانو ڕادەربڕینو اجتهادکردن لەهەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کەلەو سەردەمو کاتەدا توشی خەڵکی دەبێت ، ئیسلام نەك هەر کاری تازەگەریو اجتهادی بەلاوە پەسەندە بەڵکو هانیشمان دەدات لەسەر گەیشتن بەو کارە، هەربۆیە دەرگای اجتهادو تازەگەری لەهەموو سەدەو سەردەمێکدا لەسەر پشت بووەو پێغەمبەریش مژدەی داوە بەوکەسانەی کە اجتهاد دەکەن بەوەی کەدەفەرموێت: (ئەو کەسەی کەموجتەهیدە دوو پاداشتی هەیە لەکاتێکدا ڕاستیکرد، خۆئەگەر هەڵەشیکرد ئەوە یەك پاداشتی هەیە چونکە خۆی ماندوکردووە) بەڵێ لەهەمان کاتیشدا دژی لاسایکردنەوەو تەقلیدی کوێرانەیە، هەر بۆیە قورئان زۆر بەتوندی هێرش دەکاتە سەر بێباوەڕەکانی سەردەمی پێغەمبەر دەفەرموێت:

﴿واذا قیل لهم اتبعوا ماانزل الله قالوا بل نتبع ما الفینا علیه اباءنا او لو کان اباءهم لایعقلون شیئاولایهتدون؟!﴾ (البقرة: ١٧٠)

(ج) ئیسلام دینێکی واقعیە: ئیسلام زۆر پێچەوانەی مەسیحیەتە چونکە مەسیحیەکان تەنها بایەخ دەدەن بەلایەنی ڕۆحی و ژیانی گۆشەگیری و وازهێنان لەدنیاو خۆشیەکانی، بەڵام ئیسلام بەشێوەیەکی واقعی و دور لەهەموو بیروباوەڕێکی خەرافی و دور لەژێریەو دەڕوانێتە مرۆڤەکان وەك ئینسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات نەك وەك (جنۆکەو مەلائیکەت) بەڵکو ئیسلام وادەدوێ دەربارەی مرۆڤ کەڕاست دەکات و هەڵەش دەکات و ڕۆدەچێ و ڕاست دەڕواو هەروەها لەبارەی ژیانیشەوە ئیسلام بەشێوەیەکی زۆر واقعی لەژیان دەکۆڵێتەوەو ئاگاداریان دەکات کەدنیا کێڵگەی دواڕۆژەو ئینسان بەسەرجەم ئامانج و مەبەستەکانی خۆی ناگات لەدنیادا، بەڵکو لەدواڕۆژدا بەسەرجەم داواکاریەکانی دەگات گەر لەدنیادا خواپەرست بوبێت.

(د) ئیسلام دینی زانستە (علم): هەروەها یەکێکی تر لەو خاڵانەی کەئیسلام ی وەك دینێکی ئاسمانی و خەڵاتێکی خوای پێجیادەکاتەوە لەدینی مەسیحی بریتیە لەوەی کەئیسلام بایەخێکی تەواوی داوە بەبواری زانست و دەفەرموێت:﴿قل هل يستوى الذين يعلمون والذين لايعلمون!؟﴾

بێگومان نەخێر، قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر گەورەترین زانستی تێدایە کەلێرەدا بواری باس کردنیان نیە.

بەڵام بەپێچەوانەوە مەسیحیەت و عیلم زۆر دورن لەیەکەوە چونکە قەشەکان گەورەترین بەربەست بوون بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەموو ئەو زانستانەی کەلەسەدەکانی (١٧)و دواتردا پەخش دەکرا، تاکار گەیشتە کوشتنی زاناکان و لەسەرو هەموشیانەوە (گالیلۆ) کەزانایەك بوو بەدەست ی قەشەکان کوژرا بەتۆمەتی ئەوەی کەوتی زەوی خڕە!!

(ه) ئیسلام دینی دنیاو پاشەڕۆژە: گەورەترین هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ڕێچکە مادیەکان بەگشتی و علمانیەت بەتایبەتی بریتی بوو لەوەی کەقەشەکان دەستیان دابوویە گۆشەگیری و ڕەهبانیەت و لەسەر ڕێ ڕەوی پێشینانی خۆیان دەڕۆیشتن کە قورئان لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ورهبانية ابتدعوها ماكتبناها عليهم﴾ ...واتە: گاورەکان هەڵسابوون ژیانی گۆشەگیریان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو و فەرزیان کردبوو لەسەرخۆیان بێئەوەی لەسەریان فەرزبکرێت و داوایان لێبکرێت، بەڵێ ئەمە حاڵ و تێگەیشتنی قەشەکان بوو دەربارەی دنیاو دواڕۆژ کەوایان حساب دەکرد هەتا پیس و پۆخڵ و چڵکن بێت وزیاتر گۆشەگیربیت و واز لەژیانی دنیاو خۆشیەکانی بهێنن ئەوە زیاتر لەخوای گەورە نزیك دەبیتەوەو پلەی بەرزترت هەیە لەبەهەشتدا. هەربۆیە لەیەکێ لەبڕگەکانی (ئینجیلدا) هاتووە دەڵێ:

((من طلب الفردوس فخبز الشعیر ونام مع الكلاب فی المذابل))[1]

واتە: هەركەسێ خوازیارەكە بچێتە ناو بەهەشتو فیردەوسی بەنسیب ببێت ئەوە هانانی جۆ بخواتو شەوانیش لەكاتی خەودا لەگەڵ سەگدا بنوێت لەو جێگایانەدا كەخۆڵو پیسی لێ خڕدەكرێتەوە.

بەڵێ ئەوە بۆچونو تێگەیشتنی پاپاكانی كەنیسەبوو دەربارەی دینو دنیا. بەڵام ئیسلام زۆر بەپێچەوانەوە دەربارەی دنیاو پاشەڕۆژی مرۆڤەكان دەدوێو تەوازنو یەكسانی لەنێوان ژیانی دنیاو هەوڵ دان بۆ پاشەڕۆژ دروست دەكاتو دەفەرموێت: ﴿وما الحیاة الدنیا الا متاع الغرور﴾ یان ﴿وما الحیاة الدنیا الا قلیل﴾ ..واتە : بەڕاستی ژیانی دنیا خۆشیەكی گومڕاكەرەو خوات بیردەباتەوە یان ژیانی دنیا لەچاو دواڕۆژدا زۆر كەمە.

بەڵام بۆ هاوسەنگ كردنەوەی ئەم لایەنە دەفەرمێت:﴿ولا تنس نصیبك من الدنیا﴾ ..واتە : ئەوبەشەی كەخوای گەورە بۆی داناویت لەدنیادا پشت گوێی مەخەو هەوڵ بدە بۆ بەدەست خستنی.

٣ – مێژووی كەنیسە غەیری مێژووی ئیسلامەو جیاوازیەكی زۆری هەیە: یەكێكی‌تر لەو هۆكارانەی كەبووە ڕێخۆش كەرێك بۆ دروست بوونو هاتنە مەیدانی ڕێچكەی علمانی لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا بریتی‌بوو لەو مێژووە ڕەشو پڕتاوانەی كەنیسەی گاورەكان كەبەسەریان بردبوو لەگەڵ ئەو خەڵكەی كەمامەڵەیان دەكرد لەگەڵیاندا، بەڕاستی مێژوویەكی ترسناكو خوێناویو پڕ تاوانو تۆقاندن بوو بەچەند شتانێكی خەیاڵیو دور لەڕاستیەوە بەرپەرچی بۆچونو فكری خەڵكیان دەدایەوەو بەسەركوت كردنو گرتنو بەندكردن بەرپەرچی ئازادیو سەربەستیان دەدایەوەو بەنەفامیو سەرجەم بیروباوەڕە خەرافیەكان وەڵامی جوڵە زانستیەكانیان دەدایەوە.....))[2]

مێژووی كەنیسە لەگوێی ئینسانە ڕۆژئاواییەكان مانای داگیركردنو كوشتنو سەربڕینو تۆقاندنی بەردەوام دەگەیەنێت.

هەر بۆیە بەشاهدی پیاوێكی وەك ((امری ریفز) لەكتێبی (تحلیل السلام)دا باسی هۆكارەكانی فەشەلی مەسیحیەت دەكاتو دەڵێ: (ان القتل الواسع النطاق والتعذیب،

---

(١) الانسان بین المادیة والاسلام (تألیف محمد قطب))

(٢) الاسلام والعلمانیة وجهاً لوجه (دكتور یوسف القرضاوی) ص (٥٧)

والاضطهاد، والضغوط التی شهدنا فی منتصف القرن العشرین، لادلة قاطعة علی الافلاس الكامل للمسیحیة)[1]

واتە: ئەو كوشتنە بەرفراوان و ئازارو داگیكردن و پاڵەپەستۆیەی كەلەسەدەكانی ناوەڕاستی چەرخی بیستەمدا لەلایەن مەسیحیەكانەوە ئەنجام درا، بەڵگەیەكی گەورەیە لەسەر هیچ پێنەمان و لەناوچونی بەیەك جارەكی مەسیحیەت ، بەڵێ بەكورتی ئەمە مێژووی پڕلەتاوان و كارەساتی گاورەكان بوو كەبەناوی دینەوە لەرۆژئاوادا ئەنجامیان دەدا!! ئاخۆ دەبێت لەكۆمەڵگاو كاتێكی ئاوادا خەڵكی چ باوەڕو متمانەو ئومێدێكی بەدین بمێنێ؟! ئاخۆ دەبێت خەڵكی لەستەم و زۆری ئەم گاورە مەسیحیانە ڕاوبۆچون و باوەڕی چی بەسەربێت بەرامبەر پەروەردگارو دینە ئاسمانیەكانی تر؟!.......

بێگومان ئەم پرسیارەو سەدان پرسیاری تری لەم جۆرە ئەمە وەڵامەكەیەتی كەبڵێین: ((بەرپەرچ دانەوەی سەرجەم دینە ئاسمانیەكان و فڕێدانیان و باوەڕنەكردن بەسەرجەم لایەنە نادیارەكانی كەبەئەودیو سروشت ناسراون (میتافیزیكا) و هەروەها نكۆڵیكردن و متمانەكردن بەهەموو ئەو كەسانەی كەدژی ئەم فەرمان ڕەوا گاورە مەسیحیانە دەوەستێ، بەڵێ علمانیەت ئاواو بەم شێوەیە لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕەگی داكوتاو بوبە (بەدیلێكی زۆر دروست بۆ گاورەكان))).

بەڵام ئایا مێژووی ئیسلامیش هەروایە؟! ئایا دەگونجێ بڵێین مێژووی ئیسلامیش هەروەك مێژووی مەسیحی وەهایە؟! بێگومان مێژووی ئیسلامی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە بەوشەی ((نەخێر))، *مێژووی ئیسلامی و ڕوداوەكانی لەگەڵ مێژووی مەسیحی و ڕوداوەكانیدا وەك زەوی ئاسمان دوورن لەیەكترەوە چونكە:*

(أ) لەسەردەمی دەسەڵاتی مەسیحیە گاورەكاندا زانست و زانست خوازان بەرپەرچی توندوتیژی و تۆقاندن مامەڵەیان لەگەڵدا دەكراو سەركوت دەكرانەوە، بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیداو لەسەدەكانی ناوەڕاستدا موسڵمانان خۆیان پێشەنگ و پێشەوای سەرجەم ڕەوتە زانستیەكان بوون و تاكە كۆمەڵ بوون لەجیهاندا لەبواری زانست و هونەرو فەلسەفەو.. هتد)) هەروەك مێژوو نوسێكی وەك (سیدیۆ) لەكتێبی (تاریخ العرب)دا دەڵێت: ((كان المسلمون فی القرون الوسطی متفردین فی العلم والفلسفة والفنون وقد

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نشروها اینما حلت اقدامهم وتسربت عنهم الى اوروبا فكانوا هم سببا لنهضتها وازدهارها))[1]

واتە: ((موسڵمانان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا تاکە کەس بوون لەزانستو فەلسەفەو هونەردا، هەروەها موسڵمانەکان هەڵسان بەگەیاندنی ئەم زانستەو فەلسەفەو هونەرە بەهەموو ئەو جێگایانەی کەپێیان تێی دەچوو، ئەم زانستە بەرەو ئەورووپا کەوتەڕێو موسڵمانەکان بونە هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕاندنو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو فەلسەفیو هونەری ئەورووپاییەکان)).

(ب) لەسەردەمی جێگیربوونو فەرمان ڕەوای گاورە مەسیحیەکاندا سەربەخۆیو ئازادیو مافە ڕەواکانی خەڵکی بەئاشکرا پێشێل دەکرانو سەرکوت دەکران، هەربۆیە ئەو جولەکانەی کەلەووڵاتە مەسیحیەکان جێگیربوون دەرکرانو بێچارەمانەوەو هیچ دەوڵەتێکیش متمانەی بەجولەکە نەدەکرد کەلەووڵاتی خۆیدا جێیان بۆ بکاتەوە چونکە خەڵکی ئەو سەردەمە جولەکەیان باش دەناسی کەچەندە ئاژاوەچیو خیانەت کارن، هەربۆیە تاکە ووڵاتێك لەجیهانی ئەو سەردەمەدا کەجێی بۆجولەکە کردەوەو پەنای دا موسڵمانان بوو لەووڵاتی (ئەندەلوس) کە (ئیسپانیا)ی ئێستا دەکات.

کەئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ستەمی گاورەکانو لێبوردنو دڵ فراوانیو پێبەخشینی ئەوپەڕی ئازادی لەلایەن موسڵمانەکانەوە))[2]

بەڵێ ئەمە بەروارد ێکی خێراو کەم بوو لەنێوان مێژووی ئیسلامو مێژووی مەسیحیە خاچ پەرستەکانەوە، کوردیش لەمێژەوە ووتویانە مشتێك نمونەی خەروارێکە.

فەشەلی علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامیدا

گەر ئەوەی باسمان کرد لەخراپی مامەڵەکردنی مەسیحیەکانو تایبەت مەندیەکانی دینی دەستکاری کراوی مەسیحیەتو کوشتنو تۆقاندنی خەڵکیو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خەیاڵیو ڕاوەستان دژی زانستو مافەکانی خەڵکیو دابەش کردنی کارتی بەهەشتو دۆزەخ بەسەر خەڵکیو هاندانی خەڵکی بە مل کەچ بونیان بەرامبەر هەر فەرمان ڕەوایەك کەفەرمان دەکات ((اعط مالقیصر لقیصر))و چەندین ڕوداویتری لەم

---

(١) روح الدين الاسلامي (عفيف عبدالفتاح طبارة) ص (٢٨٧)

(٢) رؤية اسلامية لاحوال عالم المعاصر (محمد قطب)

جۆرە بێت ئەوە هەرگیز ڕاستو دروست نیە كە علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامی بەرقەراربێتو بە ئەنجامی كۆتای بگات، چونكە لەوەوپێش باسمان كرد كەگەورەترین هۆكار بۆ دروست بونو سەرهەڵدانی علمانیەت لەولاتانی ڕۆژئاوادا بریتیبوو لەكاری گەری خراپە مامەڵەكردنی قەشە گاورە مەسیحیەكانی ئەورووپاو مێژووە ترسناكو ڕەشەكەیان ، بەڵام نەئیسلام ئەو مێژووە ڕەشەی تۆمار كردووە وەك مەسیحیەت و نەلەسەردەمی دەستەلاتیشیدا دژی خەڵكو پێشكەوتنو پێشكەوتنە زانستیەكان وەستاوە، *كەواتە بەپێی ئەم پاسایەی سەرەوە سەرهەڵدانو دروست بوونی علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامی هیچ بەڵگەیەكی پێنیە چونكە:*

١) علمانیەت بەتەبیعی حاڵ دژایەتی لەگەڵ یاساكانی ئیسلامیدا هەیە كەئیسلام دینی ڕاستو پێشەنگی ئەو گەلە موسڵمانەیە كەعلمانیەت بەحسابی خۆی تێیدا دروستو جێگیربووە.

٢) هەروەها علمانیەت دژایەتیەكی زۆری هەیە لەگەڵ سەرجەم ڕەوشتو تیگەیشتنە ئیسلامیەكاندا. لەبەرئەوە علمانیەت هیچ بیانویەكی ڕاستی بەدەستەوە نیە بۆ خۆ فەرزكردنو بەئەنجام گەیشتنی لەووڵاتانی ئیسلامی.

بێگومان علمانیەت بەوپەڕی هەوڵ دانەوە دەستیان كرد بەگۆڕینی فطرەتی خەڵكی ووڵاتانی ئیسلامیو بەرنامەی ژیانیا ن بەڵام خەڵكی ووڵاتانی ئیسلامی بەو شێوەیەی كەعلمانیەت دەیویست وەڵامیان نەدانەوەو كەوتنە دژایەتی لەگەڵیاندا، هەربۆیە ئەم دژایەتیە تا ئێستاش بەردەوامە.

گومانی تێداینە كەعلمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامیدا چەندە زۆر بمێنێتەوەو ڕەگ داكوتێ ئەوەندەو زیاتریش لاوازو بێڕێزو پشت گوێ دەخرێت چونكە خەڵكی ووڵاتانی ئیسلامی بەوپەڕی باوەڕو لێبڕانەوە دینی ئیسلامیان قبوڵ كردووەو بەدینی سەرەكیو دنیاو قیامەتی خۆیانو ئەوانەی دوای خۆشیانی دەزانن، لەبەرئەوە ڕۆژ بەڕۆژ خەڵكی زیاتر پاكی بەرنامەی ئیسلامی بۆ دەركەوێت و زیاتریش گەندەڵیو فەشەلیەتی علمانی بۆ ڕون دەبێتەوە ، بەڵگەی زیندوشمان بریتیە لە((توركیا))

((بێگومان توركیا لەدوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی لەساڵی (١٩٢٣) علمانیەكان فەرمانڕەوای تێدا دەكەن كەیەكەم كەسیان (كمال ئەتا توركی)) دروست كراوی جولەكەبوو، *ئەتا تورك پێش ئەوەی بێتە سەر كورسی فەرمان ڕەوای لەتوركیا*

لەلایەن جولەکەی صەهیۆنیەتی جیهانیەوە (٤) بەڵێنی لێوەرگیرا کەکاتێ هاتە سەر حوکم دەبێت جێبەجێیان بکات:

(أ) دەست بەجێ جیاکردنەوەی دینی ئیسلام لەبەڕێوەبردنی تورکیا (واتە لەحوکم و سیاسەت)

(ب) دژی هەموو ئەو جوڵە ئیسلامیانە بوەستێ کەلەتورکیادا ئەنجام دەدرێت.

(ج) دژی هەموو ئەو لایەنانە بوەستێ کەدەنگیان دەخەنە پاڵ دەنگی خەلافەتی ئیسلامی و دەبنە پاڵپشتی، بۆ مەبەستی بنیادنانەوەی جارێکی تر .

(د) دەبێت دەستورو تورکیا یاسایەکی علمانی هەڵبژێردرێ غەیری دەستوری ئیسلامی))[1]

بەڵێ کاتێ (ئەتاتورك)ی علمانی هاتەسەر حوکم هەرچوار خاڵەکەی جێبەجێکردو بەرپەرێ تواناو دەسەڵاتی سەربازی بەئاگرو ئاسن بەرپەرچی گەلی موسڵمانی تورکیای دایەوەو سەرجەم یاساو دەستورەکانی ڕۆژئاوای بەسەر خەڵکی تورکیای موسڵماندا جێبەجێکرد هەر لەبواری (ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن) تاکار گەیشتە ئەو ئەنجامەی گەلی تورکیای موسڵمان یان دابڕێ لەئیسلام هەروەك چۆن مەڕێك دادەبڕێ لەبەرگ و پێستی خۆی، لەگەڵ ئەمەشدا دەستورو یاساکانی خوای گەورە دورخرایەوە لەکۆمەڵگاو خەڵکی تورکی تەنانەت لەبواری ژیانی خێزانی و یاسا تایبەتیەکانەوە کەپەیوەستە تەنها بەئینسانەوە ((قانون الاحوال الشخصیە)).

بەڵام دوای ئەم هەموو تاوانە کە علمانیەکان بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و گۆڕینی دەستورو بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن و بڵاوبوونەوە گەورەترین بەرەڵای و ڕوتوقوتی ئافرەتان و زۆربونی باڕونادی ئارەق و دروست کردنی دەیان و سەدان هۆڵی بەدڕەوشتی بۆ ڕەقص و سەمای ئافرەتان و زیناکردنی لەگەڵیاندا و ئیهانەکردنی ئافرەتانی سەرپۆش بەسەرو پیاوان و گەنجانی موسڵمان و.. سەدان و هەزاران کاری لەمە خراپ تر کەئەنجامیاندا ، بەڵام ئایا ئەتاتورك و پاڵپشتەکانی بەغەرب و وڵاتە زل هێزەکانی دنیاوە توانیان بیروباوەڕی ئیسلامی خەڵکی تورکیا بگۆڕن؟! ئایا توانیان ڕۆشتە ئیسلامی و سەرجەم بەها ئیسلامیەکانی خەڵکی موسڵمانی تورکیا بگۆڕن؟!

---

(١) المؤامرات الدولیة ضد الاسلام (تألیف (ام بنان) (ص(٩)

بەڕاستی ئێمە نالێین نەخێر واقع شاهدی ئەم ڕاستیەیەو ئەو دەڵێت ((نەخێر)) چونکە لەگەڵ ئەو هەموو کاریگەریەی کەعلمانیەت کردی لەسەر ژیانی گەلی تورکی موسڵمان کەچی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەگەڕانەوە بۆ باوەشی ئیسلام‌و زیاتر مزگەوتەکان لەپەرەسەندا بوون ، پەرتوکی ئیسلامی کتێبخانەکانیان دەڕازاندەوەو دیاردەی حیجاب‌و سەرجەم خوڕەوشت‌و ڕوکەشە ئیسلامیەکان لەبەرەو زۆربوندا بوون.

ئەوەندە بەسە کە ڕۆژنامەی (لوموند بلوماتیك)ی فەرەنسی لەبەرواری ١٩٨٢/١/١٨دا دەڵێ:

((بعد نصف قرن من الحكم العلماني، هناك حديث الان عن انبعاث الإسلام مجدداً في تركيا التي كانت أوائل الدول الاسلامية التي فصلت بين السياسة والدين))[1]

واتە: لەپاش نیوسەدەو فەرمان ڕەوای علمانیەکان لە تورکیا دەنگ‌و باس‌و ڕوداوێکی تازە هاتەکایەوە کەبریتی‌بوو لەزیندوبونەوەو هەڵسانەوەی بانگەوازی ئیسلامی، شایانی باسە تورکیا یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی بوو کەدینی ئیسلامی لێ‌دورخرایەوە لەبوارەکانی سیاسەت‌و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

بەڵێ ئەم قسەیە سالی (١٩٨٣) وتراوە کە علمانیەت لەوپەڕی هێزو دەسەلاتیا بووە لەتورکیا بەلام لەم چەند ساڵەی دوایداو لەساڵی (١٩٩٦)دا بەدیار چاوی هەموو جیهانەوە لە تورکیادا دەست کرا بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی بۆ سەرەك وەزیرانی وڵات‌و لەئەنجامدا (حزبی ڕەفای ئیسلامی) (زۆرینەی) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناو دەنگی لەسەرجەم علمانیەکانی‌تر زۆرتربوو.

<u>تێبینی:</u> بەڕاستی من نامەوێت لێرەدا باسێکی چڕوپڕی حزبی ڕەفاو چۆنیەتی هەڵبژاردن‌و هۆی پاشگەزبونەوەی (ئەربەکان) لەکورسی دەستەلات‌و چەند شتانێکی‌تری لەم باسانە شی‌بکەمەوە، بەلام ئەوەندەم مەبەستە کەسەرجەم خەڵکی بە(موسڵمان‌و علمانی)ەوە ئەوە تێ‌بگات کەعلمانیەت لەوڵاتانی ئیسلامیدا نایەتە بەرهەم‌و بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە، گەر علمانیەت وەك چۆن لەڕۆژئاوادا پی‌داکوتاو جێگیربوو ئاواش لە وڵاتانی ئیسلامی جێگیر بوایە نەبوایە، یەکەم شوێن لەتورکیادا جی‌ی خۆی لەدڵی خەڵکی موسڵمانی تورکیادا بکردایەوە کەبۆماوەی (٧٠) ساڵ زیاترە علمانیەت حوکم دەکات.

---

(١) الاسلام والعلمانية وجهاً لوجه (د. يوسف القرضاوي) (ص: ٦١).

فکرەو بۆچونی علمانیەکان لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا

کاتێك علمانیەت لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا بڵاوبویەوەو ناسرا لەلای خەڵکی هەوڵیدا کەلەو بەرنامەو فکرەی کەلەسەری دروست بووە پەخشی بکات بەناو خەڵکیداو پەروەردەیان بکات لەسەری کەگرنگ ترین و سەرەکی ترین خاڵی بڕیار لەسەردراوی بەرنامەکانیان ئەمانەبوون:

(١) خوای گەورە هیچ پەیوەندیەکی بەژیانی دنیای خەڵکەوە نیەو ئیهمال و پشت گوێی خستووە.

(٢) سەرجەم بەها ڕۆحیەکان کە بەندە لە پەروەردگاری نزیك دەخاتەوە کارێکی سلبی و خراپە!!و کۆنەپەرستیە؟

(٣) هەڵبژاردنی ژیانی دنیاو خۆشیەکاتیەکانی و پشت گوێ خستنی ژیانی پاشەڕۆژو بڕوانەبوون پێی.

(٤) جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت و سیاسەت و دامەزراندن و بنیات نانی ژیانی خەڵکی لەسەر بنچینەی دنیا پەرستی و ماددیەت.

(٥) هەڵبژاردن و کارکردن بەیاسای (الغایە تبرر الوسیلە) لە بواری سیاسەت و فەلسەفەو حوکم کردن و سەرجەم کارەکانی تردا، کەئەو دەقەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنێت ئینسان بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی هەموو ڕێگەیەك بگرێتەبەر جا دروست بێت یان نادروست!!؟

(٦) حەڵاڵکردن و ڕێگەدان بەڕوتی و بەرەڵایی ئافرەتان و سەرجەم کارە جنسیەکانی ترو ڕوخاندن و لەناوبردنی قەوارەی کۆمەڵایەتی و خێزانی.

بەڵێ گەر بەخێرایی سەیری ئەم شەش خاڵەو ژیانی خەڵکی ڕۆژئاوا بکەین ئەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کەعلمانیەت توانی بۆ ماوەی چەند ساڵێك سەرجەم پیلان و فکرو بۆچونەکانی خۆی بچەسپێنێ بەسەر خەڵکی ئەورووپادا بەم شێوەیە:

(أ) بڕوابون بەخواو پەیوەندی خوا بەبەندەوە بو بەبیروباوەڕێکی خەیاڵی و شوێن کەوتوانیشی بەکۆنەپەرست و دواکەوتوو لەدەزگا ئیعلامیەکانەوە باس دەکران تاکار گەیشتە ئەو پلەیەی کەخەڵکێکی زۆر کەم باوەڕیان بەخوای گەورەماو سەرجەم خەڵکی تری ڕۆژئاوا باوەڕیان بەوە هەبوو کە بونەوەر هەر لەخۆیەوە دروست بووەو ئەم

بوونەوەرە دروستکەرو خاوەنی نیە، خۆ ئەگەر خاوەنیشی هەبێت ئەوە دەستی لەدنیاو ژیانی خەڵکی بەرداوەو دروست کراوەکانی خۆی ئیهمال کردووە!!

(ب) سەرجەم ئەو بەها ڕۆحیانەی کەبەندەی لە پەروەردگاری نزیك دەخستەوە بونەوەکارێکی تایبەتی بەچەند کەسانێکی تایبەتی و هەڵگرانی بەنامۆو غەریب دەناسران لەناو کۆمەڵگادا.

(ج) خۆ خەریك کردن بەژیانی دنیاو هەوڵ دان بۆ بەدەست خستنی زۆرترین سەرمایە بو بەگەورەترین خاڵی هەوڵ دان و بەدەست خستنی بەهەر هۆکارێك بێت و لەگەڵ ئەمەشدا ژیانی دوارۆژ بوو بەبیروباوەڕێکی خەیاڵی و کۆنەپەرستی لەبیری خەڵکی ڕۆژئاوادا.

(د) جیاکردنەوەی دینیش لەدەوڵەت بو بەیەکەم ئیش و کاری حوکم ڕان و فەرمان ڕەواکانی ڕۆژئاوا کەلەوەوپێش و لەفەرەنسادا لەساڵی (١٧٨٩) زاینیدا ڕێگەیان بۆ خۆش کرابوو، ئەویش لەئەنجامی کارە دزێوو نادروستەکانی مەسیحیەت لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا.

(ه) هەروەها کارکردن بەیاسای (الغایه تبرر الوسلیه) کەدەدواوەربارەی ئەوەی دروست و حەڵاڵە ئینسان بۆ مەبەستی گەیشتن بەئامانجەکانی دنیای سەرجەم ئەو ڕێگانە بەکاربهێنێت کەبەئەنجامی دەگەیەنێت جائەگەر دزیکردن بووە لەباوکو برای خۆت، هەربۆیە ئەم دیاردەیەو کارکردن بەم یاسایە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لەناو وڵاتانی ڕۆژئاوادا بڵاوبویەوە ئەویش بەردروست بوونی سەرمایەدارو دەستەڵات دارەکان کەبەئارەزوی خۆیان و بێگوێدانە بەرژەوەندی گشتی هەوڵی بەدەست خستنی سەرمایەی زۆریان دەدا لەسەر حسابی هەزاران خەڵکی فەقیر، ئەویش لەڕێگەی شاردنەوەی خۆراك و هەموو ئەو شتانەی کەژیانی خەڵکی لەسەربەند بوو بۆ کاتی گرانی (احتکار)، هەروەها بەدەست دانەکاری سوخۆری کەئەمیشیان هەر لەسەر حسابی کۆمەڵگاو خەڵکی فەقیر ((بێگومان.یەکێ لەهەرە خاڵە گرنگ و بڕیار لەسەر دراوەکانی یاسای ئابوری (راس مالی) علمانی بریتیە لەسو خواردن (الربا) کەلە ئیسلامدا بەوپەڕی توندییەوە هەڕەشە لەو کەس و کۆمەڵانە کراوە کەئەم کارە ئەنجام دەدەن، بەڵام لای علمانیەکان کارێکی حەڵاڵە چونکە خاوەنەکەی دەگەیەنێتە مەبەست!!.

(و) هەروەها بەرەڵایی و ڕوتوقوت بونەوەی ئافرەتان لەژێر حوکمی ڕەشی علمانیەکاندا لەوولاتانی ڕۆژئاوا بو بەیەکەم دیاردەی پێشکەوتن و بەدەست خستنی ئازادی و ڕزگاربوونی لەهەموو ئەو کۆت و زنجیرانەی کەلەلایەن دینە ئاسمانیەکانەوە بۆی دانرابوون بەڵێ ئەم مەبەستە شەیتانیەشیان بەوپەڕی لێبڕانەوە جێبەجێکردوو ئافرەتانی سەرپۆش بەسەر و داوێن پاکیان کردە باشترین یاری بەردەستی خۆیان بۆ گومڕاکردنی گەنجەکان و دورخستنەوەیان لەدین، هەروەها وێنەی ئافرەتان بوو بەوەی کەلەسەر هەموو شوێنێك بێت و سەیری هەرشتێ بکەی دەست بەجێ وێنەی ئافرەتی ڕووت ببینیت هەر لە(گۆرەوی و بوردەو فلیمی سینەمایی و پاکەتی تایت و شوشەی ئارەق و دعایەی قۆنەرەو سابون و....))!!؟؟

ئاواو بەم شێوەیە علمانیەت گەورەترین بازرگانی بەشەرەفی ئافرەتانەوە دەکات و بەناوی سەندنەوەی مافیان و ڕزگارکردن و ئازادکردنیان، بەڕاستی ئەوە غەدر و خیانەتە لەئافرەت، ئەمە پیلانە دژی هەموو مافە ڕەواکانی ئافرەت، نەك ئەوەی ئەوان کەباسی دەکەن و دەڵێن ئیسلام مافی ئافرەتی نەداوە، ئێمە دەڵێین ئیسلام هیچ سودێکی نەگەیاندبێ بەئافرەتان ئەوەندەی سودبۆیان هەبووە کەحەیاو شەرەفی ئافرەتانی لەبەرگی پاکی حیجابدا پاراستووەو بەنیوەی کۆمەڵیشی دادەنێ، لەگەڵ ئەمەشدا علمانیەت و سەرجەم ڕێچکە بێدینەکانی‌تر هیچ زیانێکیان نەگەیاندبێ بەئافرەتان ئەوەندە زیانیان لێداون کەشەرەفی ئافرەتانیان بەنرخێکی هەرزان فرۆشت بەکەسانی داوێن پیس و دور لەڕەوشتەکان و ئافرەتیان کردە پارچە گۆشتێکی ڕوت‌وقوت بۆ ئەوەی هەموو کەسێ خۆزگەکانی خۆیانی پێ‌تێربکات.

بەڵێ علمانیەکان لەڕۆژئاوادا ئابەم جۆرە بیروبارەڕی خۆیان بڵاوکردەوەو بەوپەڕی لێبڕانیشەوە هەوڵی بەئەنجام گەیاندنیان دا تاکار گەیشتە ئەوەی فەوضای جنسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی تەنگ بەسەرجەم ڕۆژئاواییەکان هەڵبچنێ و ڕۆژ بەڕۆژ نەخۆشی و کێشەکانیان زۆرتربێت بەتایبەتی نەخۆشیە ڕەوشتیەکانی وەك (ئایدز) کەهەرگیز بۆیان چارەسەر ناکرێ.

<u>تێبینی</u>: ئەو شەش خاڵەی پێشوو لە (الجداول الجامعة فی العلوم النافعەی) شێخ ((جاسم بن محمد بن مهلهل یاسین) وەرگیراوە لاپەڕە (٣٦٢)

هۆکاری سەرهەڵدانی علمانیەت لەووڵاتانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی

(عوامل ظهور العلمانية فى بلاد الشرق الاسلامى)

هەروەك لەوەوپێش و لەباسەكانی سەرەتادا باسمان كرد علمانیەت لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا (غرب) بەهۆی حوكمی ڕەشی كەنیسەو خراپ مامەڵەكردنیان لەگەڵ خەڵكیدا دروست بوو، *ئاواو بەم جۆرەش چەند خاڵێكی سەرەكی بوونە هۆكارێك بۆ پەیدابوون و دروست بوونی علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامیدا كەسەرەكی‌ترینیان ئەمانەن:*

١- لەپاش ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی و پارچە پارچەكردنی ووڵاتانی ئیسلامی هەرووڵاتەی كەوتە ژێر دەستەڵاتی یەكێ لەدەوڵەتە زل هێزەكانی ڕۆژئاواوە كەبێگومان هەریەك لەو ووڵاتە زل هێزانەی ڕۆژئاوا علمانی‌بون و كاتێ ووڵاتانی ئیسلامیان كەوتە ژێر دەست و داگیریان كرد لەو ڕێگەیەوە بیروباوەڕی علمانیەتیان چاند لەو ووڵاتانەی كەلەژێر دەستیاندابوو.

٢- دووەم هۆكار بۆ بڵاوبونەوەی بیری علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامی بریتی‌بوو لەوەی كەووڵاتە علمانیەكانی ڕۆژئاوا هەڵسان بەپەروەردەكردن و پێگەیاندنی ژنێك لەقوتابیانی علمانی و پاشان ڕەوانە كردنەوەیان بۆ ووڵاتە ئیسلامیەكان بۆ مەبەستی بڵاوكردنەوەو پەرەپێدان بەبیری علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامیدا.

٣- یەكێكی‌تر لەو هۆكارانە بریتی‌بوو لەدەزگاكانی ڕاگەیاندنی علمانی ڕۆژئاوایی كەڕۆڵێكی گەورەو سەرەكی هەبوو لەپەخش كردن و بڵاوكردنەوە بیری علمانیەت لەووڵاتانی ئیسلامی ئەویش لەڕێگەی (تەلەفزیۆن . ڕادیۆ جیهانیەكان و پەخشە سەتەلایتیەكان و سەرجەم هۆكارەكانی‌تری ڕاگەیاندن)).

٤- دروست كردن و بڵاوكردنەوەی دەیان و سەدان لایەن و حزبی قەومی علمانی لەووڵاتانی ئیسلامیدا وەك (حزب)ی بەعسی عەرەبی و هاوڕێنەكانیان كەئەمەش ڕۆڵی باڵایان‌هەبوو لەبڵاوبونەوەی ڕێچكەی علمانی.

٥- قەناعەت كردن بەزۆرێك لەفەرمان ڕەواو دەستەڵات دارەكانی ووڵات كە بەیاساكانی خوا كارنەكەن و دین دووربخەنەوە لەووڵات و سیاسەت و بەیاسا علمانیەكان كاربكەن كە((جمال عبدالناصر و ئەنوەر سادات و مصطفى كمال ئەتاتورك و صدام و. . . .) باشترین بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستیە)[1]

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(فکرەو بۆچوونی علمانیەکان لەوولاَتانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی (اهم الافکار والمعتقدات العلمانیة فی بلاد الشرق الاسلامی))

هەروەك چۆن علمانیەکان لەوولاَتانی ڕۆژئاوادا چەند فکرەو بیرو باوەڕێکی تایبەتیان هەبوو، *ئاواش لەوولاَتانی ڕۆژهەلاَتی ئیسلامیدا چەند فکرەو بیرۆزێکیان هەیە کەسەرەکیترینیان ئەمانەن:*

١) تانەو تەشەردان لەئیسلامو قورئانو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت)

٢) بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کەئیسلام تەنها چەند دروشمێکی خەیاڵیەو لەگەڵ سەردەمو پێشکەوتنە زانستیەکاندا ناگونجێتو خەڵکی بانگ دەکات بۆ دواکەوتنو کۆنەپەرستی.

٣) بانگەشەکردن بۆ ڕزگارکردنی ئافرەتانو داڕنینیان لەبەرگی حیجاب لەسەر دەستورو مودێکی ڕۆژئاوایی (غەربی)

٤) بانگەشەکردنو هەوڵ دان بۆ زیندوکردنەوەی شارستانیە کۆنەکان ((الدعوة لاحیاء الحضارات القدیمة))*

٥) وەرگرتنی پرۆگرامو سەرجەم یاساکانی ژیان لەوولاَتانی بەناو پێشکەوتووی ڕۆژئاوا.

٦) پەروەردەکردنی خەڵکانی ژێر دەستەلاَتیان بەپەروەردەیەکی بێدینی.

٧) ناشرین کردنو قێزەون کردنی مێژوو شارستانیەتی ئیسلامی لەبەرچاوی خەڵکیداو هەروەها جوان کردنوگەورەکردنی مێژوو و شارستانیە ڕوخێنەرو تۆقێنەرەکان.[1]

سەرنج بدە!! علمانیەکان لەوولاَتانی ڕۆژئاوادا چۆن بیرۆزو یاساکانی خۆیان بەسەر خەڵکیدا جێبەجێکرد ئاواش لەوولاَتانی ئیسلامیدا هەمان کاریان ئەنجامداو دووبارەیان کردەوە بەم شێوە:

أ) ڕەخنەگرتن لەئیسلامو بەستنی چەندین کۆڕو سیمینارو کۆبونەوە لەسەر ئەوەی کەئیسلام دینی کۆنەپەرستیەو مافی خەڵکی پێشێل کردووە بەتایبەتی (ژنو کرێکار) هەروەها تانەدان لەکەسایەتی بەرزو بێوێنەی پێغەمبەر (ﷺ) کەپیاوێکی نەتەوەپەرستو دنیاپەرست بووەو کاری سەرەکی بریتیبووە لەبانگ کردنی خەڵکی بۆ عەرەبایەتیو نەتەوەپەرستی، هەروەها پیاوێکی دنیا پەرست بووەو هەرخەریکی ژن هێنان بووە!!

---

(١) الجداول الجامعة فی العلوم النافع (جاسم مهلهل)

هەروەها تانەو تەشەردان لەقورئان کەگوایا قسەی (محمد) خۆیەتی و ئایەتەکانی قورئانی لە (تەورات و ئینجیل)ەوە وەرگرتووە، هەروەها بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کەگوایا ئایەتەکانی قورئان دژایەتی و کەم و کورییان لەنێوان دایە[١] و دەیان و سەدان بوهتان و تانەو تەشەری تری لەم بابەتە کاری بەردەوامی علمانیەکانە لەوولآتانی ئیسلامیدا.

ب) گەورەترین ووتەی علمانیەکان لەوولآتانی ئیسلامیدا بریتییە لەوەی کە دەڵێن ئێمە لەبەرئەوە دین لەدەوڵەت جیادەکەینەوە چونکە یاسا دینیەکان چەند یاسایەکی خەیاڵین و بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە ناگونجێت و ئێستا و لەم سەردەمەماندا پێویستە یاسای تازەو نوێ بدۆزینەوە بۆ کێشە نوێیەکانمان!!))[٢]

بەڵگەشیان لەسەر ئەم باوەڕە کرمۆڵەیان ئەوەیەکەدەڵێن ئیسلام پێش (١٤٠٠) ساڵ لەمەوپێش هاتەخوار بۆ عەرەب و دورگەی عەرەبی، جا قورئان لەو سەردەمەدا چارەسەری کێشەی عەرەبەکانی ئەو سەردەمەی دەکرد، بەلآم ئێستە ئێمە (١٤٠٠) ساڵ بەرەو پێش هاتوین و جۆرەکێشەو حاڵەتێکی تایبەتی مان هەیە غەیری کێشەکەی ئەوان، کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەیاسا ئیسلامیەکان لەگەڵ کێشەی ئەمڕۆی خەڵکیدا ناگونجێت و پێویستە ڕێگە چارەی تازەونوێ بۆ ئەم گرفتە بدۆزینەوە کەئەویش جیاکردنەوەی دینە لەحوکم و سیاسەت و دانانی فکرو بیردۆزێکی نوێیە لەجێگەکەیدا.

ج) علمانیەکانی وولآتانی ئیسلامی بەرپەری لێبڕانیانەوە هەوڵیان دا بۆ داڕنینی بەرگی ئیسلامی لەبەری ئافرەتان بەبیانوی ئازادکردن و سەندنەوەی مافە خوراوەکانیان، هەروەك چۆن لەوولآتانی ڕۆژئاوا ئەم کارەیان ئەنجامدا، سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی کەئێستا بەواقعی و لەبەرچاوی خۆماندا دەبینین کەچۆن ئافرەتان لەوولآتانی ئیسلامی ڕوت کراونەتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بەوپەڕی پێشکەوتوو زانست خواز دەزانن و بەرگی حیجابی ئیسلامیش بەنامۆو دواکەوتوو و دور لەزانست دەزانن ئێمەش دەڵێین: گەر وولآت و زانست و سەرجەم بوارە خزمەت گوزاریەکانی تری وولآت بەڕوتی و بێسەرپۆشی ئافرەتان پێش بکەوتایە ئەوە دەبوو هەر ئەو سەردەمەی کەخەڵکی لەچاخی (بەرد)دا دەژیا (سە . تەیارەو مانگی دەستکردو کۆمپیوتەر...) یان

(١) خوێنەری بەڕێز ئاگادارتەکەم کەکتێبی (معجزة القران)ی محمد متولی الشعراوی بخوێننەوە تاباشترو چڕوپڕتر لەم بابەتە تێبگات.

(٢) بەپشتیوانی خوای گەورە لەسەر باسێکی تایبەتیدا بەرپەرچی ئەم جۆرە گومانە دەدەمەوە کەئاخۆ یاساکانی ئیسلام لەگەڵ کێشە نوێیەکانی ئەمڕۆدا ناگونجێت؟!

دروست بکردایە، چونکە خەڵکی ئەو سەردەمە (واتە چەرخی بەردین) تەنها گەڵایەك یان پێستەیەکی ئاژەڵیان بەپاش و پێشەوە بووەو گشت ئەندامەکانی تری لاشەیان ڕووت بووە!!.

د) بێگومان زیندوکردنەوەی شارستانیە کۆنەکانی وەك (یۆنان و ئیغریق و ڕۆم...) بەشێکە لەو خاڵە سەرەکیانەی بیردۆزی علمانیەت چونکە گەر سەیرێکی فکری علمانیەکان و هەریەك لەو شارستانیە کۆنانە بکەین ئەوە لەدەیان خاڵی هاوبەشدا یەك دەگرنەوەو تەواوکەری یەکترن، *کەگرنگ ترین خاڵی سەرەکی و بنچینەی هەریەك لەو شارستانیە کۆنانەی پێش هاتنی ئیسلام ئەمانەبوون.*

یەکەم: باوەڕهێنان بەئەو مادانەی کەبەرجەستەبوون و بەهەستەوەرەکانی مرۆڤ هەستی پێدەکرا، هەروەها بڕوانەبوون بەو شتانەی کەنادیارن و بەهەستەوەرەکان هەستیان پێناکرێ. ماوراء المادة.

دووەم: تایبەت مەندێتی شارستانیەتە کۆنەکان لەوەدابوو کەرەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی زۆر زاڵ بوو بەسەریانداو لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا دژایەتی هەموو کەسێکیان دەکرد، کەئەمڕۆ علمانیەت هەمان ڕێبازی گرتۆتەوە.

سێیەم : خۆ خەریك کردن و بایەخ دان بەژیانی دنیاو خۆشیەکانی و لەبیرکردن و پشت گوێخستنی ژیانی دواڕۆژ، بێگومان ئەمە گەورەترین مەبەستی علمانیەتی ئەم سەردەمەیە.

چوارەم: نەبونی دین و جیاکردنەوەی لەسەرجەم بوارەکانی فەرمان ڕەوای کەبێگومان علمانیەتی ئەمڕۆ هەمان یاسای ئیغریقی و ڕۆمی یۆنانی ئەوسەردەمە دووبارە دەکاتەوە))[1]

ه) شتێکی ئاساییە کەکاتێ علمانیەکان ڕازی نەبوون بەدینی خوای گەورە کەحوکم بکات ئەوە بێگومان بیردۆزێکی دەست کردی ڕۆژئاوایی بهێنن و ڕەوتی خەباتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و عەسکەری خۆیانی لەسەر پیادەو بەڕێ بکەن، هەر بۆیە ئەمڕۆ علمانیەکانی وڵاتانی ئیسلامی سەرجەم یاساکانیان لەیاسای علمانیەکانی ڕۆژئاواوە وەرگرتوەو کاری پێدەکەن و لەوڵاتانی ئیسلامی جێبەجێی دەکەن.

و) کاتێ علمانیەکان دینیان لەسیاسەت و حوکمی وڵات دورخستەوەو بەرنامەو بیردۆزی ژیانیان لەڕۆژئاوا وەهێنا ئەوە ئەو کاتە دەبێت حاڵی ژیانی ئەو خەڵکەی ژێردەستیان بەرەو کوێ مل بنێ و بەچ ڕێگەیەك پەروەردەبێ؟

---

(١) ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين (ابو الحسن الندوي) (ص: ١٥٧).

بێگومان بەپەروەردەیەکی ڕۆژئاوایی و دوور لەپەروەردەیەکی ئیسلامی خوایی، چونکە ڕاستیەکی بەڵگەنەویستە کەهەموو بەرنامەیەك لەکاتی جێگیربوونی دەستەڵاتیدا هەوڵی جێبەجێکردن و بەرقەراربوونی خۆی دەکات لەوجێگەیەدا، لەبەرئەوەی علمانیەکان هەڵگری ئەو بیردۆزو فکرە ڕۆژئاواییەن شتێکی ئاساییە کەخەڵکانی ژێر دەستەڵاتی خۆ یان لەسەر پەروەردەیەکی غەربی علمانی پەروەردەبکەن و ڕابهێنن.

غ) بێگومان لەمێژووی ئیسلامیدا چەند شتانێکی دوور لەئیسلامی ڕویدا هەر لەشەڕی نێوان (علیکوڕی ابو طالب و معاویە) (خوا لێیان ڕازیبێت) هەروەها لەهەموو سەردەمەکانی تری دوای ئەوان کەئەمەویەکان و عەباسیەکان و دواهەمین جار عوسمانیەکان دەگرێتەوە هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم ڕوداوانە بریتیبوو لەدووری موسڵمانان لەئامۆژگاری و یاسا ئیسلامیەکانەوەو هەروەهاو لەگەڵ ئەم حاڵەشدا دەستی ڕەشی دوژمنانی ئیسلام و بەتایبەتی جولەکە دەورێکی سەرەکیان بینی لەناشرین کردن و ڕوشاندنیکۆمەڵگای ئیسلامی ئەو سەردەمە کە ئێستا بەمێژووی ئیسلامی دەناسرێ، بەڵام علمانیەکان بۆ مەبەستی ناشرین کردن و قێزەون کردنی مێژووی ئیسلامی هەڵسان بەدروست کردنی دەیان و سەدان درۆو ڕوداوی نەشیاو بۆ (خولەفای ڕاشدین) و سەرجەم ئەو کەسانەی کەلەپاش ئەوان حوکمیان کرد.

بەڵێ ئێمەی موسڵمان (انکاری) لەو کارە نادروستانە ناکەین کەلەسەردەمی (ئەمەوی و عەباسیەکان و عوسمانیەکاندا کراون بەڵکو ئێمە نارەزایش دەردەبڕین لەبەرامبەریاندان بەڵام دوژمنایەتی علمانیەکان لەوەدایە کەکاتێ باسی مێژووی ئیسلامی دەکەن باسی لایەنە خراپ و ناپەسەندەکانی دەکەن و سەرجەم لایەنە باش و سود بەخشەکانیتری دەشارنەوە.

موسڵمانان لەگەڵ ئەوەی کەتوشی ئەو ڕۆچون و هەڵەو تاوانانە دەبوون لەهەمان کاتیشداو لەهەمان سەردەمی فەرمان ڕەوایەتیاندا گەورەترین شارستانیەت و پێشکەوتن ڕوی دەدا لەسەردەستیان، بەڵێ هەر لەم کاتەدا بوو کەبانگەوازی ئیسلامی بەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبویەوەو پۆل پۆل خەڵکی لەتاریکیەکانەوە ڕزگار دەکردو بەرەو ڕوناکی ئیسلام دەیهێنان، ئەم بانگەوازە ئیسلامیە بۆ ماوەی (٨٠٠) ساڵ خۆی گرت و بەردەوام بوو)).[١]

---

(١) کیف نکتب التاریخ الاسلامی (محمد قطب)

چەند هەڵوێستێکی علمانیەکان

(١) هەڵوێستی علمانیەکان دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامی (العقیدة الاسلامیة):

بێگومان علمانیەکان ئینکاری بواری عەقیدەی ئیسلامی ناکەن‌و ڕێگەش لەخەڵکی ناگرن کەباوەڕیان بەخواو پێغەمبەران‌و ڕۆژی دوای‌و سەرجەم لایەنەکانی‌تری بیروباوەڕەوە هەبێت بەڵکو علمانیەکان ئەم جۆرە بیروباوەڕانە بەمافێکی تاکە کەسی‌و سەربەستی هەموو کەسێك دەزانن!!

بەڵام ئەو مافەی کەعلمانیەت دەیدات بەخەڵکی‌و ئینسانەکان ئازاد دەکەن لەسەرئەوەی کەباوەڕی بەبنچینەکانی باوەڕ هەبێت تەنها ئەوەندەیە کەئەو کەسانە باوەڕێکی سادەو ساکارو بێگیان یان هەبێت‌و لەژیانی ڕۆژانەیاندا کاری پێنەکەن‌و ڕەنگ دانەوەی لەگوفتارو کردارەکانیاندا نەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا علمانیەت بەرپەرچی ئەو بیروباوەڕە دەداتەوە کەبکرێتە بنچینەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان‌و بەئەنجام گەیاندنیان، یان ئەو بیروباوەڕە بکرێتە یاسایەك لەژیانی خەڵکیداو کێشەو گرفتەکانیانی پێچارەسەر بکەن.

پاشان موسڵمانان کاتێ ژیان لەژێر دەسەڵاتی علمانیەکاندا ئازادن کەخاوەن‌و هەڵگری بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان بن، بەڵام سەرجەم یاسا علمانیەکان دژی بیروباوەڕە ئیسلامیەکانە چونکە بەبیروباوەڕی ئەو خەڵکە کەلەلایەن خوای گەورەوە دانراوە چەند شتانێك حەرام دەکات بەڵام یاسا علمانیەکان حەڵاڵیان دەکات یان بیروباوەڕی ئیسلامی چەند شتانێك حەڵاڵ دەکات‌و هانی خەڵکی دەدات لەسەر بەئەنجام گەیاندنی بەڵام یاساو دەستورە علمانیەکان بەپێچەوانەوە هانی خەڵکی دەدەن لەسەر نەکردن‌و بەئەنجام نەگەیاندنی.

بەڕاستی ئەو بیروباوەڕەی کەئیسلام لەخەڵکی داوادەکات زۆر جیاوازە لەوبیرو باوەڕەی کەعلمانیەکان دەیانەوێ خەڵکی باوەڕیان پێی‌بێت.

ئیسلام بیروباوەڕو دروشمی یەکتاپەرستی دەکاتە کالآیەکی زۆر بەنرخ‌و داوا دەکات لەسەرجەم خەڵکی کەبیکەنە دروشم‌و یاساو ڕێسا لەژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، دروشمی یەکتاپەرستی سەرجەم بوارو لایەنە جۆراوجۆرەکانی سەرتاسەری ژیانی ئینسانیان گرتۆتەوە، هەر لەسەرتای لەدایك بوونەوە تاکاتی ناوگۆڕ، ئەویش بەوەی کەکاتێ مندالْ لەدایك دەبێت بانگی یەکتاپەرستی (الله اکبر)و(لا الـه الی الله) دەدرێت

بەگوێچکەیداو بانگی پێغەمبەرایەتی (محمد)یش بەدوایدا دێت بەدروشمی (وان محمداً رسول الله) .

بەڵێ بیروباوەڕو یەکتاپەرستی دروشمی ژیانی ئینسانەکانەو تەنها ووشەیەکی سادەو بێواتا نیە کەلە دەمەوە بێتە دەرەوە بەڵکو دروشمی یەکتاپەرستی باوەڕێکە کەمەڵگران‌و بێژەرانی دەیسەلمێنن کەسەرجەم بوارە فکری‌و دەروونی‌و ڕەوشتی‌و عەمەلی‌و کۆمەڵایەتەکانیان بەکێشانەی ئەو یەکتاپەرستیە مەزنەدەکەن‌و لەسەر ڕێڕەوی لانادەن.

(٢) هەڵوێستی علمانیەت دەربارەی پەرستنی خوای گەورە (العبادة):

هەروەك چۆن علمانیەت بواری دا بەخەڵکی کەئازادن لەوەی باوەڕیان بەخواو بەسەرجەم لایەنە نادیارو غەیبیەکان هەبێت، ئاواش ڕێگە لەخەڵکی ناگرێت کەهەرجۆرە بەندایەتیەك ئەنجام بدەن‌و هەرجۆرە دروشمێکی بەندایەتی بەرزبکەنەوە بەڵام ئەم جۆرە عیبادەتە هیچ بایەخ‌و گرنگیەکی ئەوتۆی نیە بەلای علمانیەکانەوەو بەمەبەستی سەرەکی کاری مرۆڤەکانی نازانن لەژیانداو هەروەها علمانیەکان (زەکات)دان بەبناغەو دروشمی بنەما ئابوریەکان نازانن‌و لەبری یاسای زەکات دوویاسای تری وەك (راس مالیەت‌و اشتراکیەت)یان هەڵبژاردووەو کاریان پێ دەکەن.

بەڵام تێڕوانینی ئیسلام بۆ عبادەت‌و سەرجەم دروشمەکانی یاساو بەرنامەیەکی زۆر جیاوازی داڕشتوە بەپێچەوانەی بۆچونی علمانیەکان، ئیسلام (عبادەت)و پەرستن بەدروشمی سەرەکی‌و هەرەگەورەی مرۆڤەکان دەزانێ لەژیانیدا هەروەك دەفەرموێت:

﴿وما خلقت الجن والانس الا لیعبدون﴾ (الذاریات :٥٦) بەوواتایەی‌کە کاری سەرەکی‌و هەرەگەورەی مرۆڤ‌و جنۆکە لەدنیادا بریتیە لەعبادەت کردنی خوای گەورە، بێگومان عبادەت کردنی خوای گەورەش تەنها لەسنوری (نوێژو ڕۆژو حەج‌و زەکات‌و چەند دروشمێکی‌تردا) کۆنەبۆتەوە بەڵکو مانای عبادەت لەئیسلام دا زۆر لەوە گەورەترەو مرۆڤ هەر کارێکی کرد لەژیاندا، گەر ڕاست بێت‌و لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگاری بیکات بەعبادەت بۆی حساب دەکرێت، هەروەك قورئان دەفەرمێت:

﴿قل ان الصلاتي ونسکي ومحیای ومماتي لله رب العالمین﴾ ...واتە: بڵێ (نوێژو قوربانی‌و هەموو ژیان‌و مردنیشم تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانەو بۆ کەسی ترنیە.

بەڵێ ئەوە یاسای عبادەت‌و پەرستنەکانە لای ئیسلام، بەڵام وەك وتمان علمانیەت بەو شێوە فراوانە لەناوەڕۆکی عبادەت حاڵی نەبووەو تەنها بەو شێوە سادەیە نەبێت کەباسمان کرد.

(٣) هەڵوێستی علمانیەت دەربارەی خورەوشت (أخلاق):

ئائێرا زانیمان کەعلمانیەت دەربارەی عبادەت و ئیسلام و عەقیدە رایان چۆنەو چی دەڵێن، ئاخۆ دەبێت دەربارەی رەوشت (اخلاق) چی بڵێن؟!

(أ) لەبواری پەیوەندی هەردوو توخمی (نێرو مێ):

علمانیەکان لەگەڵ ئەوەی باوەڕیان بەڕەوشتە ئیسلامیەکان هەیەو پێشوازی لێدەکەن کەچی لەم خاڵەدا گەورەترین جیاوازی و دژایەتی هەیە لەگەڵ دەستورە بڕیار لەسەر دراوەکانی ئیسلام دەربارەی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، ((علمانیەکان پەیوەندی نێوان هەردوو جنسی نێرو مێ بەکارێکی زۆر ئاسایی و مافێکی زۆر رەوای ژن و پیاوی دەزانن و بەو واتایەی کە ژن و پیاو مافی رەوای خۆیانە کەکاری جنسی لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن بێ ئەوەی محاسبە بکرێن لەسەری، هەروەها تێکەڵ بوونی پیاوان بەئافرەتان و کۆبونەوە لەگەڵ یاندا بەڕەواترین مافی هەردووکیان دەزانن و بەوپەڕی پێشکەوتنی دادەنێن هەربۆیە لەسەرجەم وولاتانی (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) (غرب - شرق) سەرجەم قوتابخانەکان لەسەریەك دەستورن کەئەویش بریتیە لەتێکەڵ بونی کورو کچ (اختلاط) هەر لەقۆناغەکانی سەرەتایی تا دواقۆناغەکانی خوێندنی باڵا.

هەروەها علمانیەت بەوپەڕی توندیەوە لەزۆرێك لەوولاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڕیار لەسەر ئەو یاسایەدا کەنابێت قوتابیانی زانکۆ بەبەرگی حجابی ئیسلامیەوە بێن بۆ زانکۆ! (لەکاتێکیشدا علمانیەکان خۆیان بەهەڵگری دروشمی دیموکراتی دەزانن و دژی سەرجەم یاسا دکتاتۆریەکانن)!!

وەهەروەها لەزۆرێك لەوولاتانی‌تردا ئەم کارە ئەنجام دەدەن و بەردەوامیش لەهەوڵ داندان بۆ داڕنینی بەرگی حجاب لەبەری ئافرەتانی موسڵمان.

بەڵام یاساو دروشمە ئیسلامیەکان چ لەڕوکەش و چ لەناوەڕۆکدا جیاوازی و دژایەتیەکی زۆر توندی هەیە لەگەڵ باوو دروشمە علمانیەکان دەربارەی ڕەوشت و سەرجەم بەها ڕەوشتیەکانی‌تر چونکە ئیسلام هەموو ئەو دەرگایانە دادەخات کەبۆنی بەدڕەوشتی و فەوضای جنسی و فتنەبازی لێوەدێت، چونکە خوای گەورە زاناترە لەئێمەی بەندە ئەگەر بێت و بەوشێوەی علمانیەکان هەموو کارێکی جنسی حەڵاڵ دەکەن و بەڕەوای دەزانن ئیسلامیش وابێت، ئەوە کەشتی کۆمەڵگاو ژیانی مرۆڤەکان و یاساکانی وولات و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو تیاچوون و نوقم بوون دەچن، هەروەك ئێستا لەوولاتانی ڕۆژئاوای علمانیدا ئەم ڕاستیە بەچاوی خۆمان دەبینین

کەبەهۆی ئەو ڕێدان بەکاری تێکەڵیەی نێوان ژن و پیاو گیرۆدەی گەورەترین و ترسناک ترین کێشەبوون کەبریتیە لەکێشەی جنسی و زۆرێک لەدانیشتوانی وولآتانی ڕۆژئاوا گیرۆدەی نەخۆشی (ئایدزن) کە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵی و پەیوەندیە نادروست و شەرعیانەوە دروست دەبێت کەعلمانیەکان بەمافی ڕەواو گەورەی ئافرەت و پیاوی دەزانن.

بەڵێ ئیسلام هەر لەسەرتاوەو پێش ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو ئەو کێشەو نەخۆشیانە بڕوات دەیان و سەدان دەستورو یاسای بۆ چارەسەرکردن و بلآونەبونەوەی ئەو نەخۆشیانە داناوە کەبریتین لە:

﴿ولا تقربوا الزنى انه كان فاحشة وساء سبيلا﴾ (الاسراء:٣٢)

واتە: لەزیناو بەدڕەوشتی نزیک مەکەونەوە چونکە زیناکردن کارێکی نارەواو ڕێگایەکی خراپە. یان بەئافرەتان دەفەرموێت: ﴿ولايبدين زينتهن الا ماظهر منها وليضربن بخمورهن على جيوبهن﴾ (النور:٣١).

واتە: بائافرەتان جوانی لاشەی خۆیان دەرنەخەن بۆ پیاوان و کەسانی نامەحرەم تەنها دەم و چاو و دەستیان نەبێت هەروەها سەرپۆش بدەن بەسەریانداو سەرسنگ و لاشەیان داپۆشن و بەدەرەوە نەبێت.

یان: ﴿قل للمؤمنين يغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم ذالك أزكى لهم﴾ (نور:٣٠).

واتە: ئەی محمد بڵێ بەپیاوان کەچاوەکانیان لەئاست ئافرەتانی نامەحرەمدا دابخەن و سەیریان نەکەن و هەروەها داوێن پاکیش بن و کاری بەدڕەفتاری ئەنجام نەدەن، بەڕاستی ئەمە زۆر پاکترو چاکترە بۆیان.

هەروەها بەئافرەتانیش دەڵێ:

﴿وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن ويحفظن فروجهن...﴾ (نور:٣١).

واتە: هەروەها بەئافرەتان یش بڵێ کەچاویان لەئاست پیاوانی نامەحرەم دا دابنەوێن نوو سەیریان نەکەن و داوێنی خۆشیان بەپاکی ڕابگرن...))

هەروەها ئیسلام کۆبونەوەو دانشتنی ژن و پیاوێکی نامەحرەمی قەدەغەکردووە کاتێ بەتەنها لەژوورێکدا دابنیشن و قەدەغەی سەفەرکردنی ئافرەتی کردووە بەتەنها و بەتایبەی کاتێ ئەو شوێنەی بۆی دەچێ ئەمین نەبێت و مەترسی لێبێ.

(ب) لەبواری بەستنەوەی ڕەوشت لەگەڵ دیندا (اخلاق و دين):

علمانیەکان بەهیچ جۆرێک خۆشحاڵ نین بەبەستنەوەی دین بەڕەوشتە بەرزەکانەوە بەو مانایەی کەبەها ڕەوشتیەکان هیچ پەیوەندیەکیان بەدینەوە نیە بەڵکو پەیوەندیان بەفەلسەفەو مرۆڤ خۆوەیەتی!!

(٤) هەڵوێستی علمانیەكان دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی:

بێگومان گەورەترین لایەنێك كەعلمانیەت دژی بوەستێ‌و هەوڵی لەناوبردن‌و سەركوت كردنی بدات لاینەی شەریعەتی ئیسلامیە، چونكە علمانیەت وای دەبینێ كەدەبێت تەنها خۆی یاساو بەرنامە بۆ كێشەی ئینسانەكان دابڕێژێ‌و ئەم كارە مافی ئیسلام نیەلەبەو واتایەی كەبەئارەزوی خۆی هەرچی ویست حەلاڵی بكات‌و ئەوەی نەویست حەرامی بكات؟!! بەم كارەشی حەقی بەڕێوەبردن‌و پەروەردگاریتی لەخوای گەورە دەسێنێتەوەو دەیكاتە بەری خۆی، بەڵێ علمانیەت فیرعەون ئاسا بانگەشەی خوایەتی خۆی دەكات‌و بەسەرجەم ئینسانەكان دەڵێ:

((ئەی خەڵكینە یاساكانی خوا بەكەڵكی ئێوە نایەن‌و لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەتاندا ناگونجێت‌و چارەسەری كێشەكانتان بەتەواوی ناكات؟! بەڵام ئێمە. واتە. (علمانیەت) بەرنامەو بیردۆزو یاسایەكتان بۆ دادەڕێژین كەلەیاساكانی خوا زۆرباشتر بێت‌و چارەسەری تەواوی كێشەكانتان بكات؟!))

بەڵێ علمانیەكان باوەڕیان بەوە نیە كەخوای گەورە تەشریع‌و یاساو ڕێسا بۆ دروست كراوەكانی خۆی دابنێ‌و مەرجی بكات لەسەریان كەبەپێی ئەو یاسایانە كردەوە بكەن‌و بجولێنەوە، بەڵام قورئان پێش (١٤٠٠) ساڵ زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەم جۆرە باوەڕە بێبنچینەو ناوەڕۆكە دەداتەوەو دەڵێ: ﴿ألا له الخلق والامر﴾ (الاعراف:٥٤)[1]

واتە: ئایا كاری بەدیهێنان‌و فەرمان كردن تەنها هەر بۆ خوای گەورە نیە؟! بەڵێ هەروەك چۆن كارو سیفەتی بەدیهێنان لەنەبونەوە تەنها پەیوەستە بەخوای گەورەوەو كەس تێیدا بەشدار نیە، ئاواش كارو سیفەتی بەرنامە دانان‌و فەرمان كردن تەنها كاری پەروەردگارەو نابێت كەس تێیدا بەشداربێت.

یاساكانی شەریعەتی ئیسلام‌و كێشەو گرفتەكانی ئەمڕۆ

وەك بڕیارماندا لەباسەكانی پێشوودا‌و لەسەرە باسێكی تایبەتیدا بەرپەرچی گومانی خراپی علمانیەكان بدەینەوە دەربارەی یاسا بڕیار لەسەر دراوەكانی ئیسلام‌و كێشە نوێیەكانی ئەمڕۆ، علمانیەكان دەڵێن ((قورئان لە سەرەتادا لەكۆمەڵگایەكدا دروست بوو‌و بڵاوبویەوە كەخەڵكی ئەو سەردەمە چەندین جۆر دارو بەردو بتیان

(١) مانای ئەم ئایەتە بەو شێوەیە: ئاگاداربن ئادەمیزاد كاری دروست كردن‌و فەرمان بەسەراندان هەر لەبۆ خوایە.

دەپەرست و دەسەلات داران بێچارەو بێدەستەلاتەکانیان دەچەوساندەوەو خەڵکی خوێن و گۆشتی مردارەوە بووی دەخوارد.

هەروەها تایبەت مەندێتی ئەو کۆمەڵگایە وابوو کەکچیان زیندەبەچاڵ دەکردو یاسای بەندایەتی (قانون العبودية) هەبوو کەدەستەلات دارو دەوڵەمەندەکان بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیان بەکەسانی ڕەش پێست و غەریب و فەقیرەوە دەکردوو وەك سەرجەم پێداویستیەکانی تری ئینسان لەبازاڕو شوێنە گشتیەکاندا دەفرۆشران (سلمانی فارسی و بلال حەبەشی) باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ڕاستیە،

هەروەها دەربارەی خوێندن و بوارە زانستی و هونەری و پزیشکیەکانی تریش کۆمەڵگای مەککەو عەرەبی ئەو سەردەمە زۆر زۆر دواکەوتووبوون و تەنانەت هەندێکیان هەر بەپێخاوسی دەڕۆیشت و هیچیان لەپێ نەدەکرد. وەهەزارەها جۆر شتی تر لەم بابەتە.

بەڵێ ئیسلام لەم کۆمەڵگایەدا دەرکەوت و بەپێی حاڵ و کێشەی و گرفتی ئەو خەڵکە یاسای دادەڕشت و فەرمانی دەکرد، لەبەرئەوە ئیسلام لەسەردەمی خۆیدا زۆر گونجاوبوو بۆ کێشەو گرفتەکانی عەرەبی ئەوکاتەو ناوچەکە، بەلام لەگەڵ بەرەو پێش چوونی دنیای زانست و تەکنەلۆژی و سەرجەم بوارە کۆمەلایەتیەکانی مرۆڤەکان، کێشەو گرفتی نوێ هاتنەکایەوەو ژیانی خەڵکی بەرەو پێش تر ڕۆیشت و بەشێوەیەکی تری لێهات.

جا بەڵگەشمان[1] لەسەرئەوەی کەقورئان و شەریعەتی ئیسلامی و یاساکانی ئیسلام بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت ئەم چەند خاڵەی خوارەوەیە.

(أ) قورئان لەسەرتادا بۆ کۆمەڵگایەك هات کەکێشەی بت پەرستی و دارو بەرد پەرستنیان هەبوو و کڕنوشیان بۆ ئاژەڵ و ئینسان و شتەکانی تر دەبرد بەلام ئێستا خەڵکی پێش کەوتووەو ئامادە نیە کڕنوش بۆ بت و هیچ شتێکی تری لەم بابەتانە ببات، لەبەرئەوە قورئان بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت و یاساکانی کۆن بوون نزیکەی (١٤٠٠) ساڵ زیاتر ئینسانەکان بەرەو پێش چوون و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی شمولی کێشە نوێیەکانی ئەم سەردەمە ناکات، کەواتە لەخاڵی یەکەمدا دەڵێن مێژوو و واقع گەورەترین بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەقورئان کۆن بووەو بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت!!!!؟

---

(١) جا بەڵگەشمان، واتە: بەڵگەی ئیمەی علمانی.

بەڵێ ئێمەش لەوەڵامی ئەم گومانە خراپو بێناوەڕۆکەدا دەڵێین:

(ڕاستە قورئان (پێش ١٤٠٠) ساڵ لەناو عەرەبو گەلێکی بت پەرست هاتە خوارەوەو کاری سەرەکییشی بریتیبوو لەفێرکردنو تێگەیاندنی ئەو خەڵکە لەخوای گەورەو دروشمی یەك خواناسی (توحید)و سڕاندنەوەو شکاندنی خۆزگەی بت پەرستی لەدڵیاندا، بەڵام کێشەکە لێرەدا کۆتای نایەتو تەواو نابێت هەروەك چۆن علمانیەکان بەخەیاڵی خۆیان ئالێرەدا کێشەکە کۆتای پێدێننو دەیکەنە بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی کەقورئان بەکەڵکی ئەم کۆمەڵگاو سەردەمە نایەت بەبیانو وبەڵگەی ئەوەی کەئێستا خەڵکی پێش کەوتووەو دارو بەردو بت ناپەرستێ، نەخێر مەسەلەکە بەوەندە کۆتای نایەت چونکە دیاردەی پەرستن شتێکی فطریو دەرونیەو لەناخی هەموو کەسێکدا هەبووە بەدرێژای مێژوو هەروەك ((هنری برجسون)) دەڵێت: ((بەدرێژای مێژوو ڕێکەتووەو هەبووە کەوڵاتو شارستانیەتە کۆنەکان بێ قوتابخانەو نەخۆشخانە مابێتنەوەو ئەم لایەنانە لەئاریاندا نەبووبێ بەڵام هەرگیز میللەتێ نەبووە لەسەر زەویدا کەبێپەرستگا مابێتنەوە (خوا)یان غەیری (خوایان) نەپەرستبێ)).[1]

جابت پەرستی بەپێی سەردەمو بەرەو پێش چوونی ژیانی خەڵکیو گۆڕان کاریە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێتو بەرگێکیتر لەبەردەکاتو ناوێکیتر لەخۆی دەنێ، لەسەردەمی خۆیدا خەڵکی بەدەستی خۆیان لەدارو بەرد وێنەی پیاو چاکێك یان ئاژەڵێك یان هەر شتێکیتری لەم بابەتەیان دروست دەکردوو کڕنوشیان بۆدەبرد هەروەك لەصەحیحی (بوخاری)دا هاتووە کەیەکێ لەهاوەڵان دەفەرمێت ((کنا نعبد الحجر، فاذا وجدنا حجرا هو خیر منه القیناه واخذنا الاخر))[2]

واتە: ئێمە بەردمان دەپەرست، بەڵام گەربەردێکی باشترو چاکترمان دەست بکەوتایە ئەوە ئەو بەردەی پێشومان فڕێدەداو بەردە جوانو چاکەکەمان دەکردە خوای خۆمانو هەڵمان دەگرت.

لەپاش ئەوەی کەخەڵکی بەرەو پێش چوونو سەرجەم بوارەکانی ژیانی ئینسان پێشکەوتو خەڵکی بەڕووکەش دەستی لەبت پەرستی هەڵگرتو کڕنوشی بۆ دارو بەردوو شتەکانیتر نەدەبرد؟! بەڵام علمانیەکان هەرئەوەندە حاڵی بوون لەبت پەرستی

---

(١) وجود الله/ دکتور یوسف القرضاوی (ص: ٢٣).

(٢) روا البخاری عن ابی رجاء العطاردی (کتاب المغازي باب وفدبني حنيفة)

كەئینسان كڕنوش بەرێت بۆدارو بەردوو شتی‌تر!! نەء !! وانیە ئەمڕۆ خەڵكی بەشێوەو شێوازێكی تربت دەپەرستن‌و كڕنوش بۆبت دەبەن ئەویش كەشوێن نەفسیان كەوتوون‌و كردویانە بەخوای خۆیان‌و لەرێگەی ڕاستی دورخستونەتەوە/قورئان نەفسی ئینسانی بەخوایەك ناوبردووەو دەفەرمێت:

﴿أفرأيت الذى اتخذ الهه هواه﴾؟!

واتە: ئایا نابینیت كەوا نەفسی خۆیان كردۆتە خوایەك‌و دەی‌پەرستن.

هەروەها ئەمڕۆ لای هەندێ كەس زانست بۆ تەخوایەك‌و دەی‌پەرستن، لەهندستاندا مانگاو دارو بەردو هەزارەها جۆر شتی‌تر دەپەرستن. هەربۆیە (غاندی) دەڵێ: .

((من لەبەردەم هەموو جیهاندا بەرگری لە (گا) پەرستی دەكەم چونكە خۆم (گا) پەرستم))[1] یان لەجێگایەكی‌تردا دەڵێ: .

((مانگا زۆر لەدایكم بەرێزترە چونكە دایكم بۆ ماوەی دوو ساڵ یان كەم تر شیرم دەداتی‌و لەپاشاندا لێم دەبڕێتەوە، بەڵام مانگا بەردەوام شیرم دەداتی‌و تادەمرێ خزمەتم دەكات)).[2]

هەروەها بوزیەكان لەصین‌و یابان‌و چەند وڵاتێكی‌تر تا ئێستاش پەیكەری (بوزا) دەپەرستن، بەڵێ ئەمڕۆ لەم چەرخی پێشكەوتنەداو لەسەدەی (٢٠)دا خەڵكی دەیان‌و سەدان بتی جۆراوجۆر دەپەرستن‌و لەبری خوای گەورە گوێ ڕایەڵیان دەكەن بەڵام لەشێوەو شێوازێكی نوێداو بەجۆرێكی‌تر.

كەواتە بەپێی ئەم یاسایەی سەرەوە خەڵكی ئەمڕۆ زیاتر پێویستی بەئیسلام‌و یاساكانی هەیە چونكە لەسەردەمی خۆیدا. واتە(١٤٠٠) ساڵ لەمەوپێش هەموو كەس بت پەرستی‌و خواپەرستی لەیەكتر جیادەكردەوەو دەیان زانی كەشوێن كەوتنی پێغەمبەرو قورئان واتای یەكتاپەرستی‌و یەك خواناسی دەگەیەنێت‌و شوێن كەوتنی ابوجهل‌و ئەبولهب وعتبە وشیبە.... هتد) بت پەرستی‌و دارو بەردو پەرستی دەگەیەنێ.

بەڵام خەڵكی بەناو زانست خوازو پێشكەوتوو ئەمڕۆ علمانیەت‌و شیوعیەت‌و بەرنامەو بیردۆزی ڕۆژئاوایان كردۆتە خوایەك‌و بەردەوام لەهەوڵ داندان لەبانگ كردنی خەڵكی بۆ پەرستن‌و بەگوێ‌كردنی!!

---

(١) الرسل والرسالات (دكتور عمر سليمان الاشقر) (ص: ٣٧).

(٢) هەما سەرچاوەی پێشو.

لەبەرئەوە ئەمڕۆ ئیسلام زۆر پێویست ترە کەخەڵکی لەو کۆمەڵە بتە زل زل و شاخ دار و بریقەدارە ڕزگار بکات و بەرەو یەکتاپەرستی و یەك خواناسیان بهێنێتەوە هەروەك چۆن لەسەرەتادا(٣٦٠) بتی ناو کەعبەی لەناوبردوو ڕێڕەوی کڕنوش بردنی خەڵکی لەو کۆمەڵە بتە زۆرەوە گۆڕی و بەرەو یەك خواو کۆچی پێکردن کەئەویش بریتی بوو لە ((لا اله الا الله فاعبده))

(ب) دووەم بەڵگەی علمانیەت لەسەر ئەوەی کەدەڵێت قورئان باوی نەماوەو یاساکانی بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت بریتیە لەوەی کە:-

((ئیسلام لەکۆمەڵگایەکی نەفامی عەرەبیدا پەیدابوو کەدەسەڵات دار و سەرمایەدارەکان بێدەسەڵات و هەژارەکانیان دەچەوساندەوەولە بازاڕو شوێنە گشتیەکاندا وەك ڕاخەرو جل و بەرگ و پێویستی یانی ناومال دەیان فرۆشتن و (بیلالی حەبەشی و سەلمانی فارسی) باشترین بەڵگەی زیندون لەسەر ئەم ڕاستیە!! ((کلمة حق یرید بها الباطل))

جا علمانیەکان دەڵێن ئێستا لەدنیای هاوچەرخ و پێشکەوتوو خولزادا ئەو یاسا نەفامی و چینایەتە باوی نەماوەو خەڵی سەربەستەو کەس ناتوانێت کەسی تر بەناوی سەرمایەداری و دەوڵەتداریەوە بچەوسێنێتەوەو کەسیشمان نەدی لەم سەردەمەدا وەك کالایەك لەبازاڕەکاندا بفرۆشرێ.

بەڵێ ئێمەش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی علمانیەکان و دەڵێین:

((ڕاستە کاتێ ئیسلام گەیشت بەکۆمەڵگای جاهلی عەرەبی ئەو سەردەمە دەوڵەت دار و سەرمایەدارەکان کەم دەسەڵات و هەژارەکانیان دەچەوساندەوەو گەر یەکێ ڕەش پێست یان غەریب یان هەژار بوایە ئەوە دەکرا بەبەندەی خەڵکی و زۆرجاریش لەبازاڕو شوێنە گشتیەکاندا دەفرۆشرا!!

بەلام هەروەك چۆن خاڵەکەی پێشوو بەوەندە تەواو نەبوو ئاواش بەم جۆرە ئەم خاڵەشیان تەواو نابێت و کۆتای نایەت چونکە مێژوو بەردەوام لەدووبارەبونەوەدایە و بەم شێوەیە ((لەکۆمەڵگای جاهلی عەرەبی کۆندا یاسای چەوساندنەوەو فرۆشتنی بەندە هەبوو وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بەلام گەر بەخێرای سەیرێکی دنیای پێشکەوتووخولزو زانست دۆستی ئەم سەردەمە بکەین ئەوە ئەو ڕاستیانەمان بۆ دەردەکەوێت کەهەمان ڕوداوی چەوساندنەوەی هەژاران و فرۆشتنیان لەلایەن دەوڵەت دار و دەسەڵات دارەکانەوە زۆر بەڕۆشنی دەبینن و هەمان یاسای جاهلی بەردەوام

لەدووبارەبونەوەدایە، ئەمڕۆ سەرمایەداران بەناوی یاسای (راس مالیەت)ەوە دەستیان خستۆتە گۆشت و خوێنی کۆمەڵگاو بەئارەزوی خۆیان مامەڵەو بازرگانی بەسەر ژیانی خەڵکیەوە دەکەن.

بێگومان لەیاسای ئابوری سەرمایەداری (راس مالیەت)دا حەڵاڵە کەمرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی گەورەترین سەرمایەو پارەی زۆر سەرجەم ئەو ڕێگایانە بەکاربهێنێت کەدەیگەیەنێتە مەبەست (جا دزی دەکات یان خواردن دەشارێتەوە یان دەست دەگرێت بەسەر کەنزێکی ئاڵتوندا یان هەر شتێکی لەم بابەتە).

بەڵێ لەیاسای علمانی (راس مالیەت)دا ئەم جۆرە کارە هەیەو بەمەش سەرمایەدارەکان دەبنەخۆرەو دەسەڵات دار بەسەر هەژارانەوە (کەهەمان یاسای جاهلی عەرەبی سەردەمی خۆیەتی و لەناوێکی‌تردا خۆی نیشان دەدات).

هەروەها یاسایەکی تری ئابوری‌مان هەیە کەبەپێچەوانەی یاسای سەرمایەداری (راس مالیەت)ەوەیە کەبریتیە لەیاسای ئابوری (اشتراکیەت) کەئەمیش بیردۆزێکی ئابوریەو یاساکانی بەم جۆرەیە:

کەس خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نیەو دەبێت سەرجەم سەرمایەی خەڵکی لەژێر دەستەڵاتی وڵاتدا بێت و خەڵکی وەك کرێکارێك کاربکات و مانگانە بەیەکسانی موچە وەربگرێت، کەبەڕاستی ئەم جۆرە یاسا علمانیە جاهلیەش لەناوەڕۆکدا هیچ جیاوازی‌نیە لەگەڵ یاساکانی سەردەمی عەرەبی جاهلی و (راس مالیەت)ی ئەم سەردەمە، چونکە لەیاسای ئابوری (راس مالیەت)دا تاکە کەسێك لەسەر حسابی کۆمەڵگا خۆی دەکردە سەرمایەدارو دەوڵەمەندو مافی سەدان و هەزارانی‌تری پێشێل دەکرد، هەروەها لەیاسای ئابوری (اشتراکیەتیشدا) دەوڵەت لەسەر حسابی کۆمەڵگا خۆی دەکردە سەرمایەدارو کەس مافی ئەوەی نەبوو کەتەنها خاوەنی پارچە زەویەکی خۆی بێت، بەڵێ ئەمە بەراوردێکی زۆر سادەو خێرابوو دەربارەی هەرسێ یاسای جاهلی (عەرەبی کۆن و راس الیەت و اشتراکیەتی نوێ) !! کەواتە چ جیاوازیەك بەدی دەکەی لێرەدا؟!

ناوەڕۆکی هەرسێ یاساکە بریتیە لەچەوساندنەوەی کۆمەڵگا بەڵام هەریەکەی بەناوێکەوە، کەواتە ئێستا گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کەبڵێین:

((گەر ئیسلام لەسەرەتادا وەك دینێکی چارەسەرخواز لەکۆمەڵگای عەرەبی جاهلیدا پەیدابوو بۆ مەبەستی ڕاست کردنەوەی خەڵکی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگای عەرەبی و سەندنەوەی سەرجەم مافە خوراوەکانیان، ئەوە ئێستەو لەم سەردەمەدا زۆر پێویست ترە

کەئیسلام جارێکی‌تر دروشم‌و یاساکانی خۆی لەناو کۆمەڵگای پێش کەوتووخوازوو زانست دۆستی ئەم سەردەمەدا بلاوبکاتەوەو کۆمەڵگا لەو بیردۆزو یاسا جاهلی‌و ناژەڵیانە پاك بکاتەوە هەروەك چۆن لەسەرتادا کۆمەڵگای عەرەبی جاهلی پاککردەوەو سەرجەم ئەو یاسایانەی کەهەژارانیان دەچەوساندەوە لەناوی‌بردن‌و ڕیشەکێش‌و بن کری‌کردن.

کەواتە ئێستا علمانیەکان دەڵێن چی؟! پاساوی چی بۆ بیردۆزو یاسا جاهلیەکانی خۆیان دەهێننەوە؟! بەڵگەی چی بۆ کۆن بوون‌و نەگونجانی شەریعەتی ئیسلام‌و یاساکانی بۆ خەڵکانی چەواشەو لایەن گری خۆیان باس دەکەن.

هەروەها دەربارەی فرۆشتنی بەندەو کەم دەست‌و غەریب‌و ڕەش پێستەکانیش دەڵێن: ڕاستە ئێستا بەوشێوەی کەلەسەردەمی خۆیدا هەبوو بەندە نابرێتە بازاڕوو بفرۆشرێ بەڵام ئایا فرۆشتنی بەندە تەنها لەوەدایە کەببرێتە بازاڕوو وەك ماددەی‌تر خەڵکی بیان کڕی؟! نەخێر!! ئەمڕۆ لەژێر سایەی علمانیەکاندا خەڵکی نەك لاشەی خۆی بفرۆشێ بەڵکو ڕۆح‌و لاشەو ژیانی خۆی دەفرۆشێ.

دوایین قسەم لەوەلامی ئەم خاڵەدا ئەوەیە کەبڵێم:

ئەو جاهلیەتەی کەعەرەبی ئەو سەردەمەی تێدابوو هەمان جەهالەتەکە ئەمڕۆ خەڵکی تی‌کەوتووە بەڵام بەشێوەیەکی‌ترو بەناوێکی‌تر، کەواتە ئیسلام لەم کاتەدا زۆر پێویست ترە کەجارێکی‌تر سەر لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی جاهلی بداتەوەو یاساکانی خۆی بخاتەوەگەڕ بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی لەو جەهالەتەی کەبەهۆی ڕێچکەو بیردۆزە ماددیەکانەوە تووشی بووە.

<u>تێبینی</u>: خوێنەری بەڕێز ئاگادار دەکەم کەسەر بدات لەکتێبی ((جاهلیة فی قرن العشرین)ی مامۆستای پایەبەرز (محمد قطب) تازیاتر لەجاهلیەتی ئەم سەردەمە تی‌بگات))

یاساکانی شەریعەتی ئیسلام لەنێوان جێبەجێ‌کردن‌و دروشمی خەیاڵیدا!!

پاش ئەوەی بەڵگەو پڕوپاگەندەی علمانیەکانمان هەڵوەشاندەوەو بەرپەرچمان دانەوە دەربارەی نەگونجانی شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ ئەم سەردەمەدا (انشاء الله) ئێستا دەچینە توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی (یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی لەنێوان جێبەجێ‌کردن (تطبیق)و دروشمی خەیاڵیدا.

گومانی تێداینە کەدەیان ساڵە دوژمنانی خواو عیلمانی‌و مارکسیەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کەگوایا ئیسلام بەگشتی دینێکی خەیاڵیەو(وەهمی) چەند دروشمێکی بریقەدارو بەرزکراوەیەو ناتوانێت لەگەڵ ژیانی خەڵکی‌و پێشکەوتنە زانستی‌و

مرۆییەکاندا هەنگاو بنێت، وەتەنها چەند یاسایەکی کۆنەو تایبەتە بەخودی ئینسانەکان خۆیانـەوەو پـەیوەندی بەسیاسـەتو لایـەنی ئـابوریو کۆمەلایـەتیو عەسـکەریو زانستو.........)) نیە.

بەلگەشیان بۆ ئەم قسانەیان ئەوەیە کـەدەلێن: ڕۆژ بـەڕۆژ ژیـانی خـەلکی لەبـەرەو پێش چوندایەو مرۆڤ بەردەوام لەهـەولی داهێنـانو تازەگەریدا خـۆی خـەریك دەکـاتو ئیسلامیش وەك بەرد لـەجێگاو شوێنی خۆیدا ماوەتـەوەو قابیلی دەست کـاریو گـۆڕان کـاری نیـە، چونکـە یاسـاکانی دینـی ئیسـلام یاسـای قـەطعیو بـواری پێشـنیارو ڕادەربڕینی تێدانیە.

لەبەرئەوە ئیسلام تەنـها چـەند دروشمێکـی خەیالیـەو هـەرگیز لەجیـهانی واقیعـدا ناتوانێت جێگای خۆی بکاتەوەو یاساکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ!!

پێش ئەوەی وەلامی ئەم گومانە بێناوەڕۆکە بدەینەوە باشتر وایە کەبزانین کێ ئەم قسانە دەکاتو تاچڕادەیەك لەڕاستیەوە نزیکن:

أ) بێگومـان ئـەو کەسـەی ئـەم قسانە دەکـات هیـچ شـارەزاییەکی لـەدینی ئیسـلامو یاساکانی نیەو ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی نەخوێندۆتەوەو هەروەك توتێ ئاسا فێری ئەم قسانەکراوە.

ب) یان ئەو کەسـانە ئـەم قسـانە دەکـەن کەشـارەزانو بـاش لەئیسـلامو یاسـاکانی حـالیبوون بـەلام بـۆ مەبەسـتی بەرژەوەندیـەکی دنیـایی خـەلکی چەواشـە دەکـەنو ئـەم گومانانە بلاودەکەنەوە.

ج) یان ئەو کەسانەن کە یاسا نـەگۆڕو گۆڕاوەکـانی ئیسـلام جیاناکەنـەوەو هـەروا دەزانن کەئیسلام چەند یاسایەکی نەگۆڕەو بەپێی سەردەمو کاتەکان قابیلی گۆڕانکای نیە.

بەهەر حالێ هەریەك لەم سێ تاقمە زۆر خراپ حـالیبوون لەیاسـاکانی شـەریعەتی ئیسلامیو مێژووی ئیسلامیو سەرجەم بوارەکانی تری ئیسلام، چونکە: .

یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی سـەرجەم بەکۆقـەطعی نینو بەلکو هـەندێکیان هەیـە بەپێی (شوێنو کـاتو ئـەو شـەخصە) دەگـۆڕێ هـەروەك زانایـانی شـارەزا لـە زانسـتی (أصـول الفقـە) ئاماژەمـان بـۆ کـردووەو دەلێـت (تتغـیر الاحکـام بتغـیر الزمـان والمکـان والاشخاص والاحوال))

واتە: یاساکان دەگۆڕێت بـەپێی ((کاتو شـوێنو کەسـەکانوحالەتـەکان)) بـۆ نمونـە لەجێگایـەکدا کەخـەلکی خواردنـی حـەلالو ئـاوی دەسـت بکـەوێت بۆمەسـتی خـواردن

حەرامەو بواری پێنەدراوە کە(گۆشتی بەرازوو مردارەوە بوو و شارەق بخوات) بەلأم ئەگەرئەو کەسە ڕۆی کەوتە جێگایەك‌و هیچی دەست نەکەوت لەغەیری ئەو شتە حەرامانە زیاتر ئەوە لەوکاتەدا یاساکانی خوای گەورە ڕێگەی ئەوکەسەدەدەن کەئەوشتە حەرامانە بخوات بۆ مەبەستی پارێزگاری کردن لەژیانی ئەو کەسە.

کەواتە دەتوانین یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی بکەیت بەچەند بەشێکەوە:

أ) هەندێك لەیاساکانی شەریعەتی ئیسلامی‌و عەقیدەی ئیسلامی بواری دەست کاری کردن‌و قسە لەبارەوە کردن‌و ڕادەربڕینی کەسی تێدانیە چونکە لەسەرتاوە خوای گەورە حوکمەکەی بڕیوەتەوەو لەهیچ سەردەم‌و کاتێکدا ئەو سایانە ناگۆڕێت‌و تاقیامەت دەبێت وەك خۆیان وابن وەك (سەرجەم) بنچینە باوەڕییەکان، یاساکانی حەلأڵ‌و حەرام، بەهاوڕەوشتی‌یەکان، شێوازی عبادەت کردن هەر لەنوێژوو ڕۆژو حەج‌و... هتد)).

ب) هەندێکی‌تر لەیاساکانی شەریعەتی ئیسلامی بناغەکەی لەقورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) باسی لێوەکراوە بەلأم دەلیلێکی قەطعی نیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کارە بەچ شێوازێك بکرێت‌و بدرێت بۆ نموونە: (یاسای شورا لەئیسلامدا)) باس لەوەندەکراوە کەخوای گەورە دەفەرموێت بەپێغەمبەر (ﷺ) ﴿وامرهم شوری بینهم﴾[1] یان ﴿و شاورهم فی الامر﴾[2]

بەڵێ لەقورئاندا ئەوەندە باسی شورا کراوە کەدەبێت ئەو بڕیارانەی کەلەحکومەتێکی ئیسلامیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت لەسەر بناغەی شورابێت واتە (ڕاپرسی‌کردن بەچەند کەسانێکی خاوەن ژیری‌و لێزان لەو کارەدا).

حیکمەتیش لەم ڕوون نەکردنەوەیەی یاساو چۆنیەتی شورادا لەوەدایە کەئەو کەسانەی پەیامی خوای گەورەیان هەڵگرتووەو هەوڵی جێگیربوونی دینی خوا دەدەن کەکاتێ گەیشتە سەر کورسی حوکم یاسای شورا لەو حکومەتەدا بەکاربهێنن‌و جێبەجێی بکەن بەلأم بەپێی حاڵی ئەو سەردەم‌و واقیعەی کەتێیدا دەژین.

کەئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر مانەوەی دین‌و گونجانی لەهەموو کات‌و سەردەمێکدا.

---

(١) (شورای: ٣٨).

(٢) (ال عمران: ١٥٩).

ج) هەندێكیتر لەیاساكانی شەریعەتی ئیسلامی پێیان دەوترێت (ظنی الدلالة)..واتە: بەڵگەیەكی قەطعی بەدەستەوە نادات و گومانی تێدا هەیە، هەربۆیە زانایان و (فقهاء) لەچۆنیەتی دەرهێنان و (استنباط)ی حوكم لەو ئایەتانەوە جیاوازیان كەوتۆتە نێوانەوە، هەروەها ئەم جیاوازیەیان لەرق قین و دژایەتیەوە نەبووە بەرامبەر بەیەكتری بەڵكو لەچۆنیەتی تێگەیشتنیان بووە لەو دەقە شەرعیە (جا ئایەتی قورئان بوبێت یان فەرموودەی صەحیحی) پێغەمبەر (ﷺ) زۆرجار لەدەربڕینی فتواكانیاندا ڕاستیان كردووەو پێكاویانەو زۆرجاریش نەیان پێكاوە، بەلام پاداشتی خۆیان وەرگرتووە چونكە بەمەبەستێكی پاكەوە ئەو قسەیان كردووەو هەوڵی زۆریان لەگەڵدادا وە.

نابێت ئەوەش لەیادبكەین كەسەرجەم زانایان و مجتهدان لەسەر یاسا قەطعیەكانەوە قسەیان نەكردووەو ڕاوبۆچونی خۆیان دەربارەی نەوتووە بەڵكو زانایانی (مجتهد) (ڕەحمەتی خوایان لێبێ) لەو یاسا فەرعیانە قسەیان كردووە كەدەلیلێكی قەطعی نادەن بەدەستەوەو گومانی تێدایە، بۆ نمونە خوای گەورە دەربارەی قورئان دەفەرموێت: ﴿لا یمسه الا المطهرون﴾.. واتە: دەست نەدەن لەقورئان تا پاك نەبن، ئالێرەدا زانایان لەسەر وشەی (مطهرون) جیاوازیان كەوتۆتە نێوان، هەندێكیان دەڵێن وشەی (مطهرون) بەمانای دەست نوێژ دێت، واتە: ئەو كەسەی دەست نوێژی نەبێت دەست لەقورئان نەدات، هەندێكیتر لەزانایان دەڵێن وشەی ﴿مطهرون﴾ بەمانای (لەشت تەواو نەبێت) (جابەهۆی كاری ژن و مێردایەتیەوە بێت یان بەهۆی شەیتانەوە بێت یان بەهەربیانویەكی ترەوە بێت) كەماناكەی بەم جۆرەی لێدێت: واتە ئەو كەسەی كەلەشی پاك نەبێت دەست لەقورئان نەدات بەلام قەیناكا دەست نوێژیشی نەبێت بەس لەشی پاك بێت.

وەدەیان و سەدان باسیتری لەم جۆرە، كەبەڕاستی ئەم مەسەلە اختلافیانەش هیچ سەرئێشەو گرفتێكی گەورەی بۆ موسڵمانان دروست نەكردووەو موسڵمان ئازادە لەوەی كەبەقسەی هەركام لەو زانا مجتهدانە بكات.

د) هەندێكیتر لەیاساكانی شەریعەتی ئیسلام حەرامن و حوكمەكەی بڕاوەتەوە بەلام لەناو حەرامەكاندا چەند پلەیەك هەیە، هەندێكیان زۆر بەتوندی حەرامەو بواری كردنی نیە بەهیچ بیانویەكەوەو لەهیچ سەردەمو كاتێكدا، وەك (كاری سوخۆری هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿واحل الله البیع وحرم الربا﴾

واتە: خوای گەورە كڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ كردووەو كاری سوخۆری حەرام كردووە، یان داوێن پیسیكردن (زینا) كەلەهەموو سەردەم كات و حاڵەتێكدا حەرامەو كەس ناتوانێت بۆ هیچ حاڵەتێك حەڵاڵی بكات، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ولاتقربــوا الزنــا﴾.. واتە: بەهیچ شێوەیەك توخنی زینا نەكەون و لێی نزیك مەكەونەوە، بەڵام لەهەمان كاتیشدا هەندێ كاری حەراممان هەیە كەلەحاڵەتی پێویستدا حەڵاڵ دەكرێت و ئیسلام لەڕەحمەت و فراوانی خۆیەوە ڕێگە بەكردنی دەدات بۆ نمونە:

(ئارەق خواردن) هەركاتێ زانی و خەریكە دەمرێت لەتینوانداو ژیانت لەدەست دەدەیت و غەیری ئارەقیش هیچ شتێكی تری لێنیە لەم حاڵەتەدا ئیسلام ڕێگە دەدات كەئەو حەرامە بخۆیتەوەو نەمریت و دەگەیتە ئاوەدانیەك بۆ بەدەست خستنی ئاوی پاك و حەڵاڵ، هەروەها گۆشتی بەرازو مردارەوەبوو و شتەكانیتر كەژیانی ئینسانی لەسەر بەندە هەمان یاسای هەیە.

مەبەستیش لەم كارە تەنها پاراستنی ژیانی خەڵكەو هیچیتر نیيە.

كەواتە لەخاڵی یەكەمدا ڕون مان كردەوە كەسەرجەم یاساكانی شەریعەتی ئیسلامی بەڵگەی قەطعی نادەن بەدەستەوەو بواری اجتهادو مناقشەو ڕادەربڕینیشی تێدایە بۆ زانایان تابتوانن دین لەگەڵ ژیانی خەڵكیدا بگونجێنن و بەپێی ئەو سەردەم و واقعەی كەتێیدا دەژین فتوا بدەن.

علمانیەكان دەربارەی ئەم خاڵە زۆر بەهەڵەداچوون چونكە ئەوان دەڵێن ئینسان دروست كراوێكە بەردەوام لەگۆڕاندایە، هەروەها یاساكانی شەریعەتی ئیسلامیش هەمووی جێگیرن، كەواتە یاسا جێگیرو بڕیار لەسەر دراوەكانی ئیسلام لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی ژیانی انساندا ناگونجێت.

ئێمەش دەڵێین علمانیەكان لەم خاڵەدا زۆر بەهەڵەداچوون چونكە: نەهەموو ژیانی ئینسان قابیلی ئەو گۆڕانكاریيانەو نەهەموو یاساكانی ئیسلامیش جێگیرن، بەڵكو هەندێ لایەنی ژیانی انسان هەیە جێگیرەو هەرگیز قابیلی گۆڕان نیەو وەك (فطرەت، اخلاق، پەیوەندی كۆمەڵایەتی، كاری چاكەخوازی و گیانی هاوكاری و برایەتی...)) یاساكانی ئیسلامیش لەم كارانەدا جێگیرەو قابیلی گۆڕان نیە، هەروەها هەندێ لایەنیتری ژیانی انسان هەیە قابیلی گۆڕانە بەپێی كات و سەردەمەكان هەربۆیە هەندێ لەیاساكانی شەریعەتی ئیسلامیش قابیلی گۆڕانكاریە لەگەڵ گۆڕان كاریەكانی هەروەك زانایان دەڵێن: ((تتغیر الاحكام بتغیر الزمان والمكان والاشخاص)).. واتە: یاساكان دەگۆڕێن بەپێی كات و شوێن و كەسەكان)).

چەند تایبەت مەندیەك لەبناغەکانی یاسای شەریعەتی ئیسلامی

بێگومان یاساکانی شەریعەتی ئیسلام چەند تایبەت مەندیەکی سەرەکی هەیە کەبەهۆی ئەم تایبەت مەندیانەوە دەگونجێت بۆ هەموو سەردەمو کاتێك تا ڕۆژی دوای کەسەرەکی ترین یان ئەمانەن:

١) نەبونی قورسی و مەشەقەت لەشەریعەتی ئیسلامدا:

٢) گەربەووردی سەیرێکی سەرجەم یاساکانی شەرعەتی ئیسلامی بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کەیاساکانی خوای گەورە زۆر نەرمو نیانیو ئاسانی پێوەدیارە:

هەروەك قورئان دەفەرمێت:

﴿مایرید الله لیجعل علیکم من حرج﴾ (المائدة: ٦).

واتە: پەروەردگار نایەوێت کەکاری قورس و حەرەجتان لەسەر دروست بکات.

یان دەفەرموێت: ﴿یرید الله بکم الیسر ولایرید بکم العسر﴾ (البقرة)

واتە: خوای گەورە کاری ئاسانو سوکی لێتان دەوێتو شتی قورسی لەئێوە ناوێت، هەروەها (عائیشە)ی دایکی باوەڕداران دەفەرموێت:

((ما خیر رسول الله (ﷺ) بین امرین الا اخذ أیسرهما مالم یکن اثما فان کان اثما کان أبعد الناس منه)).[1]

واتە: هەرکاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لەنێوان دووکارەدا اختیارکرابێت بۆ مەبەستی بەئەنجام گەیاندنی ئەوە کامیان سوكو ئاسان بوبێت ئەویانی هەڵبژاردووە بەمەرجێ تاوان نەبوبێت، خۆئەگەر تاوانیش بوبێت ئەوە لەهەموو کەسێ زیاتر دووربووە لێوەی.

بەڵێ یاساکانی شەیعەتی ئیسلام لەگەڵ تواناو ووزەی مرۆڤەکاندا بڕیاری لەسەردراوەو تەنها یاسایەکمان نیە لەئیسلامدا کەلە تواناو ووزەی مرۆڤەکاندا نەبێتو ئەنجام نەدرێت، هەربۆیە خوای گەرو دەفەرموێت:

﴿لایکلف الله نفسا الا وسعها﴾ (البقرة) .

واتە: خوای گەورە داوای شتێکتان لێناکات کەلەتواناتاندا نەبێت.

یان دەفەرمێت: ﴿لیس علی الاعمی حرج ولاعلی الاعرج حرج ولا علی المریض حرج﴾ (الفتح: ١٧)

---

(١) رواه مسلم.

هەروەها ئیسلام لەڕوانگەی ئاسانی و سۆزی خۆیەوە ڕێگەی بەڕۆژوان لەمانگی ڕەمەزاندا کەبەڕۆژو نەبێت و لەپاش ڕەمەزان بیگرێتەوە، ڕێگەی داوە بەکورت کردنەوەو پێش خستن و کۆکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆ عەسر(قصر وجمع وتقدیم) کاتی لەسەفەردایت، هەروەها بواری‌داوە بەخواردنی گۆشتی بەرازو ئارەق لەکاتی زۆر تەنگانەدا بۆ مەبەستی پاراستنی ژیانی انسانەکان.

٣) کەم کردنەوەی تەکلیفەکان (تقلیل التکالف):

هەروەها یەکێ‌کی‌تر لەتایبەت مەندیەکانی یاسای شەریعەتی ئیسلامی بریتی‌یە لەوە کەزۆرجار و لەهەندێ حاڵەتدا خوای گەورە ئەو داواکاریانەی کەلەسەر مرۆڤەکان پێویستی کردووە کەمی دەکاتەوەو ئاسانی دەکات بۆ مەبەستی ئەوەی ئەو کەسانە توشی ژیانی ناخۆش‌و نارەحەتی‌و حەرەج نەبن هەروەك لەوەو پێش لەخاڵی یەکەمدا باسمان کرد.

بۆ نمونە حەج کردن کەیەکێکە لەپێنج پایەکەی ئیسلام‌و واجبە لەسەر باوەڕداران، بەڵام لەهەمان حاڵەتیشدا لەسەر یەکێ واجب نیە کەتوانای نەبێت یان زەکات‌و سەرفیترەو خێرو شتەکانی‌تر، یان خوای گەورە دەربارەی نوێژ دەفەرموێت: ﴿واقم الصلاة﴾..واتە: نوێژ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێوە ڕابوەستن (کەیەکێکە لەمەرجەکانی نوێژ) بەڵام لەحاڵەتی نەخۆشی‌و بێ‌توانایدا ئیسلام ڕێگەی‌داوە کەبەدانشتانەوە نوێژبکرێت‌و، خۆئەگەر نەشت توانی ئەوە بەپاڵکەوتنەوە نوێژەکەت بکەوە بەم شێوەیە.

یان جیهادکردن کەیەکێکە لەفەرمانەکانی خوای گەورە بەڵام لەهەمان حاڵەتیشدا (جیهادکردن) لەسەر یەکێ واجب نیە کە (نەخۆش‌و لاوازو پەك کەوتەبێت یان منداڵ یان هەرشتێکی‌تر بێت لەم بابەتە).

٤) یاسای پلەپلە (تدرج) هەیە لەشەیعەتی ئیسلامدا:

یەکێکی‌تر لەتایبەت مەندیەکانی شەریعەتی ئیسلام بریتیە لەوەی کاتێ خوای گەورە یاسایەکی داناوەو بڕیاری لەسەر داوە پلەپلە ئەوفەرمانە دابەزیوە چونکە ئەگەر بێت‌و لەسەردەمی خۆیدا بەیەك جار سەرجەم یاساکانی خوای گەورە بهاتایە خوارەوە ئەوە لەوحاڵەتەدا زۆر قورس دەبوو لەسەر موسڵمانان‌و جۆرە قورسیەکی بۆ دروست دەکردن‌و هەرگیز نەیان دەتوانی جێ‌بەجێ‌ی بکەن، هەربۆیە قورئان لەماوەی (٢٣) ساڵدا هاتەخوار بەپێ‌ی ڕوداوەکان، یان حەرام کردنی ئارەق کەبە (سێ)جار حەرام کراو لەهەر حاڵەتێکیاندا بەشێك لەئارەق حەرام دەکراو موسڵمانانیش بەوپەڕی باوەڕەوە وازیان لێ‌دەهێناو تەرکیان دەکرد.

بەڵێ ئەمە بەشێکی زۆر کەم بوو لەتایبەت مەندیەکانی شەریعەتی ئیسلامی کەئەم تایبەت مەندیانە لەهیچ دینو بیردۆزێکی‌تردا بەدی ناکرێت.

کەبێگومان ئەم تایبەت مەندیانە تەنها لەئیسلامدا بەدی دەکرێت‌و لەگەڵ هەموو سەردەمو کاتێکدا دەگونجێت.

کەواتە ئێستا لەدوای ئەم ڕون کردنەوەیە علمانیەکان بەڵگەی چی دەهێننەوە بۆ نەگونجانی شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ انسان‌و ڕۆژگاردا؟!

نمونەی چەند تاقی‌کردنەوەیەکی مێژووی لەجێ‌بەجێ‌کردنی شەریعەتی ئیسلامدا

علمانیەکان دەڵێن: ئەی بانگ خوازانی ئیسلام؟ ئەی ئەو کەسانەی کەبانگەشە دەکەن بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی شەریعەتی ئیسلامی؟! ئەو ئیسلامەی لەچەند دروشمێکی خەیاڵی پێکهاتووەو هەرگیز ناتوانێت لەدنیای واقعدا خۆی بنوێنێ؟!

ئەو ئیسلامەی ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن تەنها لەسەردەمی پێغەمبەرو خولەفاکانی دوای ئەودا جێ‌بەجێ‌کراو بەلەناوچونی ئەوان ئیسلامیش تیاچوو.

هەروەها مێژووی ئیسلامی پڕیەتی لەچەند محاولەیەکی بێ‌بەرهەمو فاشل‌و هیچی‌تر (وەدەیان‌و سەدان قسەو باسی تری لەم بابەتە.

بەڵێ علمانیەکان بەدروست کردنی ئەم جۆرە گومان‌و درۆ بێ‌ناوەڕۆکانە توانیان خەڵکی‌کی زۆر چەواشەبکەن‌و بیان کەنە دژی ئیسلام بەلام واقع خۆی وەلامی ئەم درۆو قسە پوچانەیان دەداتەوەو دەڵێت:

ئەی علمانیەکان زۆر بەهەڵەداچوون کاتێ وادەڵێن‌و ئەو درۆو گومانانە بلاودەکەنەوە چونکە شەریعەتی ئیسلامی وەك لەوەوپێش باسکرا چەند تایبەت مەندیەکی تایبەتی هەیەو بەهۆیەوە لەهەموو سەردەمو کاتێکدا جێ‌بەجێ دەکرێت، بەڵێ گەر ئیسلام دینێکی خەیاڵی بوایەو تەنها دروشم‌و قسەی زل بوایە دەبوو تەنها بۆ جارێکیش جێ‌بەجێ‌نەکرێت لەدنیای واقعدا بەلام گەر سەیرێکی مێژوو بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵێ ئیسلام لەشوێنێکدا جێ‌بەجێ‌کرا کەدواکەوتوترین شوێن بوو لەناوچەکەداو لەو سەردەمەدا کەئەویش مەککەو مەدینەو دووروگەی عەرەبی بوو پاشان بۆ ناوچەکانی‌تری جیهان.

پاشان دوورگەی عەرەبی لەسەردەمی خۆیدا لەهەموو ڕویەکەوە دواکەوتووبوو و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری یان زۆرکزو لاوازبوو، هەربۆیە قورئان لەناویاندا هاتەخوارەوە بۆ مەبەستی هۆشمەندکردن و وریاکردنەوەیان وەك دەفەرمونێت:

﴿انا انزلنا قرانا عربيا لعلكم تعقلون﴾

واتە: ئێمە ئەم قورئانە عەرەبیەمان ناردۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی ((ژیرو عاقڵ بن))

بەڵێ گەر قورئان و شەریعەتی ئیسلامی لەکۆمەڵگایەکی وادواکەوتوودا جێبەجێ‌کرابێ ئەی چۆن لەکۆمەڵگایەکی شارستان و پێش کەوتودا جێبەجێ‌ناکرێ؟!

لەم کاتەدا ڕەنگە هەندێك هەبن کەبڵێن: ئیسلام لەبەرئەوەی دینێکی لاوازو سادەو ساکارە بۆیە توانیویەتی لەناو کۆمەڵگای عەرەبی دواکەوت و نەخوێندەواری ئەو سەردەمەدا جێی خۆی بکاتەوەو جێبەجێ بوبێ؟! ئێمەش بۆ وەلامی ئەم پرسیارە ژەهراویە دەڵێین:

<u>بۆ نمونە</u>: گەر مامۆستایەکی زیرەك و لێهاتوو توانی چەند قوتابیەکی سادەو ساکارو نەخوێندەوار بکاتە مامۆستاو کەسانی خوێندەوار! ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کەئەم مامۆستایە زۆر لێزان و زیرەکەو دەتوانێت کەسانی زیرەك و خاوەن ژیری زیاتر پێبگەیەنێت و فێری خوێندن و نوسینیان بکات ئەوە زۆر ئاسانتر دەتوانێت کەکەسانی خاوەن ژیری و خوێندەوار پێبگەیەنێ.

بەڵێ: ئیسلام کۆمەڵگایەکی پەروەردەکرد کەنەخوێندەوار بوون و بت پەرست بوون و مافی لاوازو کەم دەست و ئافرەتیان نەدەداو انسانی لاوازو ڕەش پێست و غەریب لەبازاڕەکاندا دەفرۆشران و سەدان و هەزاران سیفەتی دزێوی تریان تێدابوو، بەلام پاش گەیشتنی نورو ڕوناکی ئیسلام بەو کۆمەڵگا جاهلیە، سەرجەم ڕوداوەکان پێچەوانەبونەوەو ئەوانەی دارو بەردیان دەپەرست بونە یەکتاپەرست و تەنها خوایان دەپەرست و، ئەوانەی نەخوێندەوار بوون توانیان ببن بەمامۆستای عەرەب و غەیری عەرەب و، ئەوانەی ژێر دەستەبوون ئازادبوون و لەپاشاندا جیهانیان ئازادکرد.

پاشان ئەو عەربە نەخوێندەوارو نەفامانەی کەوەك دڕندە دەژیان، ئیسلام کردنی بەشوان و پێشەنگی مرۆڤایەتی و سەرجەم خەڵکانی دنیا بە(ئەوروپا)شەوە (دین و زانست و فەلسەفەو هونەرو سەرجەم تاقیکردنەوەکانی ژیانیان لەمانەوە وەردەگرت و لەوولاتانی خۆیاندا تەجروبەی موسڵمانەکانیان جێبەجێ دەکرد.

بەڵێ ئیسلام نەك تەنها لەسەردەمی پێغەمبەرو چوار خەلیفەکەی دوای خۆیدا جێبەجێکرا وەك علمانیەکان دەڵێن! بەڵکو (١٣) سەدە دوای ئەوانیش بەردەوام بوو کەیەکەم دین و یەکەم بەرنامە لەسەر زەویدا بەدرێژای مێژوو توانیبێتی کەبۆ ماوەی (١٣٠٠) ساڵ بەردەوام بوبێت و خۆی گرتبێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران نەخشەو پیلان دژیکراوەو فتنەو شەڕی تێدا بڵاوکرایەوە کەجەنگی علی کوڕی ابی طالب و معاویە (ڕەزای خوایان لێبێت) باشترین نمونەی ئەم ڕاستیەن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بانگەوازو شارستانیەتی ئیسلامی ئەوەندە گەورەو فراوان بوو ئەم ڕوداوە بچوکانە هیچ کاریگەریەکی نەکردە سەر بڵاوبونەوەی ئیسلام.

بەڵێ ئەمە وەڵامی واقع بوو دژی علمانیەکان، کەواتە ئێستا دەڵێن چی؟! بەچ بەڵگەو بیانویەك دەڵێن مێژووی ئیسلامی پڕیەتی لەمحاولەی بێبەرهەم و فاشل؟ هەموو دەزانین گەر بەرنامەیەك لەدنیادا فاشل بێت و لەگەڵ ویستی خەڵکیدا نەبێت ئەوە تەنها چەند ساڵێکی کەم دەتوانێت بەردەوام بێت و جێگیر بێت، بەڵام لەپاشاندا خەڵکی خۆی شۆڕش دەکات بەسەر ئەو بەرنامەداو لەناوی دەبات، شۆڕشی فەرەنسا لەدژی پیاوانی کەنیسەو شۆڕشی خەڵکی ڕوسیا لەدژی مارکسیە شیوعیەکان و شۆڕشی بەعسیەکان دژی عبدالکریم قاسم و شۆڕشی کوردەکان دژی بەعسیەکان لەساڵی ١٩٩١، باشترین بەڵگەی زیندون بۆ ئەم باسە.

سەرنجێك! کاتێ علمانیەکان قسەدەکەن دەدوێن دەربارەی ئیسلام کە ئیسلام خەیاڵیەو لەدروشم و قسەی زل و بێناوەڕۆك زیاتر هیچیتر نیە!!؟.

لێرەو لەم کاتەدا زۆر بەپێویستی دەزانم کەئەوە ڕون بکەمەوە ئاخۆ چ کاتێك بەدینێك یان بەرنامەو بیردۆزێك دەوترێت خەیاڵی یان پرسیار بکەین و بڵێین:

ئایا بیردۆزو بەرنامەکانی دنیا بەهۆی چ تایبەتمەندیەکیانەوە دەبنە بەرنامەو دین و بیردۆزێکی خەیاڵی و تەنها لەچوارچێوەی قسەی زل و دروشمی بریقەدارو بێناوەڕۆکدا دەمێنێتەوە؟!

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین:

((هەر دین و بیروباوەڕو بیردۆزێك چ لەکۆن و لەنوێ ئەم چەند سیفەتەی تێدابوو ئەوە بەو بەرنامەیە دەوترێت بەرنامەو بیردۆزێکی خەیاڵی و بەهیچ بەڵگەیەك لەجیهانی واقعدا جێبەجێ ناکرێت و تەنها دروشمی ڕەونەق دارەو هیچیتر نیە، کەسەرکیترینیان ئەمانەن:

١ - هەر ڕێبازو بەرنامەیەك لەیاساو بیروباوەڕەكانیدا لەگەڵ فیطرەت و ناخی مرۆڤەكاندا نەگونجاو دژایەتی لەگەڵ لایەنە ناوەكی و دەرونیەكانی مرۆڤدا هەبوو ئەوەبەو بەرنامەو بیردۆزە دەوترێت بەرنامەیەكی خەیاڵی و دوابڕاوو بێبەرهەم، وە هەرگیز لەجیهانی واقعدا ناتوانێت بچەسپێت.

بەڵێ بەپێی ئەم یاسایەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت ئاخۆ ئیسلام دینێكی خەیاڵی و بێناوەرۆكەو لەگەڵ ژیانی انساندا ناگونجێت یان علمانیەت؟!

لەوەو پێش باسمان كرد كەئیسلام سەرجەم لایەنەكانی ژیانی انسانی ڕون كردۆتەوەو یاسای تایبەتی بۆ داناوە، هەروەها سەرجەم یاساو بڕیارەكانی ئیسلام لەگەڵ فطرەتی خەڵكیدا یەكسانەو بچوكترین دژایەتیان لەنێواندانیە، پاشان ئیسلام یاساكانی حەلاڵ و حەرام لەگەڵ ڕەوشت و خودی كۆمەڵگا بەگشتی و تاكە كەسەكان بەتایبەتی داناوە، هەر شتێك پاك و سودبەخش بێت و دووربێت لەزیان ئیسلام حەلاڵی كردووەو هەرشتێك پیس و زیان بەخش بێت ئیسلام حەرامی كردووە ((واحل لكم الطيبات وحرمت عليكم الخبائث)) بەلام گەر سەیرێكی بیردۆزی علمانیەت بكەین ئەوە دەبینین كە یاساو بڕیارەكانی علمانیەت لەگەڵ فطرەت و دەرونی مرۆڤەكاندا ناگونجێت و ڕێچكەیەكی خەیاڵین چونكە:

ئینسان لەناخ و فطرەتیدا خۆزگەی پەرستنی تێدایەو حەزبەم لایەنە دەكات، بەلام علمانیەت هیچ بایەخێكی پێنادات و بەمەبەستی گرنگی مرۆڤەكانی نازانێت.

كەواتە لەم خاڵەدا علمانیەت پێكهاتووە لەخەیالات و دروشمی بریقەدارو لەدنیای واقعدا جێبەجێ ناكرێت تاسەر.

٢. هەر بەرنامەو دین و بیردۆزێك لەدنیادا گەر نەیتوانی جێگیربێت و بۆ ماوەیەكی زۆر دەستەلات دارو حوكم ڕان بێت ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كەئەو بەرنامەو دین و بیردۆزە خەیاڵیەو تەنها دروشمەو قسەی زل.

هەموو علمانیەكان دەزانن و لەمێژووی ئیسلام شارەزان كەئیسلام تاكە بەرنامەو دینە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا كە (١٣٠٠) ساڵ حوكمی كردبێت و فەرمان ڕەوابووبێت و گەورەترین شارستانیەت و زانست و لایەنی ڕۆشن بیری و فەلسەفی و هونەری بلاوكردبێتەوە، وە هۆكاری كزبوون و لاوازبونی لەسەردەمی عوسمانیەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ شوێن كەوتانوو هەڵگرانی كەلەڕێگە پاكەكەی ئیسلام لایان داو دەستیان دایە دنیا

پەرستی، هەر بۆیە لەم کاتەدا جولەکەش دەستی خیانەت کارو پیسی خۆی تێکردن‌و لەساڵی (١٩٢٣) خەلافەتی عوسمانی لەناوچوو.

بەڵێ ئەوە مێژووی جێگیربوون‌و فەرمان ڕەوای موسڵمانان، بەڵام ئایا علمانیەت چەند ساڵە هاتونەتە سەر شانۆی ژیان‌و خەباتی سیاسی‌و فیکری خۆیان دەکەن؟! وەئایا تاچ ڕادەیەك توانیویانە کەجێگەی خۆیان بکەنەوە لەدڵی جەماوەری خۆیاندا، وەتا چ ئاستێك توانیویانە کەسەرکەوتووبن؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەچینە خزمەت واقع بائەو شاهیدمان بۆ بدات‌و بڵێت ((علمانیەکان لەدوای شۆڕی فەرەنساوە پەیدابوون ساڵی (١٧٨٩) زاینی کەتا ساڵی (١٩٩٨) نزیکەی (٢٠٩) ساڵ دەکات، وەباشترین‌و سەرەکی‌ترین شوێن بۆ جێبەجێکردنی بیرۆزی علمانیەت بریتی‌یە لە (تورکیا)).

بەڵێ علمانیەکان لەتورکیا نزیکەی (٧٠) ساڵ حوکم یان کردوو مێشکی خەڵکیان پڕکرد لەدروشم‌و فکری علمانی‌و لەسەرجەم بەها ڕەوشتیەکان دایان ڕنی، بەڵام ئایا توانیان کەدین لەناوبەرن‌و بەتەواوی جێی خۆیان بکەنەوە لەناو دڵی خەڵکانی تورکیدا؟! نەخێر، لەپاشاندا خەڵکی دین دڵری بەنج کراو لەدروشمە خەیاڵی‌و بریقەدارەکانی علمانیەت ووریابونەوەو بۆ جارێکی‌تر ئیسلامیان هەڵ بــــــــــژاردوو علمانیەت‌و ڕێچکەکانی تریان پشت گوێخست. مشتێکیش نمونەی خەروارێکە.

٣. هەر بەرنامەو بیرۆزو دینێك لەدنیادا گەر تاماوەیەکی دیاریکراو خەڵکی شوێنی کەوت‌و پاشان لێی پاش گەزبویەوەو دژی وەستاو هەوڵی‌دا کەخەڵکانی تریشی لێدووربخاتەوە ئەوە گومانی تێدانیە کەئەو بەرنامەو بیرۆزو دینە تەنها قسەی زل‌و بریقەدارەو سەرجەم بڕیارو بۆچونوو یاساکانی خەیاڵین‌و هەرگیز لەدنیای واقعدا ناتوانێت جێگیربێت.

بەڵێ گەر بەپێی ئەم یاسای سەرەوە (ئیسلام‌و سەرجەم بەرنامەکانی‌تری دنیا، بەراوردبکەین ئەوە دەگەینە ئەنجامێکی واقعی.

وا بۆ نزیکەی (١٤٠٠) ساڵ زیاترە ئیسلام پەیدابووە نزیکەی (١٣٠٠) ساڵیش فەرمان ڕەواو دەستەڵات داربووە، لەگەڵ ئەم مێژووە گەورەو بێوێنەیەشدا ڕۆژێك لەڕۆژان بەرنامەیەکی تر پەیدانەبوو کەببێتە بەدیلێك بۆ ئیسلام‌و خەڵکی دەست لە ئیسلام بەربدەن‌و بچنە ناو ئەو بیرو بەرنامەیەوە، هەروەها ئەو کەسانەی کەشاددەبون بەئیسلام‌و دەهاتنە ناو ئیسلامەوە ئەوەندە ئاشقی بەرنامەی خوا دەبون کەخۆیان‌و ماڵ‌و ژیانیان بەخت دەکرد لەپێناوی خواداو دەیان‌و سەدان وولات‌و شاریان دەکرد بۆ مەبەستی‌گەیاندنی ئەو دینە بەخەڵکی.

پاشان ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ خەڵكی زیاتر ئاشنادەبێت پێی و لەحەقیقەتەكانی تێدەگات، هەربۆیە ئەمڕۆ لەسەدەی (٢٠)ەمدا ڕابوون و بانگەوازی ئیسلامی هەموو جیهانی گرتۆتەوەو بوەتە بەدیلێكی واقعی لەبەرامبەر علمانیەت و سەرجەم دین و ڕێچكە دەست كردەكانی‌تردا، هەروەها ئەمڕۆ زۆر بەئاشكرا ئەو دیاردەیە بەدی دەكەین كەخەڵكی چۆن واز لەبیروباوەڕو بیردۆزە مادیەكان دەهێنن و باوەش دەكات بەئیسلامدا.

بەڵێ ئەمە نمونەیەكی واقعیە دەربارەی ئیسلام و شوێن كەوتوانی، خۆ ئەگەر ئیسلام دینێكی خەیاڵی و چەند دروشمێكی بریقەدارو نابەجێ‌بوایە ئەوە هەر لەمێژەوە باوی نەدەماو خەڵكی لێدوردەكەوتەوە وەك دینە دەست كاری‌كراوو بیردۆزە فشەڵەكانی‌تری لێدەهات، بەڵام ئایا شوێن كەوتوانی لێی ڕادەكەن و باوەش بەبەرنامەی تردا دەكەن؟! بێ‌گومان واقع خۆی وەڵامی بۆ ئەم پرسیارانە داناوەو دەڵێت: ((نەخێر)) بەڵكو سەرجەم دین و بەرنامەو بیردۆزەكانی تری غەیری ئیسلام خەیاڵین و تاماوەیەكی كەم بڕەكەن و خەڵكی شوێنیان دەكەوێت و پاش ماوەیەك شوێنكەوتوانی لێی ساردەبنەوەو پاشگەز دەبنەوەو دێنە ناو ئیسلامەوە' بێ‌گومان ئەو بەرنامەو دینە دەست كاری‌كراوانەش بریتین لە:

(دینی جولەكە، دینی خاچ پەرستی مەسیحی، علمانیەت، ماركسیەت وجودیەت، عەبەسیەت، هەردوو بیردۆزی داروین و فرۆید...) كەئەم دین و بەرنامەو بیردۆزانە هەندێكیان لە (٥٠ تا ٦٠) ساڵ زیاتر نەی‌توانی بەردەوام ببێت و خەڵكی لەخۆی خەریكاتەوەو پاشان كەدەركەوت بۆ خەڵكی هیچ نین و تەنها چەند دروشمێكی زل و بێ‌ناوەڕۆكن شوێن كەوتوانی لێ‌پاش گەزبونەوەو ئەوانیش. واتە ئەو بەرنامانە ناویان لەكولەكەی تەڕدا نەماو وەك مۆم توانەوە؟؟!

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەوە ئیسلام و ئەوە بەرنامەو دینەكانی غەیری ئیسلام بەراوردێكی خێراو بەوێژدان بكە تابگەیتە ئەو ڕاستیەی ئاخۆ كامیان خەیاڵین و لەگەڵ ژیان و بوارەكانی پێشكەوتنی مرۆڤەكاندا ناگونجێن.

حوكمی ئیسلام دەربارەی علمانیەت و علمانیەكان

گەر یەكێ پرسیار بكات و بڵێت كاتێ ئێمە بۆمان دەركەوت كەعلمانیەت چیەو ئاخۆ دەبێت حوكمی ئیسلام چی‌بێت دەربارەی ئەم ڕێچكە دور لەخوایە؟!

ئێمەش بۆ وەڵامی پرسیارەدەڵێین:

١- علمانیەت لەڕوانگەی ئیسلامەوە بیردۆزێکە لەسەر بناغەی دنیا پەرستی‌و وازهێنان لەژیانی دواڕۆژ دروست بووە:

هەروەها علمانیەت‌و سەرجەم بەرنامەکانی تر بەڕێگەیەکی سەرەکی دەزانین بۆ دورخستنەوەی خەڵکی لەدینی بێگەردو بەرزی ئیسلام، کەئەم کارە ئیشی نەیارانە بە ئیسلام هەروەك قورئان باسی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەکات لەسەر زمانی شەیتانەوەو دەفەرموێت:

﴿لاقعدن لهم صراطك المستقيم﴾ (الاعراف: ١٦).

واتە: بەڵێن بێت لەسەر ڕێگە ڕاستەکەی تۆ بۆیان دابنیشم.

پاشان دەفەرموێت: ﴿ولاغوينهم أجمعين﴾.

واتە: پاش ئەوەی کەلەسەر ڕێگە ڕاستەکەی تۆ بۆیان دانیشتم دەبێت گومڕایان بکەم‌و لەدینی تۆیان دوربخەمەوە.

بەڵێ علمانیەتیش وەك ڕێچکەیەکی شەیتانی ئەمڕۆو لەم سەردەمەدا هەمان ئیشی شەیتان ئەنجام دەدات‌و خەڵکی بۆ بێباوەڕی‌و بت پەرستیەکی نوێ بانگ دەکات‌و لەخوای گەورەو ئیسلامیان دوردەخاتەوە.

هەربۆیە خوای گەورە ئامۆژگاری باوەڕداران دەکات‌و دەفەرموێت:

﴿وان هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولاتتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبله ذالكم وصاكم به لعلكم تتقون﴾.

واتە: ئەمە ڕێگەی ڕاستی منە. واتە ئیسلام و شوێنی بکەون‌و شوێنی ڕێبازو ڕێچکەکانی‌تر مەکەون چونکە لەڕێگە ڕاستەکەی ئیسلام لاتان دەدەن‌و دورتان دەخەنەوە، بەڕاستی ئەمە وەسیەت‌و ئامۆژگاری پەروەردگارە بۆ ئێوەی باوەڕدار تاوەکو خۆتان لەو ڕێگایانەی شەیتان بپارێزن‌و دورە پەرێزبن لێیان.

هەروەها دەفەرموێت:

﴿ومن يبتغ غير الاسلام دينا فلن يقبل منه وهو في الاخرة من الخاسرين﴾ (آل عمران:٨٥)

واتە: هەرکەسێ شوێن غەیری ئیسلام بکەوێت‌و بەیاساو بڕیارەکانی ڕازی‌بێت ئەوە خوای گەورە لێی قبوڵ ناکات‌و لەپاشەڕۆژدا یەکێ دەبێ لەخەسارەومەندەکان.

٢- حوکمی ئیسلام دەربارەی علمانیەکان:-

بێگومان حوکمی ئیسلام دەربارەی ئەو علمانیانەی کەباوەڕیان تەنها بەژیانی دنیا هەیەو ژیانی دواڕۆژیان پشت گوێ خستووەو باوەڕیان وایە کەدەبێت ئیسلام لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی خەڵکی‌و سیاسەت‌و حوکم دووربخرێتەوەو دین تەنها وەك چەند دروشمێکی بەرزکراوە بمێنێتەوەو تێکەڵ بەژیانی خەڵکی نەبێت، ئەوە حوکمی ئیسلام

دەربارەی ئەو كەسانە بریتیە لەوەی بەكافرو بێدین و بێباوەڕیان دەزانین و كاتێ مرد یش نابێت نوێژی مردویان لەسەر بكرێت و لەناو گۆڕستانی موسڵمانان بنێژرێن بەتایبەتی ئەو كەسانەی كەڵپرسراوو حاكمن لەناو علمانیەكاندا.[1]

هەروەها ئەو علمانیانەی كەبانگەشە بۆ علمانیەتی خۆیان دەكەن و دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێبوون و جێگیربوونی شەریعەتی ئیسلامی، ئەوانە بەپێی حوكمی ئیسلام (هەڵگەڕانەوە لەدین) واتە (مرتەدن).[2]

ئامۆژگاری! لەكۆتاباسی ئەم بەندەدا داواكارم لەسەرجەم خەڵكی بەگشتی و ئەو كەسانەی شوێن علمانیەت كەوتون بەتایبەتی ئەوەیە كەبگەڕێنەوە بۆلای ئیسلام، بەڵێ بۆلای ئەو ئیسلامەی كەلەداهاتویەكی نزیكدا سەرتاپای جیهان دەگرێتەوە و جارێكی تر خەلافەتی قورئان لەسەر زەویدا بەڕێوەدەچێ هەروەك نزیكەی (١٣٠٠) ساڵ بەڕێوەچوو.

ئەو ئیسلامەی كەلەلایەن ئەو پەروەردگارەوە دانراوە كەدروست كەری سەرجەم بونەوەرەو لەسەرو هەمووشیانەوە ئینسان.

تاكەی ژیانی گەنجێتی و لاوێتی خۆتان لەگەڵ ئەم ڕێچكەو ئەو بیردۆزەدا سەرف دەكەن و ناگەڕێنەوە بۆ ڕەحمەت و باوەشی گەرم و پڕ دڵسۆزی ئیسلام.

تازووە بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە چونكە ژیانی كەمی دنیا هەرچۆنێك بێت و لەگەڵ هەركەسێكدا بێت هەرتەواو دەبێت، كەواتە واباشترە لەگەڵ كۆمەڵێكدا ژیان بەسەربەری كەلە ڕۆژی دوایدا ڕزگارت بكەن نەك پشت تێبكەن، خۆشەویستان دڵنیابن لەوەی كەعلمانیەتیش هەروەك ماركسیەت و عەبەسیەت و وجودیەت و ڕێچكە بێدین و خوانەناسەكانی تر هەر ڕۆژێك بێت لەناودەچێت و باوی نامێنێت، ئەی تۆی شوێن كەوتوی علمانی لەوكاتەدا پاساوی چی بۆخۆت دەهێنیتەوە؟! ئەوكاتە شوێن كێ دەكەوی؟!

پاشان لەڕۆژی دوایدا چۆن و بەچ جۆرێك وەڵامی پەروەردگارت دەدەیتەوە كاتێك لێت دەپرسێ! بۆ شوێن دینی من نەكەوتی و بۆچی علمانیبویت و دژی دین و بەرنامەی من دەوەستای؟!

كەواتە بەخۆتدا بچۆرەوەو بزانە ڕاست ترین بەرنامەو یاسای ژیان كامەیە شوێن ئەوە بكەوە!! والسلام علیكم ورحمه الله وبركاته.

٢٤/٥/١٩٩٨.

---

(١) ظاهرة الغلوفي التكفير: د.یوسف القرضاوی (ص: ٢٠،٢١)

(٢) الاسلام والعلمانیة وجها لوجه (د. یوسف القرضاوی (ص: ٧٥).

سەرچاوەكان

١ـ الاسلام والعلمانية وجها لوجه.................... د.يوسف القرضاوى

٢ـ مذاهب فكرية معاصرة.................................. محمد قطب

٣ـ الجداول الجامعة فى العلوم النافعة.......... جاسم بن محمد بن مهلهل

٤ـ ظاهرة الغلوفي التكفير................................ د.يوسف القرضاوى

٥ـ الموسوعة الميسرة فى الاديان والمذاهب

المعاصرة...................... الندوة العالمية للشباب الاسلامى

٦ـ كيف نكتب التأريخ الاسلامى.............................. محمد قطب

٧ـ نفحات من شريعة الاسلامية........................ ابراهيم نعمة

٨ـ ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين.................. أبو الحسن الندوى

٩ـ المؤمرات الدولية ضد الاسلام.................................. أم بنان

بەندی دووەم

تەبشیر

(بەمەسیحی كردن)

پێشەكی:

بۆ مەبەستی زیاتر شارەزابوون و زانیاری وەرگرتن دەربارەی ڕێچكەو بیردۆزە دەست كردوو چەواشەكاریەكانی دنیای ئەمڕۆ زۆر بەپێویستم زانی كەلەبەندی دووەمی ئەم نامیلكەیەدا باسێكی ووردو لێكۆڵینەوەیەكی زانیاری و ژیرانە بكەم دەربارەی ڕێچكەی بەمەسیحیكردن (تبشیر) تاخەڵكی بەگشتی و موسڵمانان بەتایبەتی لەشەوەزەنگی بێئاگایی بەخەبەر بێنەوەو بەچاوی خۆیان دوژمنی خۆیان ببینن.

بەڵێ مرۆڤ تادوژمنی خۆی نەناسێ ناتوانێت خۆی لێبپارێزێ و لەبەرامبەریدا بوەستێ، بەڕاستی دوژمنەكانی ئەمڕۆ زۆر لەدوژمنەكانی سەردەمی پێغەمبەر سەرسەخت ترو گومڕاكەرترن چونكە دوژمنانی ئەو سەردەمە بەئاشكرا بانگەشەی دوژمن كاری خۆیان دەكردوو سەرجەم موسڵمانان دەیان زانی كەئەوانە دوژمنن و دژی دین و بیروباوەڕی ئەمانن.

بەڵام دوژمنانی ئەمڕۆ بەشێوەیەكی تر دژایەتی موسڵمانان دەكەن و بەناوێكی ترەوە خەڵكی لەئیسلام دوردەخەنەوە، ئەویش بەوەی كەلەدنیای ئەمڕۆدا ئەو ڕێچكەو ڕێبازانەی كەدێنە سەر شانۆی ژیان و دروست دەبن ناوێك لەخۆیان دەنێن كەزۆر سەرنج ڕاكێشەربێت و بەڵگەبێت لەسەرچاكی و پاكی ئەو بەرنامەیە، بەڵام مەبەستی سەرەكی و هەرە گەورەشیان بریتیە لەگومڕاكردنی خەڵكی و دورخستنەوەیان لەخوای گەورە.سەرنج بدە (علمانیەكان) ووتیان زاراوەی (علمانیەت) لە (علم)ەوە هاتووە بۆ مەبەستی ڕاكێشانی سەرنجی چینی ڕۆشنبیران و زانست خوازان بەلای خۆیاندا بەڵام مەبەستی سەرەكیان بریتیبو لەدارنینی ئیسلام لەدڵ و دەرونی خەڵكی.

هەروەها خاچ پەرستەكان بۆ مەبەستی گومڕاكردن و چەواشەكردن و بەمەسیحیكردنی خەڵكی ناوێكی زۆر ڕەونەق دارو بریقەداریان لەخۆیان نا كەئەویش

بریتی‌بوو لە(تەبشیر) بێگومان زاراوەی (تەبشیر) لە(بەشارەت)ەوە هاتووەو مانای (مژدەدان) دەگەیەنێ.

بەڵێ مژدەدانو دڵ خۆش کردنی خەڵکی، بەلأم ئایا لەڕاستیدا وایە؟! ئایا ئەم ڕێچکە دوور لەخوایە چ مژدەو چ خۆشیەك دەدات بەخەڵکی؟! بێگومان مژدەی ئەم بیردۆزە گومڕاکەرە تەنها ئەوەیە کەخەڵکی لەخوای گەورەو سەرچەم بەها ڕەوشتیەکان دوور دەخاتەوە.

کەواتە ووتنی ووشەی (تەبشیر) تەنها ناوێکە بۆمەبەستی گومڕاکردنو چەواشەکردنی خەڵکی بەکاردەهێنرێت، کەواتە بەپێی ئەم ڕوون کردنەوەیە ڕاستە وەهەریەکە بەم ڕێچکەیە بڵێین(تەنصیر) واتە (بەمەسیحی‌کردنو دورخستنەوەی خەڵکی لەبەرنامەی پاكو بەرزی ئیسلام))

پێناسەی تەبشیر (بەمەسیحی‌کردن)

((حركة دينية سياسية إستعمارية بدات بظهور اثر فشل الحروب الصليبية بغية نشر النصرانية بين الامم المختلفة في دول العالم الثالث بعامة وبين المسلمين بخاصة يهدف احكام السيطرة على هذة الشعوب)).[1]

واتە: بریتیە لەوجوولە ڕامیاریە نوێخوازیەی کەبەلەناوچوونی جەنگی خاچ پەرستەکان پەیدابوو، مەبەستی سەرەکی بریتیە لەبلأوکردنەوەی مەسیحیەت بەناو گەلو میللەتە جیاوازەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێ‌هەمدا بەگشتیو نێوان موسڵمانان بەتایبەتی بۆمەستی دەست گرتن بەسەر ئەو گەلانەدا.

یان بەشێوەیەکی‌تر بڵێین: (تەبشیر) بریتیە لەو ڕێچکە خاچ پەرستەی کەمەبەستی سەرەکی بریتیە لە(بەمەسیحی) کردنی خەڵکی بەگشتیو موسڵمانان بەتایبەتیو ناشرین کردنی دینی ئیسلام لەبەرچاوی خەڵکیدا ئەوەیش بە دروست کردنوو هەڵبەستنی ڕوداوی درۆو قسەی بێناوەڕۆك بۆ ئیسلامو موسڵمانان، هەربۆیە کابرایەکی وەك (هاربن) دەڵێ:

---

(١) الموسوعة الميسرة في الاديان والمذاهب المعاصرة (ص: ١٥٧).

((ان محمداً كان في الحقيقة عابد اصنام.......)).[1]

واتە// (محمد) (ﷺ) لەڕاستیدا بت پەرست بووەو بەتاکو تەنها خوای نەپەرستووە.

نمونەی چەند بوختانوو درۆیەکی جوولەی تەبشیر بۆ ئیسلامو موسڵمانان

وەك لەمەوپێش باسمان کرد کەمەبەستی سەرەکیو هەرەگەورەی جولەی (تەبشیر) بریتیە لەدروست کردنی درۆو پڕوپاگەندە بۆ ئیسلامو موسڵمانان، ئەویش بۆچەند مەبەستێکی دیاریکراو کەبریتین لە:

أ) پچڕاندنو لاوازکردنی ئەو پەیوەندیەی کەلەنێوان بەندەو پەروەردگاریدایە.

ب) پچڕاندنو سڕینەوەی سەرجەم بەها ڕەوشتیەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەویش بەدروست کردنو هاندانی بەدڕەوشتیو جوان کردنیان لەبەرچاوی خەڵکیدا.

ج) بۆ مەبەستی دورخستنەوەی موسڵمانان لەئیسلامو کردنیان بەمەسیحی.

بەڵێ هەر بۆ ئەم مەبەستە (تەبشیریەکان) لەشاری (قدس) لە (فەلەستین) کۆنگرەیەکیان بەستو سەرەك کۆنگرەکە، کەناوی (القیس زویمر) بوو بەسەرجەم ئامادەبوانی ئەو کۆنگرەی ووت.

((ان اهدافنا من التبشير ليست ادخال المسلمين في المسيحية، وانما مهمتكم ان تخرجو المسلم من الاسلام، ليصبح مخلوقا لاصلة له بالله وبالتالي فلاصلة تربطه الاخلاق التي تعتمد عليها الامم في حياتها))[2]

واتە: مەبەستی سەرەکی لەبەمەسیحی کردنی خەڵکیدا بریتی نیە لەدەرکردنی موسڵمان لەئیسلامەوە بۆ مەسیحیەت، بەڵکو مەبەستی سەرەکیمان لەتەبشیر بریتیە لەدەرکردنی موسڵمان لەئیسلام، بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ خوادا بپچڕێت، هەروەها هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ ڕەوشتدا نەمێنێت، ئەو ڕەوشتەی کەبناغەی ژیانی هەموو گەلێکە.

کەواتە لەم ڕوانگەوە باشترین کار بۆ دورخستنەوەی موسڵمان لەئیسلام بریتیە لەڕەش کردنی ئیسلامو پێغەمبەرو مێژووی ئیسلامی، *هەربۆیە جولەی تەبشیر لەم ڕێگەیەی گرتەبەرو هەزارەها درۆو پڕوپاگەندەی ژەهراوی هەڵبەست بۆ ئیسلام کەبەرچاوترینیان ئەمانەن:*

---

(١) التبشير والإستعمار - عمر فروخ.

(٢) اخلاقنا او الدمار - ابراهيم نعمة (ص: ١٧).

١- (لطفی لیفونیان) كەیەكێكە لەئەندامانی (تەبشیر) بەرەچەڵەك ئەرمەنیە دەڵێت ((ان التاریخ الاسلام كان سلسلة مخیفة من سفك الدماء والحروب والمذابح))

واتە: مێژووی ئیسلامی پێكهاتووە لەزنجیرەیەك ڕووداوی ترسناك هەر لەخوێن ڕشتن و جەنگ و سەربڕینی خەڵكی!!؟

٢- (نلسن) دەڵێ ئیسلام دینێكی لاسای كەرەوەیەو لەمەسیحیەتەوە وەرگیراوە؟!

٣- (جسب) كەیەكێكی ترە لەئەندامانی تەبشیر دەڵێت:

((ان الاسلام مبنی علی الاحادث اكثر مماهو مبنی علی القران، ولكننا اذا حذفنا الاحادیث الكاذبة لم یبق من الاسلام شیئ))

واتە: ئیسلام لەسەر بناغەی (حەدیث) دروست بووە بەزۆری نەك لەسەر ئایەتەكانی قورئان، خۆ ئەگەر هەڵسین بەلابردنی ئەو (حەدیثە) درۆیانە ئەوە ئیسلام هیچی نامێنێتەوە!!

٤- (القس صموئیل زویمر) كەكاسە لێسێكی خاچ پەرست و دوژمن بە ئیسلام دەڵێت:

((یجب اقناع المسلمین بأن النصاری لیسوا اعداءهم))[1]

واتە: پێویستە لەسەرمان كەموسڵمانان واڵێبكەین و تێیان بگەیەنین كەخاچ پەرستەكان (مەسیحیەكان) دوژمنیان نین.

هەروەها دەڵێ ((یجب نشر الكتاب المقدس بلغات المسلمین لانە اهم عمل مسیحی))

واتە: پێویستە لەسەرمان كەكتێبی پیرۆزی خۆمان (واتە ئینجیل) بەزمانی موسڵمانان بڵاوبكەینەوە چونكە ئەمە گەورەترین كاری مەسیحیەتە.

هەروەها لەجێگەیەكی تردا دەڵێت:

((ینبغی للمبشرین ان لایقنطوا اذا رأوا نتیجة تبشرهم ضعیفة اذ ان من المحقق ان المسلمین قد نما فی قلوبهم المیل الشدید الی علوم الاورو بیین وتحریر النساء)).

واتە: ئەو كەسانەی كەهەوڵ دەدەن بۆ مەبەستی بەمەسیحی‌كردنی خەڵكی بادڵ گران نەبن لەوەی كەئەنجامی بانگەوازیەكەیان بێبەرهەم و لاوازە، چونكە ئێمە بۆمان دەركەوتوە كەموسڵمانەكان لەدڵەوە زۆرحەز بەزانستی ئەورووپا دەكەن و لەگەڵ ئازادی ئافرەتان. واتە: ڕووت و قوتیان

(١) ئەو چوار خاڵەی سەرەوە لە(الموسوعة المیسرة فی الادیان والمذاهب المعاصر) وەرگیراوە (ص: ٦٢)

سەرنج بدە خاچ پەرستەکان چ هەوڵو تێکۆشانو ماندوبونێك دەدەن لەپێناوی ناشیرین کردنو دروست کردنی ڕوداوی پیسو ترسناك بۆ ئیسلامو موسڵمانان، بەڕاستی ئەمڕۆمسڵمانان بەرامبەر بەجوڵەی (تەبشیر) زۆر بێئاگاو بێخەبەرن لەکاتێکدا جوڵەی تەبشیر تەواو دەستی کێشاوە بەسەر وڵاتانی ئیسلامیداو بەردەوام کاری خۆیان دەکەنو کتێبو مەبەستەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

ئەو ڕێگایانەی کەجوڵەی تەبشیر بەکاری دەهێنێت بۆ بەمەسیحی کردنی خەڵکی بەگشتیو موسڵمانان بەتایبەتی

وەك لەسەرتادا باسمان کرد کەزاراوەی (تەبشیر) ووشەیەکی گومڕاکەرە بۆ مەبەستی چەواشەکردنی خەڵکی بەکاردەهێنرێت هەر لەم ڕوانگەیەوە جوڵەی تەبشیر هەڵسان بەبەکارهێنانی چەند هۆکارو ڕێگەیەك بۆ مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی بەگشتیو موسڵمانان بەتایبەتی.

بێگومان ئەو هۆکارانەی کەجوڵەی تەبشیر بەکاریان دەهێنێت بەڕوکەش زۆرلەخزمەتی مرۆڤایەتیدانو کەس ناتوانێت ئینکاری لەچاکیو باشی ئیشەکانیان بکات بەلأم لەژێرەوە مەبەستێکی تریان هەیەو ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن بۆ چەواشەکردنو ئاشناکردنی خەڵکیە بەبەرنامەی دەست کاری کراوو (منحرف) مەسیحیەتە، *هەر لەم پێناوەدا سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی کەبەکاری دەهێنن بریتین لە:*

١- بواری پزیشکیو دروست کردنی نەخۆشخانە:

بێگومان هەموو کەس دەزانێ کەکاری پزیشکی پیشەیەکی خزمەت گوزاریەو خزمەت بەکۆمەڵگا دەکات، هەروەها ئەو کەسانەی کەلەبواری پزیشکەوانیدا کاردەکەن زۆر ڕێزدارنو خەڵکی بەپەڕی باوەڕەوە قسەیان لێوەردەگرێت هەربۆیە جوڵەی تەبشیر پیشەی پزیشکەوانیو کردنەوەی نەخۆشخانەی کردە سەرەکیترین کاری خۆیو دەیانو سەدان پزیشکی پەروەردەکرد بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کەخۆیان مەبەستیان بوو بۆیان دەناردن، خەڵکیش بەچاوێکی زۆر ڕێزدارو بەرزەوە سەیری دەکردنو قسەکانیانی لێوەردەگرتن، هەربۆیە لەم کاتەدا ئەو پزیشکانە باشترین هەلیان بۆ ڕێدەکەوت بۆ مەبەستی گەیاندنی ئەو بیروباوەڕە هەڵەو چەوتەی کەوەك خاچ پەرستێك باوەڕیان پێهێنابوو بەگوێی نەخۆشەکاندا.

بێگومان نەخۆشیش لەو حاڵەتە ناخۆش و لاوازەی کەتێیدایە لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەقسەی خۆش و یارمەتی (دکتۆر) هەیە، هەربۆیە لەم حاڵەتەدا ئەندامان و قوتابیانی قوتابخانە تەبشیریەکان بیروباوەڕی گەندەڵ و هەڵەی خۆیان وەك نیگایەك دەچرپان بەگوێی ئەو کەسە نەخۆشەداو لەئەنجامدا ئەو کەسە بەوپەڕی باوەڕەوە قسەکانی لەکابرای دکتۆر وەردەگرت و بەگوێی دەکرد.

(رشتر) کەیەکێکە لەقوتابیانی قوتابخانەی تەبشیر و یەکێە لەو کەسانەی کەلەبواری پزیشکیدا کاردەکات، بەسەرجەم پزیشکەکانی‌تر دەڵێت:

((ان الشـيطان يريـد ان نفتنكـم فيقـول لكـم: ان واجبكـم التطيـب فقـط لاالتبشير)).. واتە: شەیتان دەیەوێت توشی ئەوەتان بکات و لەدڵتانی بچەسپێنێ کەپێتان بڵێ ئیش و کاری ئێوە تەنها بریتیە لەچارەسەرکردنی نەخۆش نەك خەڵك بەمەسیحی کردن))!!

لەکۆتای قسەکانیدا ئامۆژگاریەك یان دەکات و دەڵێت ((فلا نسمع منە))[1]

واتە: ئەم قسەیە تەنها وەسوەسەی شەیتانەو گوێی لێمەگرن و بەقسەی مەکەن.

بەڕاستی ئەمڕۆ جوڵەی تەبشیر لەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوەو لەهەر وڵاتێکیش شوێن پێی خۆیان بکەنەوە دەست بەجێ هەوڵ دەدەن بۆ دروست کردنی نەخۆش خانە چونکە باشترین هۆکارە بۆ بەمەسیحی‌کردنی خەڵکی.

٢. بواری فێرکردن و دروست کردنی خوێندنگا (فی مجال التعلیم):

یەکێکی‌تر لەو هۆکارانەی کەجوڵەی (تەبشیر) بەکاری دەهێنێ بۆ ((مەبەستی بەمەسیحی کردنی خەڵکی بەگشتی و چینی خوێندەوارو ڕۆشنبیران بەتایبەتی)) بریتیە لە کردنەوەو دروست کردن و بایەخ دان بەکردنەوەی خوێندنگاو لەچاپ دانی پەرتوك بۆ قوتابخانەکان و بڕیاردان لەسەر کردنەوەی خولی فێربوونی زمانە جیاوازەکان و نوێکردنەوەی زانکۆو پەیمانگاو سەرجەم بوارە فێرکاریەکانی‌تر، هەر لەقۆناغەکانی سەرەتایی تا زانکۆو پەیمانگاکان.

وەك لەوەو پێش باسمان کرد سەرەکی‌ترین مەبەستیان لەخزمەت کردن و بایەخ دان بەبواری زانیاری فێرکردن تەنها بریتیە لە (بە مەسیحی‌کردنی خەڵکی، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی هۆکارێکی زۆر باش و دروستەوە کەبواری فێرکردن و زانست خوازیە.

---

(١) التبشیر والاستعمار – عمر فروخ.

بەڵێ هەربۆیە (هنری جسب) کەیەکێکە لەقوتابیانی (تەبشیر) دەڵێ: ((ان التعلیم فی (مدارس) الارسالیات المسیحیة انما هو واسطة الی غایة فقط، هذة الغایة هی قیادة الناس الی المسیح وتعلیمهم حتی یصبحوا افرادا مسیحیین وشعوباً مسیحیة)).(١)

واتە: کاری فێرکاری لەو قوتابخانەو خوێندن گایانەی کەمەسیحیە گاورەکانی تێدایەو بانگەواز بۆ (بەمەسیحی)کردنی فێرخوازان دەکەن تەنها بریتیە لەبەکارهێنانی هۆکارێك بۆ گەیشتن بەمەبەستی سەرەکی خۆمان کەبریتیە لەبەمەسیحیکردنی خەڵکی، بێگومان ئەو مەبەستەشمان بریتیە لەگەیاندنو بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت لەناویاندا هەتا وەکو چەند کەسانو گەلێك ی گاورو مەسیحی دەربچن!!

هەروەها دەڵێ: ((ان المدارس شرط اساسی لنجاح التبشیر)).(٢)

واتە: قوتابخانەکان مەرجی سەرەکیو بناغەن بۆ (بەمەسیحیکردن) بەڵێ ئەمە مەبەستی سەرەکی جوڵەی تەبشیرەو لەگەڵ ئەمەشدا مەبەستێکی تریان هەیە کەبریتیە لەپەروەردەکردنو پێگەیاندنی کۆمەڵێك قوتابی گاور لەووڵاتانی ئیسلامی بۆسودوەرگرتن لەداهاتوویانو ئاسان بەڕێوەبردنی کارەکانیان لەپاشەڕۆژدا.

هۆکاری بڵاوبونەوەی جوڵەی (تەبشیر) لەووڵاتانی ئیسلامیدا

بێگومان چەند هۆکارێکی سەرەکی بووە هۆی بڵاوبونەوەی جوڵەی تەبشیر بەمەسیحیکردن. لەووڵاتانی ئیسلامیدا کەسەرەکیترین یان ئەمانەن:

١- بێئاگاییو دووری موسڵمانان لەحەقیقەتی ئیسلام:

یەکێ لەهەرە ئەو هۆکارە سەرەکیو بەرچاوانەی کەبوە هۆی بڵاوبوونەوەی جوڵەی تەبشیر لەووڵاتانی ئیسلامی بریتیبوو لەبێئاگاییو نەشارەزایی موسڵمانان بەئیسلام، خوای گەورە ئیسلامی بە(ڕوح) واتە گیان تەشبیە کردووەو دەفەرمێت: ﴿وکذالك أوحینا إلیك روحاً من أمرنا﴾ (الشوری: ٥٢).

واتە: ئەی محمد (ﷺ) ئێمە بەفەرمانی خۆمان (ڕوحت) بەشێوەی نیگا بۆ دەنێرین کەمەبەست پێی ئیسلامو قورئانە بەڵێ (ئیسلام) ڕوحەو تایبەت مەندێتی (ڕوحیش)

---

(١) التبشیر والاستعمار (عمر فروخ)

(٢) هەمان سەرچاوە.

لەوەدایە كەبچێتە هەر لاشەیەكی مردوەوە زیندوی دەكاتەوە، بەلأم زۆر بەداخەوە موسلمانان بەهۆی دوركەوتنەوەیان لەو (ڕوحە) كەئیسلامو قورئانو فەرموودەكانی پێغەمبەرە)) توشی دەیانو سەدان گرفتو كێشەی دینیو دنیای بوون.

لەوانە هەندێكیان بووە دلرەستو بەكرێگیراوی بێباوەڕانو هەندێكیتریان بوونە ئالەتێكی چالاك بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوكاری علمانیو ماركسیو گاورو جولەكەكانو هەندێكیتریان بونە چەك بەدەستو پالپشتی ستەم كارو فەرمان ڕەوا دور لەدینەكان.

بەلێ گاورە مەسیحیەكانیش لەم دەرگایەوە سەیرێكی حالی شڕی موسلمانانیان كردوو هاتنە ژوورەوەو ئەوەی ویستیان بەرنامەیان بۆ داڕشتو پاشان جێبەجێیان كرد.

٢- دووەم هۆكار بۆ دروست بونو بلأوبونەوەی جولەی (تەبشیر) لەوولأتانی ئیسلامی بریتیبوو لەڕوخانو لەناوچوونی خەلافەتی عوسمانی:

ئەویش بەهۆی پلانەیەك لەدوا یەكەكانی جولەكەو سەرجەم دووژمنە ڕق لەدلەكانیتر، بێگومان ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی ڕێخۆش كەرێكی زۆر گەورەبوو بۆ بلأوبونەوەو پەرەسەندنی جولەی تەبشیر لەوولأتانی ئیسلامی، چونكە پێش ڕوخانو لەناوچونی خەلافەتی عوسمانی سەرجەم ڕێچكەو بیردۆزە ماددیو دینە (منحرف)ەكان بەشێوەیەكی نهێنی كاریان دەكردوو ژێر بەژێر چالاكیەكانی خۆیان ئەنجام دەدا بەشێوەی (تنظیم)ی نادیار، بەلأم لەپاش ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی ئەو بەربەستە شكاو ڕێخۆش كەرێكی گەورەبوو بۆ جولەی تەبشیر كەچالاكیەكانی خۆیان لەوولأتی ئیسلامیدا ئەنجام بدەنو خەلكی لەئیسلام دووربخەنەوە.

٣- سێهەم هۆكار بۆ بلأوبونەوەی ڕێچكەی (تەبشیر) لەوولأتانی ئیسلامی بریتیبوو لەوەی كەلەوولأتانی ڕۆژئاوا سەدانو هەزاران قوتابی گاوری خاچ پەرست پەروەردەكراو بەناوی خێر خوازو دەستەی فریاكەتنەوە ڕەوانەی وولأتانی ئیسلامی كرانو ئەوانیش زۆر بەئاسانی كاری سەرەكی خۆیان ئەنجام داو خەلكێكی زۆر یان لەموسلمانو غەیری موسلمان كردە قوتابی جولەی تەبشیر.

٤- دانانی ئابلوقەی ئابووریو دروست كردنی شەڕی ناوخۆ لەوولأتانی ئیسلامیدا:

بێگومان بەر چاوترینو سەرەكیترین هۆكار بۆ بلأوبنەوەی (تەبشیر) لە وولأتانی ئیسلامی بریتیبوو لەم خالە بەم شێوەیە.

لای هەموو كەس ئاشكرایە كەسەقام گیربوونو جێگیربوونی ئاشتی لەوڵاتدا دەبێتە خۆش گوزەرانو حەوانەی ئەو خەڵكە، هەروەها شەڕو كوشتار دەبێتە هۆی كاول بوونو ڕوخانی بنەما ئابوریو كۆمەڵایەتیو سیاسیەكانی وولات، بەڵێ جوڵەی (تەبشیر) بۆ مەبەستی دورخستنەوەی خەڵكی لەئیسلامو ئاشناكردنیان بەڕێچكەی تەبشیر هەڵسان بەدروست كردنی جەنگو دوبەرەكی لەنێوان لایەنە جیاوازو دژ بەیەكەكانی وولاتانی ئیسلامی تالەئەنجامدا كارگەیشتە ئەوەی كەوولات وێران ببێتو هیچی بەسەر هیچەوە نەمێنێت.

بەڵێ لەم كاتەدا گەورەترین هەلە بۆ گەیشتنی یارمەتیو ئازوقەو دروست كردنی نەخۆش خانەو قوتابخانەو سەرجەم بوارە خزمەت گوزاریەكانیتر بەو وولاتە، هەر بۆیە بەم بیانوانەوە (تەبشیر) توانی لەهەموو ئەو وولاتانەی كەشەڕی ناوخۆی تێدا بوو بنكەی خۆی بەناوی ئاوادان كردنەوەو نوێكردنەوەی وولاتو ژێرخانی ئابوریەوە دابمەزرێنێو مەسیحیەت بەناو خەڵكی ئەو وولاتەدا بەئاسان ترین شێوە بڵاوبكاتەوە. كوردستانی خۆمان باشترین نمونەی زیندووەو لەبەرچاوایە.

گەر بەخێرایی سەیرێكی (١٠) ساڵ لەمەوپێش بكەینو بەراوردی بكەین لەگەڵ حاڵی ئەمڕۆی خۆماندا لەڕوی بڵاوبونەوەی (ئینجیلو كتێبە مەسیحیەكانیتر) جیاوازیەكی زۆر گەورە بەدی دەكەین چونكە (١٠) ساڵ لەمەوپێش زۆركەم لەخەڵكی وولاتی خۆمان دەیان زانی (ئینجیل) چیەو پەرتوكی چ گەلو میللەتێكەو تاچ ڕادەیەك بەڕاستی ماوەتەوە، خۆ گەر خواستی بەدەست خستنو خوێندنەوەی یەكێ لەو (ئینجیلانەت) بوایە ئەوە بەئاسانی دەستت نەدەكەوتو لەهەموو جێگەو شوێنێكدا نەدەبینرا.

بەڵام ئەمڕۆ لەوولاتی ئێمەداو لەكوردستان بەتایبەتی (ئینجیل) بەهەر چوار جۆرەكەیەوە (لوقا، یوحنا، مرقص، متی) لەسەرجادەو شۆستەو هەندێ لەكتێبخانە گشتیەكاندا بەهەرزان ترین نرخ دەفرۆشرێ، یان لەهەندێك جێگادا بەدیاری دەدرێت بەخەڵكی، یان لەگەڵ شتیتردا بەیان درێتێ؟!

یان لەهەندێ لەو نەخۆش خانەو خوێندنگایانەی كەكردویانەتەوەو بەڕوكەش خزمەتی قاچ پەڕیوو كەم ئەندامو هەژارانی وولاتی تێدا دەكەن بەئاشكرا وەك ڕۆژی ڕوناك (ئینجیل) یان بەدیاری دەدرێتێ، كەلاپەڕەكانی لەماعەو ڕەسمەكانیشی ڕەنگاو ڕەنگ) لەهەندێ جێگاشدا ئەو ئینجیلانە كەدابەش دەكرێت كراوە بەكوردی بۆ مەبەستی ئاسان خوێندنەوەو تێگەیشتن لێی.

باشە ئەمە دەبێت بۆ وابێت؟! تۆ بڵێی خوای گەورە بەم کارە ڕازیبێت؟! باشە دەبێت ئێمەی ئیسلام خوازو دڵسۆزی ئیسلام حسابمان چیبێت لەڕۆژی دوایداو وەڵامی چی خوای گەورە بدەینەوە؟!

کەواتە ئەی موسڵمانی کورد!! ئاگاداربیبەرەو هۆشت بێتەوە بەخۆتداو علمانیو گاورو جەلەکەو کاسەلێس پاڵپشتەکانیان وولاتیان پڕکردین لە بێدینیو بەدکاری، کردیانە باشترین تاقیگە بۆ بەئەنجام گەیاندنی پیلانەکانیان ئافرەتانی حجابیان ڕوت کردینەوەو گەنجانو ڕۆڵە وولاتیان لەئیسلامو خوای گەورە دورخستنەوەو گومڕاو سەرلێشێواویان کردو پاشان کردیانە دژی ئیسلامو بەرنامەی قورئان.

سەروەتو سامانو کەلەپورو دارای وولاتیان بەتاڵان بردین بۆخۆیان، دەی ڕاپەڕنو وریابینەوەو ببنە کەناڵێکی ڕاگەیاندنو بانگی حەق بدەین بەگوێی خەڵکیداو پەردە لەسەر ڕوخساری ڕەشو تاوانی دوژمنانی ئیسلام لابەرین.

بەڵێ ئابلوقەی ئابوریو شەڕی ناوخۆ ئەنجامەکەی بەوە گەیشت کەلەوولاتێکدا ڕۆژی (٥) جار بانگی خواو یەکتاپەرستی بدرێت بەگوێی خەڵکیداو ساڵانە مانگی ڕەمەزانی تێدا بگیرێتو زەکاتی فەقیرانی تێدابدرێتو خەڵکەکەشی خۆی بەموسڵمان بزانێ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کارگەیشتە ئەوەی کەرێچکە بێدینو جولەکەکان بەئارەزوی خۆیان تاڕادەیەکی سەرکەوتوو خەڵکیان لەدین دورخستەوەو بەدرەفتاریان لەوولاتدا بەرپاکردو بیرو باوەڕی ساختەکارو فشەڵی خۆیان بەسەرنج کردە مێشکو دڵی خەڵکەوە بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو درۆو ساختەو هەوڵە بەردەوامەشیاندا نەیان توانی تاسەرخەڵکی چەواشەبکەنو فطرەتیان بەرەو کەلاوەی بێباوەڕیو دور لەخواییبەرن، سوپاس بۆ پەروەردگار ڕابوونو بوژاندنەوەو بانگەوازی ئیسلامی پڵنگ ئاسا لەسەنگەری ڕووبەڕووبونەوەدا ڕاوەستا دژی درۆو کارە چەواشەکانیانو لەئەنجامدا خەڵکی چەواشەو بێئاگا لەئیسلام وریابونەوەو گەڕانەوە بۆ باوەشی فراوانو گەرمی ئیسلامو مزگەوتەکانیان ئاوەدان کردەوەو ئیسلامیان کردە بەرنامەی ژیانیان، هەروەها ئەو ئافرەتانە کەبەبیانو پێشکەوتوخوازیەوە بەرگی حجابیان لەبەر داڕنیبون بەئاگا هاتنەوەو گەڕانەوە سەر فطرەتی پاکی خۆیانو پۆشینی بەرگی حجابو بازاڕو شوێنە گشتیەکانیان بەسەرپۆشی پاکو دڵی پڕلە ئیمانەوە ڕازاندەوەو لەهەمان کاتیشدا بونە درکێکی جگەر بڕ بۆ دوژمنانیان، بەڵێ ئەمە حەقیقەتەو پێویستە زۆر بەئاشکرا باس بکرێت: ﴿الذين يبلغون رسالات الله يخشونه ولايخشون أحدا إلا الله﴾.

حوكمی ئیسلام دەربارەی جوڵەی تەبشیر بەمەسیحیكردن

پێم باشە لەكۆتا باسی ئەم بەندەدا حوكمی ئیسلام دەربارەی (تەبشیر)و شوێن كەوتوانیان ڕوون بكەمەوە تا موسڵمانان زیاتر ئاشنابن بەیاساكانی ئیسلامو دوژمنی خۆیان بۆ دەربكەوێت.

١- مەسیحیەت لەڕوانگەی ئیسلامەوە:

بێگومان دینی مەسیحیەت بەودینە دەوترێت كەبۆ گەلی جولەكە . بەنی ئیسرائیل . نێردراو(عیسی كوڕی مەریەم) بو بەپێغەمبەریانو پەرتوكێكی ئاسمانیان لەلایەن خوای گەورەوە پێ‌خەلات كرا بەناوی (ئینجیل) هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وآتیناه الانجیل فیه هدیٰ ونور﴾ (المائدة: ٤٦).

واتە: ئێمە ئینجیلمان بەخشی بە(عیسی) كەتێیدا بوو هیدایەتو ڕووناكی، بێگومان (عیسی) (علیه السلام) دوا پێغەمبەربوو بۆ جولەكەكان، هەروەها لەسەردەمی (عیساشدا) (ئینجیل) كۆنەكرایەوە لەیەك بەرگدا بەڵكو لەپاش (عیسی) هاوەڵەكانی هەڵسان بەنوسینەوەی (ئینجیل) بەلام بەو شێوەنا كەلەكاتی خۆیدا هاتبوە خوارەوە بۆ (عیسا) (علیه السلام) بەڵكو زۆرێك لە وتەی خوای گەورەیان وون كردوو گۆڕییانو قسەی خۆیان لە جێگەكەیدا دانا، لە پاشان دا ژمارەی ئینجیلەكەیان گەیشتە ڕێژەیەكی زۆر كە نزیكەی (١٠٠) انجیل دەبوو. گاورەكان هەڵسان بە سووتاندنی ئەو كۆمەڵە زۆرە ئینجیلەی كە بە دەست نوسی قەشەكان نوسرابوونو لەناویان بردن تەنها (٤) یان نەبێت كە ئێستا لە جیهاندا مەسیحیەكان زۆر متمانەی پێ‌دەكەن كە بریتی‌یە لە:

١- ئینجیلی لوقا.

٢- ئینجیلی یوحنا.

٣- ئینجیلی مرقص.

٤- ئینجیلی متی.

هەریەك لەم ئینجیلانەی كە ئێستا هەن دژایەتیان لەگەڵ یەكتردا هەیەو جیاوازی‌یەكی گەورەو بەرچاو بەدی دەكرێت لە نێوانیاندا.

كەواتە: ئێمەی موسڵمان باوەڕمان بە ئینجیل هەیە وەك پەرتوكێكی ئاسمانی .. كە وتەی خوای گەورەیە، بەلام بە هیچ شێوەیەك باوەڕمان بەو ئینجیلە نیە كە لە جیهاندا هەیە چونكە دەست كاری كراوەو قسەی مرۆڤاكانی تێكەڵ بووە.

هەروەها دەربارەی مەسیحیەتیش دەڵێین:

هەروەك چۆن باوەڕمان وایە کە (ئینجیل) پەرتوکێکی خوایەو پاشان لە لایەن قەشەو گاورەکانەوە دەست کاری کراوە ئاواش باوەڕمان وا یە کە مەسیحیەت دینێکی خوایی بوو کە بۆ گەلی بەدکاری جولەکە هاتو پاشان کە ئیسلام هات دینی مەسیحیەت سڕایەوەو کاری نەما، وە بە هاتنی ئیسلام سەرجەم دینە ئاسمانییەکان (نەسخ بوونەوەو باویان نەما).

کەواتە ئێستا دەڵێین: مەسیحیەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دینێکە سڕاوەتەوەو بە هیچ جۆرێك دروست نیە کە ئیش بەیاساکانی بکەین‌و شوێنی بکەوین، هەروەها (ئینجیل) یش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە کتێبێکی ئاسمانیەو بە هاتنی قورئان سڕاوەتەوەو کاری پێ ناکرێ، هەروەها ئینجیل لەگەڵ ئەوەی کاری پێناکرێت، دەست کاریش کراوەو هەزاران قسەی مرۆڤی بەناوی خواو عیساوە تێدا ووتراوە، بەڵێ:

کەواتە ئێستا نە دروستە ببیت بەمەسیحی چونکە بە هاتنی ئیسلام.. سڕاوەتەوە، نەدروستە ئینجیل بکەیتە بەرنامەو پێشەنگی ژیانت چونکە:

ا) بە هاتنی قورئان ئینجیل‌و سەرجەم کتێبە ئاسمانییەکانی تر سڕانەوەو کاریان نەما.

ب) ئینجیل دەست کاری کراوەو پڕیەتی لە قسەی پاپاو قەشە گاورەکان.

٢- حەرەکەی تەبشیر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:

هەروەها حوکم ی ئیسلام دەربارەی حەرەکەی تەبشیر ئا بەم جۆرەیە:

بێگومان حەرەکەی (تەبشیر) ڕێچکەیەکی گومڕاکەرەو هەوڵ دەدات لە پێناوی دورخستنەوەی خەڵکی لە ئیسلام‌و سەرجەم بەها ڕەوشتییەکان بۆ مەبەستی (بەمەسیحی) کردنیان، هەروەها حەرەکەی (تەبشیر) ڕاستەوخۆ لە دژی ئیسلام‌و موسڵمانان دروست بووەو بەردەوام کاردەکات بۆ دژایەتی ئیسلام‌و موسڵمانان.

کەواتە هەرکەسێ شوێن ئەم ڕێچکە نادروست‌و بەدکارە بکەوێت‌و -واز لە ئیسلام بهێنێت - ئەوە ئیسلام بەیەکێ لە هەڵگەڕاوەکانی دەزانێ (مرتد) و حوکمی هەڵگەڕاوەکانیش لە دنیادا کوشتنە، هەروەك چۆن (ابو بکری صدیق) (خوای لێ ڕازی بێت) لەپاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لەشکری بۆ ئامادە کردن‌و لەناوی بردن کە ئەو شەڕە ناونرا شەڕی هەڵگەڕاوەکان (حروب الردة).

هەروەها لە دواڕۆژیشدا یەکێ دەبێ لەوکەسانەی کە ڕوخساریان ڕەش داگیرساوەو لە ڕەحم و ڵێخۆشبونی خوای گەورە وەدوورن، قورئان لە بارەیانەوە دەفەرموێت:

﴿فأما الذين أسودت و جوههم أكفرتم بعد إيمانكم؟!﴾.

واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هەبووەو پاش باوەڕ هێنانەکەیان بێباوەڕ بونەتەوەو لە ئیمان پاش گەز بوونەتەوە لە دلڕۆژدا ڕویان ڕەشەو ناشیرین ڕەخسارن.

سەرچاوەکان

التبشير والأستعمار في البلاد العربي .... عمر فروخ

الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب المعاصرة.................... ندوة العالمي

اخلاقنا أو الدمار.. ابراهيم نعمة

هل الكتاب المقدس كلام الله .... أحمد ديدات

الإسلام في أفريقا الوسطى .... ابراهيم نعمة

بەندی سێهەم

البوذية

(بوزيەت)

پێناسەی بوزیەت:

بریتییە لەو دینەی کە لە هندستان پەیدا بوو، مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دینە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠) ساڵ پێش زاین، بەرنامەو یاساکانی ئەم دینە لەسەرەتای سەرهەڵدانو دروست بوونیدا خەڵکی بانگ دەکرد بۆ کەنارگیریو وازهێنان لە ژیانی دنیاو خۆشەویستیو لێبوردنو کاری چاك، بەڵام پاش مردنو لەناوچوونی دامەزرێنەری ئەم دینە کە ناوی (بوذا) بوو شوێن کەوتوانی ئەم دینە هەڵسان بە گۆڕینو ڕۆچون لەم دینەداو چەند بیروباوەڕێکی بێناوەڕۆکو بێواتایان خزاندە ناو دینی بوذیەتەوە تاکار گەیشتە ئەوەی کە (بوذا) بە خوا بزاننو کڕنوشی بۆ ببەن، هەروەها ئەم گەلە بەدکارو دوور لە خوایە هەڵسبان بە دروست کردنی پەیکەری (بوذا) و پاشان کڕنوشیان بۆ برد.

تێبینی: خوێنەری بەڕێز ئاگادار دەکەمەوە کە بۆ مەبەستی زیاتر شارەزا بوون لە پێناسەی (بوذیەت) با سەر بدەن لە کتێبی (الموسوعة الميسرة في الأديان والمذاهب المعاصرة) (ص: ١٠٧) یان (الموجز في الأديان والمذاهب المعاصرة) (ص: ٨٦).

چەند هەڵویستو بیروباوەڕێکی بوذیەکان

بێگومان بوذیەت وەك ڕێچكەیەکی دروست کراوو دینێکی بێناوەڕۆك چەند هەڵویستو بیروباوەڕێکی تایبەتی خۆیان هەیەو بەرچاوترینو سەرەکی ترینیان ئەمانەن:

١- بیروباوەڕی بوذیەکان دەربارەی پەروەردگارو خوایەتی:

بوذیەکان لەسەرەتای بانگەوازی دروست بونیاندا هیچیان نەدەوت دەربارەی خوای گەورەو وەك شتێکی نادیار (غيب) سەیریان دەکرد بەڵام پاش مردنو تیاچوونی

(بوذا)[1] هەندێ لە شوێن کەوتوانی دەستیان کرد بە پەرستن و کڕنوش بردن بۆ پەیکەری بوذا، هەندێکی تریان دەیان ووت (بوذا) کوڕی خوایە ((سبحانە وتعالی عما یشرکون)) هەندێکی تریشیان انکاریبوونی خوای گەورەیان دەکردوو خەڵکیان بانگ دەکرد بۆ بێباوەڕی.

۲- هەڵوێستی بوذیەکان دەربارەی پاداشتی ڕۆژی دوایی:

(بوذیەکان باوەڕیان وایە کە مرۆڤ لە دنیادا چەندە باش بێت یان چەندە خراپ بێت ئەوە تەنها بۆ خۆی باشە یان خراپەو لە ڕۆژی دواییدا پاداشت و تۆڵەی لێ ناسێنریتەوە هەروەها باوەڕیان بە زیندوو بوونەوەو بەهەشت و دۆزەخ و سزاو پاداشتی ڕۆژی دوای نیە).

گومانیشی تێدا نیە هەرکەس و کۆمەڵێك لە دنیا گەر انکاری یەکێ لە بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام و ایمانی کرد (کافر) دەبێت، خوای گەورەش لەم بارەیەوە دەفەرمووێت:

﴿زعم الذين كفروا أن لن يبعثوا قل بلى وربي لتبعثن ثم لتنبئون بما عملتم وذلك على الله يسير﴾ (التغابن: ۷).

واتە: بێباوەڕەکان وادەزانن کە زیندوو ناکرێنەوە؟! ئەی محمد (ﷺ) بلێ ئەخێر پەروەردگارم زیندویان دەکاتەوەو پاشان پێشیان دەوترێت ئەوەی کە کردوویانە -لە هەموو ئەو خراپەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە- بەڕاستی ئەمە کارێکە بەلای خوای گەورەوە زۆر ئاسانە.

۳- بیروباوەڕی بوذیەکان دەربارەی (ڕۆح) واتە (گیان):

بوذیەکان باوەڕیان وایە: کاتێ یە کێ دەمرێ و ڕۆحی دەردەچێ، ئەم ڕۆحەی دەچێتە ناو لاشەی کەسێکەوە کە تازە هاتبێتە دنیاوەو لەدایك بووبێت، پاشان ئەو ڕۆحەی کە لەلاشەی مرۆڤەکان دەڕوات دەچێتەوە لاشەی کەسانی ترو ئاوا بەو شێوەیە ڕۆحەکان لە نێوان خەڵکیدا دەگوێزرێنەوە، بەڵێ ئەم باوەڕە بێ ئاوەڕۆك و فشەڵەشیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە باوەڕیان بە زیندوو بوونەوەو بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزا نیە.

---

(۱) لە ڕاستیدا (بوذا) خۆی ناوی ((سدهارتا جوتاما)) یە و ووشەی بوزا لە قەبێکە بۆ ئەو کابرایە بەکار دەهێنرێت، کە (بوذا) بە مانای ((العالم)) واتە: زانا دێت، وەهەروەها نازناوی ((بسکیامونی)) شی لێنراوە کە بەواتای (مانەوە لە خەڵوەتدا)) (معتكف) دێت سەرچاوە. الموسوعة السيرة في الأديان والمذاهب المعاصرة (ص: ۱۰۷).

بێگومان ئەم بیروباوەڕەیان دەربارەی ڕۆح زۆر هەڵەیەو دژی فەرموودەی خوای گەورەو پێغەمبەر (ﷺ) چونکە مرۆڤ کاتێ دەمرێت ئەو ڕۆحەی بەرەو جیهانی (بەرزەخ) دەڕوات، ئەگەر ڕۆحێکی پاك بووبێت لە دنیاداو خوا پەرست بووبێت ئەوە تا ڕۆژی قیامەت لە خۆشیی و حەوانەوەدا دەژی، خۆ ئەگەر ڕۆحێکی پیس و دوور لە خواو تاوان باریش بووبێت ئەوە تا ڕۆژی قیامەت لە ئەشکەنجەو ئازاردا دەبێت.

٤- بیروباوەڕی بوذیەکان دەربارەی یاسا چینایەتیەکان (النظام الطبقات):

(بوذیەکان بەو پەڕی توندو تیژیەوە بەرەنگاری یاسا چینایەتیەکان دەبنەوەو دژی دەوەستن، بوذیەکان دەڵێن: دەبێت هەمو خەڵکی وەکو یەك بژیو کەس لەکەس زیاتری نەبێت و هەموو خەڵك یەك جۆر جل لەبەربکەن و یەك خواردن بخۆن و یەك ماندوێتی ببینن و یەك جۆر ئەرکیان بەسەردا بدرێت ویەك جۆر ژیانیان هەبێت بەقە دەر یەکتری پارەیان هەبێت؟!

ئایا ئەم یەکسانیەی ئەمان داوای دەکەن لەگەڵ فطرەت و دەروونی مرۆڤەکاندا دەگونجێ یان دژایەتی هەیە؟! لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم بیروباوەڕەیان لەگەڵ ڕەوشت و ناخی انساندا دژایەتیەکی گەورەی هەیەو هەرگیز لە جیهانی واقعدا جێبەجێ ناکرێت، بەڵگەشمان لەسەر ئەم ڕایە (مێژووی ٧٠ ساڵەی مارکسیەکانی یەکیەتی سۆڤیەتە) کە شیوعیەکان هەمان باوەڕیان هەبوو دەیان ووت دەبێت مرۆڤەکان لە کارو مافدا یەکسان بن بەڵام سەرەنجام شیوعیەت بەرهەمی فکری (٧٠) ساڵەی گەیشت بەڕوخان و ڕسوا بوون لەجیهانداو لای کەس بایەخی نەما، چونکە ئەوەی (بوذیەکان) لەکۆنداو (مارکسی) یەکان لەم سەردەمەدا خەڵکیان بۆ بانگ دەکرد لەگەڵ ویست و فطرەت و خۆزگەی خەڵکیدا نەدەگونجا، بەڵێ: خوای گەورە مرۆڤەکانی بە شێوەیەك دروست کردوە کە لەگوفتارو کردارو شتە ناوکی و سروشتیەکاندا جیاوازن بۆ مەبەستی ئازادی بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی ئەو شتەی کە مرۆڤەکان خۆیان پێیان خۆشە نەك خەڵکانی غەیری خۆیان، هەروەها لە دنیادا ئەوەی زیاتر هەوڵ بداتو ماندو ببێت ئەوە مافی خۆیەتی ئەو کەسە دەوڵەمەندترو خاوەن دارایی تر بێت کە هەوڵ نادات و ماندو نابێت.

قورئانیش لەم بارەیەوە دەفەرمووێت:

﴿والله فضل بعضكم على بعض في الرزق﴾ (النحل:٧١).

واتە: پەروەردگار فەضلی هەندێکی تری داوە بەسەر هەندێکی تردا لە بواری ڕزق و ڕۆزیدا.

٥- بیروباوەڕی بوذیەکان دەربارەی کارکردن و هەوڵ دان:

(بوذیەکان بە هۆی هەڵبژاردنی ژیانی کەنارگیرو دوور لە خەڵکی و وازهێنان لە دنیاو خۆشیەکانی توشی گەورەترین ڕۆچوون و هەڵە بوون کە بریتی یە لە دەست پان کردنەوەو داواکردنی یارمەتی و کۆمەك لە خەڵکی، ئەمیش بەهۆی تەمەڵی و بێتوانای کارکردن و هەوڵ دانیان، بێگومان ئەم بیروباوەڕەشیان دژایەتی گەورەی هەیە لەگەڵ فطرەتی ئینسانەکانداو پاشان لەگەڵ یاسا نەگۆڕو بڕیار لەسەر دراوەکانی خوای پەروەردگاردا، چونکە مرۆڤ بێکارکردن و هەوڵ دان ناتوانێت بژێت و ژیانی بەردەوام بەسەر بەرێت، بەڵێ خوای گەورەو پێغەمبەریش داوای کارکردنیان لێ کردووین و هانمان دەدەن کە بەرەنجی شانی خۆمان کار بکەین و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان دابین بکەین.

تیشکێك لەسەر عەقیدەی بەدکاری بوذیەکان

بێگومان بوذیەکان جگە لەو چەند خاڵەی کەلەوەوپێش باسمان کرد چەند بیروباوەڕێکی سەیرو بێ ناوەرۆکی تریان هەیە کەبە هۆیەوە توشی (شرك و کوفرو ڕۆچوون) بوون کە بەرچاوترین و سەرەکی ترینیان بریتی یە لە:

١- بوذیەکان باوەڕیان وایە کە (بوذا) خوایە (والعیاذ بالله).

٢- بوذیەکان دەڵێن: کاتێ (بوذا) لەدایك بوو سەرجەم سەربازەکانی ئاسمان ئاشنا بوون و مەلائیکەتەکان دەستیان بە وتنی گۆرانی و نەشیدکرد لە تاو خۆشەویستی لەدایك بوونی (بوذا).

٣- شوێن کەوتووەکانی(بوذا) دەڵێن: کاتێ بوذا مرد کاری گرنگی لەسەر زەوی تەواوکردو سەرکەوت بۆ ئاسمانەکان؟!

٤- بوذیەکان باوەڕیان وایە کە (بوذا) جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر زەوی بۆ مەبەستی سەقام گیرکردن و بڵاوکردنەوەی ئاشتی و برایەتی لە نێوان خەڵکی سەر زەویدا!!؟

<u>پرسیار</u>/ ئایا بوذیەکان چەند کۆمەڵ و مەذهەبن؟!

<u>وەڵام</u> / بێگومان بوذیەکان لە ناو خۆیاندا دوو کۆمەڵ و دوو مەزهەبن کە بریتین لە:

١- کۆمەڵێکیان زۆر پەیوەستن بە سەرجەم یاساکانی دینی بوذاوە وە سیەتەکانی یەوە.

٢- کۆمەڵی دووەمیان پێیان دەوترێت (المتدنیون):

ئەم کۆمەڵەیان لە کۆمەڵی یەکەمیان ناکات و شل گیرن لە یاساو وەسیەتەکانی (بوذا) و لە هەندێ کات و حاڵەتدا کەم تەرخەمی لە جێبەجێکردنیدا دەکەن.

هەروەها بوذیەكان دوو (مەزهەبی) سەرەكیشیان هەیە كە بریتین لە :

(۱) مەزهـــەبی شمـــالی: شـــوێن كـــەوتوانی ئـــەم مەذهەبـــە زۆر ڕۆچـــون لـــە خۆشەویستی و بەگەورەدانانی بوذا تا ئەو پلەیەی كە بە خوای دەزانن!!

(۲) مەزهەبی جنوبی: شوێن كەوتوانی ئەم مەذهەبە وەك كۆمەڵی یەكەم نین و خۆشەویستیان بۆ (بوذا) كەم ترەو بە خوای نازانن!!

شوێن و وڵاتی بوذیەكان لە جیهاندا

بوذیەكان لە جیهاندا بڵاوبونەتەوەو بەتایبەتی لە ناو گەلانی ئاسیادا، وە زۆرترین شوێن كەوتوی ئەم ڕێچكەیە بریتی یە لە وڵاتانی:

((هیندستان، صین، یابان، نیبال، سیلان، بورما، كوریا، ئەندۆنیسیا، مەنغۆلیا، كەمبۆدیا، تایلاندو چەند وڵاتێكی تری جیهان)).

حوكمی ئیسلام دەربارەی بوذاو بوذیەكان

هەروەك چۆن لە بەندی یەكەم و دووەمی ئەم نامیلكەیەدا حوكمی ئیسلاممان دەربارەی هەر دوو بیردۆزو ڕێچكەی (علمانیەت و تەبشیر) خستە ڕوو، ئاواش بەم جۆرە حەز دەكەم حوكمی ئیسلام دەربارەی ڕێچكەی بوذیەت و بوذیەكان بخەمە ڕوو بۆ مەبەستی هۆشیاربوونەوەو وریا بوونەوەی موسڵمانان دەربارەی ئەم ڕێچكە بت پەرستە.

۱- حوكمی ئیسلام دەربارەی بوذیەت:

قورئان فێری یاسایەكی نەگۆڕمان دەكات و پێمان دەڵێت:

((هەر بیروباوەڕو بیردۆزو دینێك سەرچاوەكەی نەگەڕایەوە سەر وتەی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی ئەوە ئەو بیروباوەڕو دینە دەبێتە ڕێچكەیەكی جاهلی و گومڕاكەر.

كەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە ڕێچكەی بوذیەت بەكێشانەی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كێشانە بكەین ئەوە لە ئەنجام دا دەگەینە ئەم چەند حوكم و بڕیارە:

أ) بوذیەت گەر دینیش بێت و خەڵكی بۆ یەكتا پەرستی و ناسینی خوای گەورە بانگ بكات ئەوە بە هاتنی دینی ئیسلام نەسخ دەبێتەوەو كاری نامێنێ چونكە ئیسلام

دینی کۆتاییەو بۆ سەرجەم خەڵکی سەر زەوی بەبێ جیاوازی.

کەواتە بەپێی ئەم یاسایە بوذیەت کاری نەماوەو دروست نیە کە خەڵکی شوێنی بکەون چونکە لە دینی بوذیەت زۆر باشتر هەیە کە ئیسلامەو سەرجەم لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوەو لە هەموو کات و سەردەمێکدا یاساکانی جێبەجێ دەکرێت.

ب) بە پێناسە کردن و لێ کۆڵینەوە دەربارەی بوذیەت ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرکەوت کە (بوذیەت) دین نیەو خوای گەورە نەی ناردووە، هەروەها (بوذا) ش کەسێکی هەڵبژاردەی خوا نەبووە لە ناو بەندەکانداو پێغەمبەر نەبووە، بەڵێ ج (بوذا) ج (یاساکانی بەرنامەی بوذیەت) لەلایەن خوای گەورەوە نەهاتووە، بەڵکو (بوذیەت) ڕێچکەیەکی دروست کراوی دەستی مرۆڤەکانەو بە ئارەزووی خۆیان یاساو بەرنامەیان بۆ داناوە.

کەواتە بە هیچ جۆرێك ئیسلام ڕازی نیە بە بوونی ئەم ڕێچکە بت پەرست و گومڕاچیە، بەڵکو ئیسلام بە بیرو باوەڕێکی جاهلی دەزانێ و شوێن کەوتوانیشی بە گومڕا سەیر دەکات.

٢- حوکمی ئیسلام دەربارەی شوێن کەوتوانی بوذیەت:

حوکمی ئیسلام دەربارەی بوذیەکان: سەرجەم زانایان ڕایان لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر هەرکەسێ انکاری لە یەکێ لە یاساکانی ئیسلام کردو وتی ئەو حەرامە حەلاڵە یان فلانە شت نەدەبوو وابوایەو دەبو ئاوا بوایە یان انکاری لە بنەما عەقیدیەکان بکات ئەوە بێگومان ئەو کەسە لە ئیسلام دەچێتە دەرەوەو بێ باوەڕ دەبێت، کەواتە ئێستا حوکمی ئیسلام دەربارەی بوذیەکان ئا بەم جۆرەیە:

أ) بوذیەکان مشرکن چونکە کڕنوش بۆ پەیکەری بوذا دەبەن هەروەك چۆن لەسەرەتادا مشرکەکانی مەککە کڕنوشیان بۆ (هبل و لات و عوزاو منات) دەبرد، خوای گەورەش لە (شرك) خۆش نابێت بە هیچ شێوەیەك وەك دەفەرموێت:

﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء﴾.

واتە: خوای گەورە هەرگیز لە تاوانی شرك خۆش نابێت و لە گوناهەکانی تری غەیری شرك خۆش دەبێت گەر ئارەزوی لێبێت؟

ب) بوذیەکان بێ باوەڕن (کافر) چونکە انکاری زیندوو بوونەوەو حساب و بەهەشت و دۆزەخ دەکەن، هەروەك لەسەرەتادا باسێکی بیروباوەڕو بەرنامەیانمان نوسی.

ج) بوذیەکان گومڕان چونکە ڕێی ڕاستیان وون کردووەو تا ئێستاش کڕنوش بۆ بت دەبەن و خوای گەورەیان وون کردووە.

د) بوذیەکان کۆنەپەرستن چونکە هەمان کاری گەلەکەی (ابراهیم و نوح و موسا و عیسا و پێغەمبەر) دەکەن و کڕنوش بۆ بت دەبەن، بەڕاستی هەر پێغەمبەرێك بۆ هەر گەلێك ڕەوانە کرابێت دەست بە جێ باسێکی چڕو پڕی عەقیدەو یەکتا پەرستی و یەك خواناسی بۆ خەڵکی کردووە تا خەڵکی لە بت پەرستی و چڵکاوی نەفامی دەربهێنن و لەو کۆنەپەرستی و گومڕاییە ڕزگاریان بکەن.

هـ) بوذیەکان ستەم کار (ظالم)ن. چونکە سیفەتی خوای گەورەیان داوەتە پەیکەرێك کە بەدەستی خۆیان دروست یان کردووە، بێ گومان بە هۆی ئەم کارەشیانەوە مشرك بوون خوای گەرەش لەسەر زمانی لوقمانەوە کاتێ ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات دەفەرمووێت: ﴿یا بني لا تشرك بالله ان الشرك لظلم عظیم﴾..واتە: ئەی کوڕی شیرینم هاوەڵ بۆ خوای گەورە پەیدا مەکە چونکە هاوەڵ دانان بۆ خوای گەورە ستەمێکی زۆر گەورەیە.

دوا ووتەو دوا ئامۆژگاری

لە کۆتاباسی ئەم نامیلەیەدا حەز دەکەم دوا ووتەی خۆم پێشکەش بە خوێنەرانی ئازیز بکەم و وەك برایەکی دڵسۆز پێ ی بڵێم:

((خوێنەری بەڕێز ئەمەی باسمان کرد توێژینەوەیەکی زانستی و حەقیقی بوو دەربارەی هەرسێ ڕێچکەی (عیلمانیەت و تەبشیرو بوذیەت) کە مەبەستی سەرەکی هەریەك لەم سێ ڕێچکەیە بریتی یە لە سڕاند نەوەی بیری یەکتا پەرستی و یەك خواناسی لە دڵی مرۆڤەکانداو داڕنینی سەرجەم بەها ڕەوشتیەکان، بەڵێ تێگەیشتین لەم ڕێچکانە مرۆڤ ئاگادارو هۆشیار دەکات بە ژیانی دنیاو ناسینی دۆست و دوژمنی خۆی.

لە کۆتایدا ئامۆژگاریم بۆ تۆی بەڕێز ئەوەیە کە تەنها شوێن ڕێبازی بەرزی ئیسلام بکەوەو تەنها پەروەردگار بە خوای خۆت بزانەو تەنها پێغەمبەر (ﷺ) بەڕابەرو پێشەنگی کاروانی ژیانت بزانەو گەر تا ئێستاش ئیسلام و ڕێگەی ڕاستت نەناسیوە ئەوە ئێستا بیناسەو لێ ی تێ بگە.

((ذاق طعم الأیمان من رضي بالله رباً وبمحمد رسولاً وبالأسلام دیناً)) (رواه مسلم)

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین.

تم بحمد الله اللطیف الخبیر.

١ / ٦ / ١٩٩٨ ز

٦ / صفر/ ١٤١٨ ك

ناوەرۆک

لاپەڕە | **بابەت**

پێشەکی........................ .... ٢

بەندی یەکەم

علمانیەت ٤
سەرەتای هەڵدانی (سەرهەڵدانی) علمانیەت لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا ٥
هۆکاری سەرهەڵدانی علمانیەت لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا ٥
ئیسلام لەهەموو بوارەکانی ژیانی ئینسان یاساو دەستووری تایبەتی خۆی داناوە ٩
ئیسلام خەڵکی هان دەدات لەسەر داهێنان و تازەگەری................................ ٩
ئیسلام دینی زانستە ١٠
ئیسلام دینی دنیاو پاشەڕۆژە.................................... .... ١٠
فەشەلی علمانیەت لەوڵاتانی ئیسلامیدا ١٣
فکرەو بۆچوونی علمانیەکان لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا ١٧
هۆکاری سەرهەڵدانی علمانیەت لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ٢٠
هەڵوێستی علمانیەکان دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامی ٢٥
هەڵوێستی علمانیەکان دەربارەی پەرستنی خوای گەورە ٢٦
هەڵوێستی علمانیەکان دەربارەی خوڕەوشت..................................... ٢٧
یاساکانی شەریعەتی ئیسلام لەنێوان جێ بەجێ کردن و دروشمی خەیاڵیدا....... ٣٥
چەند تایبەتمەندیەك لەبناغەکانی یاسای ئیسلام ٤٠
نموونەی چەند تاقی کردنەوەیەکی مێژوویی لە جێ بەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام دا.... ٤٢

حوكمی ئیسلام دەربارەی علمانیەت و علمانی‌یەکان.................................. ٤٧

بەندی دووەم

تەبشیر ٥١
پێناسەی تەبشیر.................................. .... ٥٢
ئەو ڕێگایانەی تەبشیر بەکاری دەهێنێت بۆ بەمەسیحی کردنی خەڵکی............ ٥٥
هۆکاری بڵاو بوونەوەی جوڵەی (تبشیر) لەوڵاتانی ئیسلامیدا ٥٧
حوکمی ئیسلام دەربارەی جوڵەی تەبشیرو بەمەسیحی کردن............................ ٦١

بەندی سێیەم

بوزیەت........................... .... ٦٤
پێناسەی بوزیەت.................................. .... ٦٤
تیشکێك لەسەر عەقیدەی بەدکاری بوزیەت.............................. .... ٦٧
شوێن و وڵاتی بوزیەکان لەجیهان دا ٦٨
حوکمی ئیسلام دەربارەی بوزاو بوزیەکان.. ٦٨
دواووتەو ئامۆژگاری ٧٠
ناوەڕۆك ٧١

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لەم کتێبەدا

❁ بەندی یەکەمی ئەم کتێبە دەدوێ دەربارەی بیردۆزی علمانیەت و ئەم بابەتانەی خوارەوە ...

- پێناسەی ووشەی (علمانی)
- هۆکاری سەرهەڵدانی علمانی لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا .
- بیروباوەڕی علمانیەکان لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا .
- کاریگەری باوەڕی علمانیەکان لەسەر تاك و کۆمەڵی خەڵکی ڕۆژئاوا.
- هۆکاری سەرهەڵدانی علمانیەت لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.
- بیروباوەڕی علمانیەکان لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.
- چەند بەلگەیەکی واقعی و ژیرانە لەسەر فەشەلی بیرۆکەی علمانیەت لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا .
- حوکمی ئیسلام دەربارەی ڕێچکەی گومڕاکەری علمانی و شوێن کەوتوانیان .

❁ بەندی دووەم دەدوێ دەربارەی جوڵەی بەمەسیحی کردنی خەڵکی کە بە (التبشیر) ناسراوە ، ئەمیش چەندین باس و بابەتی گرنگ و جۆراو جۆر ی لە خۆ گرتووە هەر لە پێناسەی (تبشیر) و کاتی دروست بوون و ئامانج و ڕێگەکانیان بۆیە مەسیحی کردنی خەڵکی و چەندین بابەتی تر.

❁ کۆتا بەندی ئەم کتێبە کە بەندی سێهەمیەتی دەدوێ دەربارەی ڕێچگەی (بوزیەت) و ناوی دامەزرێنەری و بیروباوەڕو چەند باسێکی تر .

ژمارەی سپاردن (   )ی پێ دراوە ساڵی ١٩٩٩زایینی

مافی چاپ پارێزراوە